دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٤٥

www. kurdistanukurd.com

پێنج شەممە ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٨٩ . ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



نائەمن کردنی کوردستان لە قازانجی کێ دایە؟ ٣

سیاسی



ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان ٤

کوردستانی



وتووێژێکی تایبەت لە گەڵ خالید شوانی ٧

بیرورای ئازاد



دەسەڵات نوێنیی ئێران ٨

«مستەفا مەولوودی»، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

# کۆماری ئیسلامی دەیەوێ هەستی ئایینی خەڵکی ناوچەکە دژی کورد بورووژێنێ




مستەفا مەولوودی

**کوردستان . بەشی سیاسی:** «مستەفا مەولوودی» لە لێدوانێکی تایبەتدا لەمەڕ ئەو هێرشانەی کە کۆماری ئیسلامی لە میدیاکانی خۆیەوە دەیکاتە سەر هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی ڕاگەیاند کە کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی لاواز کردنی پێگەی کورد دەیەوێ هەستی ئایینی خەڵکی ناوچەکە دژی کورد بورووژێنێ.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئاماژە بەوەی ڕوخانی ڕێژیمی بەعس بە قازانجی خەڵکی عێراق و کۆماری ئیسلامی و ناوچەکە بووە لە سەر ئەو باوەڕەیە کە پاش نەمانی بەعس پێگەی کورد لە ناوچەکەدا بەهێزتر بووە و کۆماری ئیسلامیش ئەمە بە مەترسییەک بۆ سەر خۆی دەزانێ بۆیە لە هەموو ڕێگایەک بۆ لاواز کردنی کەڵک وەردەگرێ.

ئەم ئەندامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە درێژەدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای جۆراجۆری وەک میدیاکان، سوپای قودس، ئابووری و.. هەوڵ دەدا کە دەستێوەردانە لە کاروباری عێراق بە گشتیی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی بکا.

**بۆ لاپەڕە ٢**

## یارانەکان و ئاژاوەگێڕیی ئابووری

عەبدوڵڵا بەهرامی

سەرەنجام دوای چەند مانگ ململانە لە نێوان دەوڵەت و مەجلیس دا لەسەر شێوەی جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان، ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی ڕەزبەر ئەم گەڵاڵەیە چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەو پێیە کە گەڵاڵەی ئامانجدار کردنی یارانەکان نیگەرانییەکی زۆری لەلای کارناسانی ئابووری و بە تایبەت خەڵک دروست کردوە. بەم پێیە ئەوە کە خەڵک بە هۆی گرانیی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری کاڵا و پێداویستییە سەرەکییەکانی بکەونە ژێر فشارەوە نەک دوور لە چاوەڕوانی نیە، بەڵکوو چاوەڕوان کراوە. بەڵام لەم نێوەدا تەنیا شتێک کە کاربەدەستانی دەوڵەت و دامودەزگا ئەمنییەتی و نیزامی و ئیتلاعاتییەکانی نیگەران کردوە، دروست بوونی ناڕەزایەتیی خەڵک لەم دۆخە نالەبارە ئابوورییەیە کە جێبەجێ بوونی گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان ئەوەندەی دیکەش تووشی هەڵاوسانی دەکا. بۆیە هەر چەند ڕۆژ جارێک یەکێک لە بەرپرسانی ئەو دامودەزگا سەرکوتکەرانە بۆ ئەوەی هەڕەشەیان لە خەڵک کردبێ، باس لە ئاژاوەگێڕیی ئابووریی بێگانەکان لەکاتی جێبەجێکردنی گەڵاڵەی یارانەکان دا دەکەن. لەم نێوە دا فەرماندەی هێزی ئینتزامی لە چەند حەوتوو لەوە پێشەوە باس لە ئەگەری دروست بوونی بە وتەی خۆی ئاژاوەی ئابووری دەکا تەنانەت لەم ڕۆژانەش دا باسی لەوە کردوە لەوانەیە تووشی حاڵەتێکی وەک پشکبەندی کردنی «بێنزین» بینەوە.

هەڕەشەکانی دامودەزگا سەرکوتکەرەکان هەر بەوەندە کۆتایی نەهاتوە و لە زیاد بوون دایە. هاوکات لە گەڵ ئەوەدا کە دەوڵەت لە سێ پارێزگا یارانە نەغدەکانی خستە حیسابی سەرپەرستی بنەماڵەکانەوە، عەلەوی یەکێک لە بەرپرسانی پایەبەرزی وەزارەتی ئیتلاعات لە کۆبوونەوەی شوورای دەزگا چاوەدێریکارەکانی وڵات دا ڕایگەیاند: ئەمڕۆ دوژمن دوای بێ هیوا بوون لە بوارە سیاسی و نیزامی و فەرهەنگییەکان، ئابووریی کردۆتە ئامانج. ئەو هەروەها گوتی بابەتی ئامانجدار کردنی یارانەکان پرسێکی گرنگە کە دوژمن زۆری گرنگی پێداوە و بەرنامەی بۆ داڕشتوە.

هەر لە درێژەی ئەم هەڕەشانەدا حسێن شەریعەتمەداری نوێنەری خامنەیی لە ڕۆژنامەی کەیهانیش لە سەروتاری ڕۆژی سێ شەممەی خۆی دا باسی لەوە کردوە کە دوژمنی دەرەکی دەیەوێ کەڵکی خراپ لە جێبەجێ بوونی قۆناخە سەرەتاییەکانی گەڵاڵەی ئامانجدار کردنی یارانەکان وەرگرێ، چونکە سروشتییە هێندێک گرفتی سەرەتایی هەبێ.

ئەمجۆرە لێدوانە هەڕەشەئامێزانەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەوانیش پێشبینی ئەوە دەکەن کە لە ئاکامی ئەم گەڵاڵەیەی دەوڵەت دا گرانی و هەڵاوسانێکی زۆر بازاڕەکانی وڵات داگرێ و لە ئاکام دا ناڕەزایەتیی جەماوەریی خەڵکی لێ بکەوێتەوە. بۆیە لەم پێوەندییەش دا وەک هەر بابەتێکی دیکە پرسی پیلان و ئاژاوەگێڕیی بێگانەکان دێننە گۆڕێ و دەیانەوێ ئەو زەینیەتە دروست بکەن کە ئەگەر لە ئاکامی جێبەجێ کرانی ئەم گەڵاڵەیەدا ناڕەزایەتییەکی جەماوەری سەری هەڵدا ئەوە پیلان و ئاژاوەگێڕیی بێگانەکانە و پێویستە بە توندترین شێوە سەرکوت بکرێ.

لە پێوەندی لەگەڵ سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی لە هەڵاوسان و گرانی دا چەند هۆکار دەتوانن دەوری گرینگیان هەبێ.

**بۆ لاپەڕە ٢**

## مەرجەعە تەقلیدەکانی شیعە نەچوونە پێشوازیی خامەنەیی

لەکاتی سەردانی خامنەیی بۆ شاری قوم هیچ یەک لە مەرجەعە تەقلیدەکان پێشوازیان لە ناوبراو نەکرد.

بەپێی هەواڵێک کە ماڵپەری جەرەس بڵاوی کردۆتەوە ئەوانەی پێشوازیان لە خامنەیی کردوە چەند کەسێکی وەک شاهردوودی، عەلەوی گورگانی، محەممەدی یەزدی و مەسعوودی خومەینی و چەند کەسێکی پلەنزمی ئایینی دیکە بوون کە لە پێشوازییەکەدا بەشدار بوون.

هەواڵدەری جەرەس کە نزیکە لە میرحسین مووسەوی هەروەها بڵاوی کردۆتەوە کە لە ڕێوڕەسمی پێشوازیکردندا، ئەو کەسانەی بەشداریشیان کرد بەتایبەت لە ناو ئاپۆرای خەڵکدا، بەشێکی بەرچاویان لە فەقێکانی قووم بوون کە وێڕای بەشێکی دیکەی خەڵک کە لەو ڕۆژەدا لە شاری قوم هەموو کارەکان تەعتیل کرابوو، بەشدار بوون. ماڵپەری جەرەس باسی لەوەکردوە کە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو کارێک کرا کە ئەو ماشینەی خامنەیی دەگواستەوە ٤٥ دەقیقە درەنگتر گەیشتە ئەو شوێنەی مەبەست بوو، تاوەکوو وانیشان بدەن کە خۆشەویستی خامنەیی لای خەڵک کارێکی کرد کە ئەو کێشەیە درووست ببێ.




بان کی مون:

## بارودۆخی لوبنان دوای سەفەری ئەحمەدی نژاد ئاڵۆز بووە

سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نیگەرانیی خۆی لە بارودۆخی لوبنان لەدوای سەفەری ئەحمەدینژاد بۆ ئەو وڵاتە دەربڕیوە.

ئاژانسەکانی هەواڵ لەم پێوەندییەدا بڵاویان کردۆتەوە کە دوای سەردانە پڕ لەهەراو هوریاکەی ئەحمەدینژاد بۆ لوبنان، بانکی موون سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێک دا نیگەرانی خۆی لە بارودۆخی لوبنان دەربڕیوەو بە ناوچەیەکی پڕ ئاڵۆزی ناوبردوە، لەم ڕاپۆرتەدا بانکی مۆن بوونی هێزە توندڕەوەکان و پشتیوانییەکانی ئێرانی بەیەکێک لە هۆکارەکانی نائەمنی ناوچەکە ناوبردوە.

بانکی مۆن لەم ڕاپۆرتەیدا ڕایگەیاندووە کە بارودۆخی لوبنان جێی نیگەرانیەو پەرەسەندنی کێشە سیاسیەکان دەتوانێ ببێتە هۆی نائارامی و زیادبوونی کێشەکان لەو وڵاتەو هەموو وڵاتانی ناوچەکە، ئەگەر ئەوە ڕوو بدات ئێران یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەو کێشەیەیە.

بانکی مون هەروەها ڕایگەیاندووە کە پشتیوانی وڵاتانی دراوسێ لە دەوڵەتی ئیئتلافی لوبنان دەتوانێ پێشگیری لە پەرەسەندنی نائارامی بکاو داوای لە وڵاتانی ناوچەکەشکرد کە خۆیان ببوێرن لە گرووپە توندڕەوەکان و بێ هێزکردنی دەوڵەتی لووبنان.

هەر لەو پێوەندییەدا ڕۆژی چوارشەمە ئیئتلافی ١٤ی مارس لە بەیاننامەیەکدا ڕەخنەی لە شێوازی پێشوازی کردن لە ئەحمەدینژاد گرت و ڕایگەیاند ئەو شێوازە پێشوازی کردنە پێچەوانەی سەروەری دەوڵەتی لوبنانە.



## داخرانی ناوەندی بازرگانیی ئێران لە هەولێر

ناوەندی بازرگانیی ئێران لە هەولێر بە بڕیاری بەرپرسانی ئاسایشی حکوومەتی هەرێم داخرا.

بە بڕیاری ئیدارەی ئاسایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی دووشەممە ٢٦ ی ڕەزبەر ناوەندی بازرگانیی ئێران لە هەولێر وریا کراوەتەوە کە کۆتایی بە چالاکییەکانی لە هەرێمی کوردستان بێنێ.

بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی پەیامنێر، ئیدارەی ئاسایشی حکوومەتی هەرێم ڕۆژی دووشەممە لە بڕیارێکدا ٢٤ کاتژمێری دەرفەت بە ناوەندی بازرگانیی ئێران لە هەولێر داوە کە کۆتایی بە چالاکییەکانی لە هەرێمی کوردستان دا بهێنێ و دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوە دیاری کراوە ئەو ناوەندە ئێرانییە لە لایەن ئیدارەی ئاسایشەوە داخرا.

ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی وەزارەتی بازرگانیی حکوومەتی هەرێم لە وتووێژ لە گەڵ هەواڵدەریی « وارڤین» وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەم هەواڵە ڕایگەیاندوە کە ناوەندی بازرگانیی ئێران لە هەرێمی کوردستان ئیزنی چالاکیی نەبووە و بە شێوەی نایاسایی کاری کردوە.

بەرپرسی ئیدارەی ئاسایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش هۆکاری داخرانی ناوەندی بازرگانیی ئێرانی بۆ نەبوونی مۆڵەتی چالاکی گەڕاندەوە.




## زاڵبوونی بارودۆخی ئەمنی بەسەر شارەکانی کوردستان دا

بە دوای دەرگیری لە نێو شاری سنەدا لە ماوەی یەک هەفتەی ڕابردوودا کەشێکی ئەمنییەتی بە سەر شارەکانی کوردستان دا زاڵە.

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری هەرانا دوابەدوای تێکهەڵچوونەکانی شاری سنە لە هەفتەی ڕابردوودا هێزەکانی یەگانی تایبەتی هێزی ئینتزامی لە ناو شارەکانی کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە و زۆربەی شەقام و مەیدانەکانی سەرەکیی ئەم شارانە لە ژێر کۆنترۆلی قورسی ئەم هێزانە دایە. هێزەکانی ئینتزامی بە پۆشینی جلی گوللە نەبڕ و سوار بە ماتۆر و ماشین لە ناو شاردا دەگەڕێن و بە دانانی خاڵی پشکنین لە شەودا جموجۆڵی هاووڵاتییانیان خستووەتە ژێر کونترۆڵ. دەوترێ کە ئەم کەشوهەوا ئەمنییەتییە بووەتە هۆی ترس و تۆقاندنی خەڵک.

شایانی باسە هەر لەو ماوەیەدا چەندین هاووڵاتی دەسبەسەر کراون کە لەوانە دەکرێ ئاماژە بە دەسبەسەرکرانی ئەمین مەدەنی ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری هەفتەنامەی کەرەفتووبکرێ.



## کۆچی دوایی سکرتێری پارتی یەکیەتیی دیموکراتی کورد لە سووریە



٢٦ ی رەزبەر ئیسماعیل عومەر سکتی یەکیەتیی دیموکراتی کورد لە سووریە کۆچی دوایی کرد.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی یەکیەتیی دیموکراتی کورد لە سووریە کە لە هەرێمی کوردستاندا جێگیرە، لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی پەیامنێری راگەیاندوە کە کاتژمێر١ی ٢٦ /٨٩/٧/ ئیسماعیل عومەر، سکرتێری پارتی یەکیەتیی دیموکراتی کورد لە سووریە، لە تەمەنی٦٥ ساڵی داو بە هۆی سەکتەی مێشکەوە، لە نەخۆخشخانەی نیشتیمانی لە شاری قامیشلۆو لە رۆژئاوای کوردستان کۆچی دوایی کرد.

جێی ئاماژەیە، ئیسماعیل عومەر لە ساڵی ١٩٨٨ەوە تا ئێستا سکرتێری پارتی یەکیەتیی دیموکراتی کورد لە سووریە بووە.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی یەکیەتیی دیموکراتی کورد لە سووریە، روونی کردەوە کە تەرمی ئیسماعیل عومەر ئەورۆ لە شاری قامیشلۆ و لە رێورەسمێکی تایبەت دا بەخاک دەسپێردرێ.

رۆحی شادو رێگای خەباتی پڕ رێبواربێ

.

## کۆتایی دەورەی ١٩٤ ی سەرەتایی پێشمەرگە

بە کۆتایی هاتنی دەورەی ١٩٤ ی سەرەتایی پێشمەرگە پۆلێکی دیکەش لە لاوانی کورد بە رەسمی پێوەست بە ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوون.

هەر بەو بۆنەیەوە لە رێورەسمێک



دا کە پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنجشەممە، ٢٩ ی رەزبەر بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سالۆنی بۆنە و رێورەسمەکانی حیزبی دێموکرات دا بەڕێوە چوو، کۆتایی ئەو دەورەیە راگەیەندراو ، شانازیی پێشمەرگە بوون بە بەشدارانی دەورەی ١٩٤ بەخشرا.

لە سەرەتای ئەو رێورەسمە دا خاتوو سوێلا قادری، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندیی حدک وێڕای پیرۆزبایی کردن لە بەشدارانی ئەو دەورەیە رایگەیاند کە لە قۆناغی ئێستای خەباتی نەتەوایەتیمان دا نەتەوە و شۆرشەکەمان زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستی بە خەباتکار و پێشمەرگە هەیە.

سویلا قادری لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئاماژەی بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ لاواز کردن و کوشتنی بیری نەتەوەیی و خەباتگێڕی لە نێو بیر و دڵی لاوانی کورد دا کرد و باسی ئەوەی کرد کە کۆماری ئیسلامی بە پەرەپێدان بە دیاردەی ئێعتیاد لە کوردستان بە بێدەنگی ئەو سیاسەتەی دەباتە پێشێ و ئەوەش بەرەنگاری و وشیاریی لاوانی کورد بۆ مایەپووچ کردنەوەی ئەو سیاسەتەی رێژیم دەخوازێ.

لە نێوئاخنی بەرنامەکانی ئەو رێورەسمەدا چەند برگەیەکی هونەری وەک سروود و گۆرانی پێشکێش کران و پەیامی کۆتایی دەورەش لە لایەن یەکێک لە بەشدارانەوە خوێندرایەوە.

دوایین بەشی ئەو رێورەسمە دابەشکردنی خەڵات بە سەر کەسانی سەرکەوتووی دەورەکە بوو کە لەو بەشەش دا سەرکەوتووانی دەورە خەڵاتی رێزلێنانی خۆیان لە دەستی هاورێیان ئەحمەد نستانی و رەحیم پەرشەیی وەرگرت.

## وەزیری پەروەردە و فێرکردن:
## رێژەی تووشبوانی مادە سڕکەرەکان لە قوتابخانەکان زیاتر لە پادگانەکانە

وەزیری پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاشکرای کردوە کە ئاماری تووشبوانی مادە سڕکەرەکان لە قوتابخانەکان زۆر زیاتر لە ئەژماری موعتادەکان لە پادگانەکانە.

حاجی بابایی، وەزیری پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وڵامی یەکێک لە بەرپرسانی ستادی بە ناو خەبات دژی مادە سڕکەرەکان لە مەڕ ئێعتیاد لە قوتابخانەکاندا ئاشکرای کرد کە ئەو دیاردەیە لە قوتابخانەکان دا تەقیوەتەوە، بەڵام لەم رۆژانە دا پێویست ناکا لەم بارەوە پرسیار بکرێ و پێویستە بیر لە شتی دیکە بکەنەوە.

ناوبراو لە وڵامی هەواڵنێران دا ئامادە نەبوو وردەکاریی زیاتر لەو پێوەندییەدا ئاشکرا بکا و هەر ئەوەندەی درکان کە ئەژماری موعتادەکان بە مەواددی موخەدیر زۆر زیاتر لە ئەژماری موعتادەکان لە پادگاکانی وڵاتە.

شایانی باسە کە بە پێی ئاکامی زۆر لێکۆڵینەوە تەمەنی توشبوون بە ئیعتیاد لە ئێران دا گەیوەتە خوار ١٣ ساڵ و مادە سڕکەرەکان



لە قوتابخانە سەرەتاییەکانیش دا بە ئاسانی دەست دەکەون. کارناسانی پەروەردەیی پێیان وایە کە بۆ بەرنگاربوونەوەی ئیعتیاد پێویستە کە باسەکانی پێوەندیدار بە ناسینی مادە سڕکەرەکان و ئاسەوارە زیانبارەکانی بچێتە نێو وانەی قوتابخانەکانەوە، بەڵام لە جیاتی ئەوە ئێستا خودی جۆرە جیاوازەکانی مەواددی موخەدیرە کە چوونەتە نێو قوتابخانەکانەوە.

## بەڕێوەچوونی سێمیناری هاوبەشی یەکێتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ کریستیلی فۆڵکە پارتی لە نۆروێژ

رۆژی هەینیی رابردوو، ٢٣ ی رەزبەر یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە نۆروێژ بە هاوکاریی ژنانی کریستیلی فولکە پارتی لە یەکێک لە سالۆنەکانی پەرلەمانی ئەو وڵاتە کۆبوونەوەیەکیان رێک خست کە لە لایەن بەرپرسی کریستنە فۆلکە پارتی، « کنوت ئاریلد هارەیدە» و ئەندامی پەرلەمان لە لیستی پارتی ناوبراوو هەروەها خاتوو» ئاود کواڵبەین»، جێگری شارەوانی ئۆسلۆو هاورێ جەمیلە قادری بەرپرسی کومیتە ی یەکێتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە نۆروێژ لە سێ تەوەرەی جیادا بۆ بەشداران قسەیان کرد.

کۆبوونەوە لەلایەن کنوت ئاریلد هارەیدە بە باسێک لە پێوەندی لە گەڵ هەڵوێستی حیزبەکەیان لەسەر کورد بەگشتیو ژنان بەتایبەتی دەستی پێ کرد.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا خاتوو ئاود کواڵبەین باسێکی گشتی سەبارەت بە چونیەتیی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی شارەوانیی ئۆسلۆ هێنایە گۆڕێ.

لە دوایین بەشی ئەو سمینارەدا خاتوو جەمیلە قادری بابەتێکی لە ژێر ناوی «ژیانی پڕ لە ژانی ژن لە نێوان دوو دنیای لێک جیاوازدا» پێشکەشی بەشداران کرد.

خاتوو جەمیلە قادری لە سەرەتای باسەکەی دا گوتی کە ئەمڕۆ ئیدی لەکەس شاراوە نیە ژنو پیاو ئەگەر دوو جینسی لێک جیاوازن، بەڵام دوو مرۆڤی لێک جیاواز نین. نەک هەر عیلمو مەنتیق، بەڵکوو ویژدانی بەخەبەریش دەزانێ بەردەوام بوونی ژیانی ئینسانەکان بەبێ بوونی ئەو دوو جینسە لێک جیاوازە ئیمکانی نیە.

ناوبراو روونی کردەوە کە ئەوانەی زوو بەو ئاکامە گەیشتوون، بۆ بەشدار کردنی هەر دووک لایەنی کۆمەڵ قانوونیان داناوەو فەرهەنگیان گۆڕیوە، سەرکەوتووتر بوون.

لەبەشێکی دیکەی باسەکەدا هاتبوو کە هەموو ئامارو لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە هەتا کۆمەڵ ئازادتر بێو بەشداریی کۆمەڵانی خەڵک بەژنو پیاوەوە لە کاروبارەکاندا زیاتر بێ، سەرکەوتنو پێشکەوتن خێراترە. هەموومان دەزانین



سەرکەوتنی خێرای وڵاتانی ئازادی جیهان بەشێکی زۆری بەرهەمی بەشداریی ژنو پیاوی ئەو وڵاتانە لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵدایە بە بێ جیاوازی».

شایانی باسە کە کۆبوونەوەکە ٢ کاتژمێری خایاند، لەم کۆبوونەوەیەدا ئاود کواڵبەینو کنوت ئاریلد هارەیدە خۆشحاڵیی خۆیان لە بەڕێوەچوونی ئەم چەشنە دیدارو کۆبوونەوانە دەربڕی

## دیداری هەیئەتی کۆمیتەی نۆروێژی حدک لەگەڵ هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات مەسیحی ئەو وڵاتە

رۆژی پێنجشەممە، ٢٢ ی رەزبەرهەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە نۆروێژ لە شارەوانیی تۆنێسبێرگ لەگەڵ بەرێز ئۆیویند ئوپیگۆرد لە حیزبی دێموکرات مەسیحی نۆروێژو بەرپرسی ئەندامانی شارەوانی دیموکرات مەسیحییەکان لەو شارە کۆبوونەوە.

لەو چاوپێکەوتنەدا کاک رەزا قەباغکەندی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە نۆروێژ و ئەندامانی دیکەی هەیئەتی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراستو رۆڵو دەوری تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەداو هاندانو هاوکاریی تاقمە تێرۆریستییەکان لەلایەن حکوومەتی ئیسلامییەوە بە درێژی باسیان بۆ لایەنی نۆرویژی کرد.

لە بەشیکی دیکەی ئەو دیدارەدا پێشێلکارییە بەردەوامەکانی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستانو ئێعدامو رەشەکوژی، زیندان، بەردەباران، ئەشکەنجەو کردەوە تێرۆریستییەکانی ئەم دواییەی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ناوبراو شیکرایەوە. هەروەها لە پێوەندی لە گەڵ رەوشی ئەو پەنابەرە کوردانەی کە لە نۆرویژ لەلایەن ئیدارەی پەنابەرییەوە وەڵامی نەرێنی وەردەگرن، لە ناوبراو داوا کرا کە هەوڵی خۆیو پارتەکەی وەگەر بخا تا جارێکی دیکە بە دۆسیەی ئەم دەستە لە پەنابەراندا بچنەوەو ئیمکانی وەرگرتنی مافی



پەنابەریی لە نۆروێژیان بۆ دەستەبەر بکرێ.

دواتر ئۆیویند ئوپەگۆرد وێرای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی سەبارەت بە سەردانی هاورێیانی حیزبی، بەڵێنی پێدان کە ئەم تەوەرانەی کە لە دیدارەکەیان دا هاتۆتە بەرباس بگەیەنێتە پارلمانی ئەو وڵاتەو سەرۆکایەتی پارتەکەی.

پێویستە بگوترێ لەو دیدارەدا هاورێ سولیمان سولیمانپوور بەرپرسی بەشی تەشکیلات لە کۆمیتە ناوچەی وەستفۆلد بەشدار بووو کۆبوونەوەکە ماوەی کاتژمێرێکی خایاند

درێژەی:

### مستەفا مەولوودی:
## کۆماری ئیسلامی دەیەوێ هەستی ئایینی خەڵکی ناوچەکە دژی کورد بورووژێنێ

بە ئاماژە بەوەی کە کاناڵی هەواڵی کۆماری ئیسلامی لە زنجیرە بەرنامەیەکدا باسی ئەوەی کردوە کە ئیسراییل لە هەرێمی کوردستان چالاکی هەیە و لە رۆژنامەی «کەیهان»دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەک یەکێک لە سەرانی فیتنە لە عێراق لەقەڵەم دراوە مستەفا مەولوودی وتی « ئەگەرچی کورد تا ئێستا رەتی کردۆتە کە پێوەندی لەگەڵ ئیسراییل هەیە، بەڵام لەسەر بنەمای بەرژەوەندی مافی خۆیەتی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی جۆراوجۆر هەبێ و ئەمە شتێکس زۆر سروشتییە».

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا یەکێکی دیکە لە مەبەستەکانی کۆماری ئیسلامی لە هێرش کردنە هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی ئەم هەرێمە بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئێران لەم رێگاوە دەیەوێ گوشار بخاتە سەر کورد بۆ ئەوەی لە پێک هێنانی حکوومەتی داهاتووی عێراقدا بەشداری هاوپەیمانییەک بکا کە باوی دڵی ئەوە(کۆماری ئیسلامی) و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەواندا کار دەکا.

مەولوودی لە کۆتایی وتەکانیدا، لەم پێوەندییەدا هەڵوێستی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بە گشتیی و پارتی دیموکراتی کوردستانی بە تایبەتی بەرز نرخاند و وتی: « بە ئاماژە بەوەی کە لە راگەیاندنەکانی خۆیان وڵامی کۆماری ئیسلامییان دایەوەو سەنتەری بازرگانی ئێرانیان لە هەولێر داخست، هەڵوێستی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بە گشتیی و پارتی دیموکراتی کوردستانی بە تایبەتی هەڵوێستێکی زۆر بەرپرسیارانەو دەقیق بوو کە رای گشتی کوردستانیش پشتیوانی لێ دەکا.»

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە کاناڵی هەواڵی کۆماری ئیسلامی لە زەنجیرە بەرنامەیەکدا لە ژێر ناوی «صهیونیزم و اشغالگری دو روی یک سکه» باسی لە چالاکی ئیسراییل لە هەرێمی کوردستاندا کردوە و هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان. هەروەها رۆژنامەی «کەیهان» کە سەر بە بەیتی رێبەری ئێرانە لە یەکێک لە سەروتارەکانیدا «مەسعوود بارزانی»، سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەک یەکێک لە سەرانی فیتنە لە عێراق لە قەڵەمدا. لە بەرانبەردا بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بە گشتیی و پارتی دیموکراتی کوردستانی بە تایبەتی وێڕای ئەوەی لە میدیاکانی خۆیانەوە وڵامی ئەم ئاژاوە گێڕیانەی کۆماری ئیسلامیان دایەوە، سەنتەری بازرگانی ئێرانیان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان داخست.

درێژەی:

## یارانەکان و ئاژاوەگێریی ئابووری

هۆکارگەلێک کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی نیگەران کردوە. یەکەم لە ئارادابوونی ئەم بزووتنەوە سیاسییەیە کە زیاتر لە ساڵێکە لە ناخی کۆمەڵگەی ئێران دا سەری هەڵداوە و بەردەوام سیاسەت و کارکردی دەوڵەت دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بۆ وێنە سیما دیارەکانی ئەم بزووتنەوەیە هەر لە کاتی هاتنە گۆڕێی گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکانەوە رەخنەیان لەم گەڵاڵەیە گرتوە. دووهەم: گەڵاڵەی ئامانجدار کردنی یارانەکان لە کاتێک دا جێبەجێ دەکرێ کە ئابووریی ئێران بە هۆی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەنجومەنی تەناهیی نەتەوە یەکگرتوەکان و گەمارۆ یەکلایەنەکانی ئەمریکا و یەکیەتیی ئوورووپا رۆژ لەگەڵ رۆژ تووشی قەیرانی زیاتر دەبێ. بۆیە چاوەڕوان کراوە لابردنی سوبسید یان یارانە لەسەر کاڵا سەرەکییەکان و پێداویستییە رۆژانەکانی خەڵک و دانی سوبسیدێکی نەغدیی کەم بە بنەماڵەکان ئەویش لەو هەلومەرجە ئابوورییەدا کە تا دێ هەڵاوسان و گرانییەکی زیاتر بەخۆوە دەبینێ، خەڵک بخاتە ژێر فشارەوە. فشارێک کە چاوەڕوان دەکرێ لەم بەستێنە سیاسییەدا کە لە ئێران لە ئارادایە نارەزایەتیی جەماوەریی لێ بکەوێتەوە.

بە جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی ئامانجدار کردنی یارانەکان ساڵانە بودجەیەکی زۆری بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام لەولاوە خەڵک دەکەونە ژێر فشاری ئابووریی زۆرترەوە. بۆیە دەکرێ لێرەدا بەو ئاکامە بگەین دەوڵەتێک کە دەزانێ پێگەی جەماوەریی نیە و لەگەڵ نارەزایەتییەکی بەرینی سیاسی بەرەوڕوویە و لە ئاستی نێونەتەوەیی دا تەریک کەوتۆتەوە، پێویستی بەوەیە چەندی دەکرێ خەزێنەی خۆی بئاخنێ ئەویش بۆ ئەوە کە لە هێزی سەرکوتی خەرج بکا. لە خۆڕا نیە بەرپرسانی ئینتزامی، ئیتلاعاتی و نیزامی لە ئێستاوە هەڕەشە لە خەڵک دەکەن کە سەبارەت بە گرانیی بازاڕەکان و چوونەسەری نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان نارەزایەتی نیشان نەدەن، چونکە ئەم نارەزایەتییانە دەستی بێگانەیان لە پشتەو پێویستە وەک نارەزایەتییە سیاسییەکان سەرکوت بکرێن.

# نا ئەمن کردنی کوردستان لە قازانجی کێ دایە؟

حسێن ئەحمەدپوور

**لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا، زنجیرە ڕووداوێکی وەک تەقینەوەی مهاباد، دەرگیری لە ناو شارەکانی سنە و سەقز، تەقینەوە لە پادگانی خورەم ئاباد، کوژرانی خوێندکارێک لە شاری مەریوان بە شێوەیەکی گوماناوی و... لە نێو رای گشتی خەڵکی کوردستان دا کۆمەڵێک پرسیاری دروست کردەوە و ئەم ڕووداوانە بوونەتە هۆی نیگەرانی هاونیشتمانانی کورد. ئایا ئەم ڕووداوانە پێوەندییان پێکەوە هەیە؟ ئەنگیزە و مەبەستی ئەنجامدەر یان ئەنجامدەرانی ئەم ڕووداوانە دەبێ چی بێ؟ ئایا تەنیا مەبەست نائەمن کردنی کوردستانە؟ و... ئەمانە و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە کە لە ڕۆژانی رابردوودا هەر کەس و لایەنێک بە جۆرێک وەڵامی بەو پرسیارانە داوەتەوە.**

کاتێک لەهەر شوێنێک دا ڕووداوێکی لەو چەشنە روو دەدا یان نائەمنی و پشێوییەک درووست دەبێ، لە گەڕان بەدوای سەرەداو دا یەکەم پرسیاری مەنتیقی کە دەبێ هەوڵ بدرێ وڵامێکی سەرەتایی بۆ ببینرێتەوە، ئەوەیە کە ئاکامی ئەو ڕووداو( نائەمن کردن)ە چیە و لە بەرژەوەندی کام گرووپ و لایەن و کەسانێکدایە و دژی بەرژەوەندی چ کەسانێکە؟. با لە سەرەتا دا وای دابنێین کە ئەم ڕووداوانە هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نیە و بە مەبەست و ئەنگیزەی جیاواز کراون و ئەنجامدەرانیشی یەک لایەن و یەک گرووپ نین. ئەم فەرزە ئەگەرچی زۆر لاوازە، بەڵام هیچ لە ئاکامی مەسەلەکە ناگۆڕێ و کوردستان نائەمن دەبێ. ئەم نائەمنییە لە قازانجی کێ دایە؟ بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش دەبێ لە پێش دا گرووپ و لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان لە کوردستاندا بناسین، کە بریتین لە ١_ دەسەڵات (کۆماری ئیسلامی) ٢_ لایەنە ناسراوەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان. ئەم دوو لایەنە دوو لایەنی ناسراوی خاوەن بەرژەوەندین لە کوردستاندا. (دیارە لە نێو لایەنی یەکەمدا واتە لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا گرووپ و لایەنی جۆراوجۆر هەن کە بەرژەوەندییەکانیان جیاوازە). دیارە جیا لەم دوو لایەنە، دەکرێ چەند لایەنی دیکەی خاوەن بەرژەوەندی هەبن وەک وڵاتانی دەرەوە و گرووپ و لایەنی تازە سەر هەڵدراو و...

دەسەڵات وەک لایەنێک کە ئەرکی دابین کردنی ئەمنیەتی وڵاتی لەسەر شانە، سەبارەت بە دوو ڕووداوی مهاباد و سنە، هەر لە یەکەم ساتەکان دا دەستی دەرەکی و لایەنەکانی ناو بزووتنەوەی کوردستانی تاوانبار کرد. بەڵام ئایا ئەم لایەنانە هیچ بەرژەوەندییەکیان لە نائەمن کردنی کوردستان دا هەیە؟

لایەنە ناسراوەکانی ناو بزووتنەوەی کوردستان نەک بەو پێیەی کە بۆخۆیان ئیدیعای دەکەن، بەڵام بە پێی بەرنامە و بارودۆخێک کە هەیانە، نائەمن بوونی کوردستان، تەواو پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانیانە. ئەوان ئەگەر تەنانەت باوەڕیان بە شەڕی چەکداری و خەباتی توندوتیژیش هەبێ چونکە بەهۆی بارودۆخی ناوچەیی و ناوخۆیی بە کردەوە ناتوانن ئەنجامی بدەن، ساڵانێکە حیسابیان لەسەر ئەو خەباتە هێمنانە و مەدەنییەی کردۆتەوە کە لە ناوخۆ لەلایەن خەڵکەوە بەڕێوە دەچێ و بە قازانجیانە کە ئەم شێوە خەباتە گەشە بستێنێ و بەهێز ببێ. جیا لەوەش خەباتی هێمنانەی سیاسی و مەدەنی لەم ساڵانەدا لە نێو هێزە کوردییەکاندا بۆتە پڕەنسیپ یان لە حاڵی بوون بە پڕەنسیپ دایە. کەواتە ئۆپۆزیسیۆنی کورد ناکرێ ببێتە هۆی نائەمن کردنی کوردستان.

**ئۆپۆزیسیۆنی کورد ئەگەر تەنانەت باوەڕیان بە شەڕی چەکداری و خەباتی توندوتیژیش هەبێ چونکە بەهۆی بارودۆخی ناوچەیی و ناوخۆیی بە کردەوە ناتوانن ئەنجامی بدەن، ساڵانێکە حیسابیان لەسەر ئەو خەباتە هێمنانە و مەدەنییەی کردۆتەوە کە لە ناوخۆ لەلایەن خەڵکەوە بەڕێوە دەچێ و بە قازانجیانە کە ئەم شێوە خەباتە گەشە بستێنێ و بەهێز ببێ. جیا لەوەش خەباتی هێمنانەی سیاسی و مەدەنی لەم ساڵانەدا لە نێو هێزە کوردییەکاندا بۆتە پڕەنسیپ یان لە حاڵی بوون بە پڕەنسیپ دایە. کەواتە ئۆپۆزیسیۆنی کورد ناکرێ ببێتە هۆی نائەمن کردنی کوردستان**

وڵاتانی دەرەوە وەک ئامریکا و ئیسرائیل کە کۆماری ئیسلامی تاوانباریان دەکا، ئەوانیش ئەگەری زۆر دوورە دەستیان لە نائەمن کردنی کوردستان دا هەبێ و بەرژەوەندییان لەو بابەتەدا هەبێ، بە کورتی چۆنکە: ئەوان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ئامانجی زۆر گەورە دەپێکن. دروست کردنی دووبەرەکی لە نێوان خەڵکی مهاباد دا چ قازانجێکی بۆ ئەوان هەیە؟ وڵاتانی دەرەوە لە سێ ڕێگەی فشاری ئابووری، پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵک و دواجاریش هێرشی نیزامییەوە کێشەی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یەکلایی دەکەنەوە. ئەوان ئێستا دوو ڕێگەی یەکەمیان گرتۆتە بەر کە نائەمن کردن و تەقینەوە لە کوردستان هیچ پێوەندییەکی بەو دوو ڕێگەیەوە ناکرێ هەبێ. لەهەر کام لەو سێ ڕێگەیەدا کوردستان شوێنێکی گونجاو بۆ بەربەرەکانی ئەوان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا نیە. ئەگەر بیانەوێ نائەمنی دروست بکەن، هەوڵ دەدەن لە تاران و ئیسفەهان و مەشهەد و تەوریز نائەمنی دروست بکەن نەک لە سەقز و مهابادو... ئەوان تەنانەت ئەگەر تا ڕادەیەکی زۆر کەمیش پێش بینی ئەوە بکەن کە ئەگەری سەرنەکەوتنی پلانەکەیان لە ئاردایە و ئەگەری ئەوە هەیە کە بەڵگەی باوەڕپێکراو دەست کۆماری ئیسلامی بکەوێ، ریسکی لەو شێوەیە ناکەن. بە تایبەت کە ئێستا کۆماری ئیسلامی زیاتر لە جاران لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لاواز دەردەکەوێ، بەڵام ئەگەر بێتوو پلانێکی لەو شێوەیە لەلایەن ڕۆژئاواوە بە دژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بچێ، ئەوە بێ گومان پێگەی ڕێژیمی ئێران چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە بەهێز دەکا و یارمەتی بەوە دەکا کە ئەو بانگەشە و ئیددعایانەی کە بەردەوام دژی ڕۆژئاوا دەیانکا، زیاتر لەلایەن خەڵکەوە باوەڕیان پێ بکرێ.

لایەنێکی دیکەی جیا لە کۆماری ئیسلامی کە دەکرێ دەستی لە نائەمن کردنی کوردستاندا هەبێ، گرووپ و لایەنی تازە سەرهەڵداوە. گرووپی تازە سەرهەڵداو دەیانەوێ لە ڕێگەی تەقینەوەو شەڕ لە ناو شارەکاندا بوونی خۆیان و هێزی خۆیان رابگەیەنن. ئەم گرووپە تازە سەرهەڵداوانە ناکرێ لەو گرووپە ئیسلامیە رادیکاڵانە بەدەر بێ کە ساڵانێکە بە ئاشکرا بەر چاوی خەڵک و حکوومەتەوە چالاکی دەکەن و حکوومەتیش لانیکەم لەم قۆناخەدا لە قازانجی دایە کە ئەم گرووپانە لە کوردستان بەهێز بن. بەڵام دیسانەکە تەنانەت ئەم گرووپە تازە سەرهەڵداوانە ناکرێ دەستیان لەم ڕووداوانە هەبێ. چونکە گرووپی تازە سەرهەڵداو مەبەستی لە نائەمن کردن لە سەرەتادا تەنیا ناساندن و ڕاگەیاندنی بوونی خۆیانە. گرووپی تازە سەرهەڵداو ڕووداوە چوکەکان گەورە دەکاتەوە تا لەو ڕێگەیەوە هێزی خۆی نیشان بدا. بەڵام چۆن دەکرێ هێزێکی تازە سەرهەڵداو یان هێزێک کە تازە دەستی بە شەڕ و توندوتیژی کردووە، کارێک بکاو بە ئەستۆی نەگرێ. ئەگەر وابێ کردەوەکەی زۆر بێ واتا دەبێ. بە پێی سرووشتی گرووپە تازە سەرهەڵداوەکان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا و هەروەها بە پێی سرووشتی گرووپە ئیسلامییە رادیکاڵ و سەلەفییەکان، ئەوان هەمیشە نەتەنیا ئەو شەڕ و توندوتیژیانەی کە دەیکەن وەئەستۆ دەگرن، بەڵکوو تەنانەت ئەگەر ڕووداوێکی هاوشێوە روو بدا و هیچ لایەنێک نەبێ وەئەستۆی بگرێ، ئەوان وەئەستۆی دەگرن تا هێز و گەورەیی خۆیان نیشان بدەن. کەواتە ئەو ئیدیعای بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کە پاش ئەوەیکە هەموو لایەکیان تاوانبار کرد جیا لە خۆیان کە ڕایانگەیاند ڕووداوەکەی سنە کاری گرووپە سەلەفییەکان بووە زۆر جێگەی گومانە و زیاتر لە سێناریۆیەکی هەڵبەستراوی خۆیان دەچێ.

**گرووپە تازە سەرهەڵداوەکان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا و هەروەها بە پێی سرووشتی گرووپە ئیسلامییە رادیکاڵ و سەلەفییەکان، ئەوان هەمیشە نەتەنیا ئەو شەڕ و توندوتیژیانەی کە دەیکەن وەئەستۆ دەگرن، بەڵکوو تەنانەت ئەگەر ڕووداوێکی هاوشێوە روو بدا و هیچ لایەنێک نەبێ وەئەستۆی بگرێ، ئەوان وەئەستۆی دەگرن تا هێز و گەورەیی خۆیان نیشان بدەن**




ئێستا بە پێی ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد نائەمن کردنی کوردستان کە ناکرێ کاری سێ لایەنی دەرەکی، ئۆپۆزیسیۆنی کورد وگرووپی تازە سەرهەڵدراو بێ، تەنیا لایەنی دەسەڵات (حکوومەت و لایەن و دام دەزگا جۆراوجۆرەکانی ناو کۆماری ئیسلامی) دەمێنێتەوە کە لە کوردستاندا خاوەن بەرژەوەندین و بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا چ لە کورت ماوە و چ لە درێژ خایەن دا لەگەڵ دوو لایەنی دەرەکی و ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان لە دژایەتی دایە و تەنیا دەکرێ بڵێین لە کورت ماوەدا بەرژەوەندی حکوومەت لەگەڵ لایەنی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکاندا یەک دەگرێتەوە.

وەک پێشتر باسمان کرد لە نێو کۆماری ئیسلامیدا باند، گرووپ و لایەنی خاوەن بەرژەوەندی جیاواز هەیە، وەک سپا، ئیتلاعات، لایەنە سیاسییەکانی نێو بەرەی ئوسوولگەرا، ریفۆرمخواز و ... کە ماهییەتیان زۆری قسە لە سەر کراوە و پێویست ناکا ئێمە لێرەدا باسیان لە سەر بکەین. بەڵام لایەنی ریفۆرمخواز وەک لایەنێک ئەوانیش هیچ بەرژەوەندییەکیان لە نا ئەمن کردنی هیچ ناوچەیەکی ئێراندا نیە و نا ئەمنی بە هەر هۆکارێک کە لە هەر شوێنێکی ئێراندا دروست ببێ، دەبێتە هۆی بەرتەسک بوونەوەی هەرچی زیاتری مەیدانی چالاکیی ئەوان. تەنانەت ئەگەر ریفۆرمخوازان مەبەستیشیان بێ کە با نائەمن کردن تواناییەکانی حکوومەت بخەنە ژێر پرسیارەوە، ئەوا لە ترسی ئاشکرا بوونی راستییەکان ناوێرن پەنا بۆ وەها کارێک ببەن. لایەنی دەسەڵاتداری ئێستاش هەمیشە بۆ لە مەیدان وەدەرنانی یەکجاری ریفۆرمخوازان لە بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوی وەها دەگەڕێ و لەوەش زیرەکتر و بە ئەزموونترن کە بەڵگە و دەرفەتی ئاوا لە کیس بدەن.

ئێستا لێرەدا تەنیا باند و لایەنەکانی نێو باڵی ئسوولگەرا ماونەتەوە کە لە کوردستاندا خاوەن بەرژەوەندین. ئەو لایەنانە دەکرێ کۆمەڵێک بەرژەوەندییان هەبێ وەک: بیانوو دەسکەوتن بۆ ملیتاریزە کردنی زیاتری کوردستان و سەرکوتی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد، بردنە ژێر پرسیاری هەندێک ئۆرگانی رەقیب لە رووی کەمکاری و بێ توانایی و لە ئاکامیشدا حەزفی هەندێک مۆرە کە متمانەیان لای دەسەڵات کەم بۆتەوە، نانەوەی دووبەرەکی لە نێو خەڵکدا( وەک تەقینەوەکەی مهاباد)، بیانوو دروست کردن بۆ جێبەجێ نەکردنی ئەو پڕۆژە ئابوورییانەی بەڵێنیان بە خەڵک داوە و هەروەها هەڵبڕینی ئەو سەرمایانەی کەرتی تایبەت لە کوردستان( بە چەشنێک گومان دەکرێ بە مەبەستی راکێشانی سەرمایە دەوڵەتی و خسووسییەکانی شارەکانی کورستان بۆ شارە ئازەرییەکان گرووپێکی پان تورکیسم بە سەرۆکایەتی چەند ئەندام پارلمانی ئازەری و چەند فەرماندەیەکی سپا لە پشتی پیلانی نا ئەمن کردنی کوردستان دان)، ناوزڕینی بزووتنەوەی کوردستان و ...

لە کۆتاییدا بە هۆی ئەوەیکە لە ڕۆژانی رابردوودا و لە میدیا جۆراوجۆرەکاندا زۆر باسی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لە نائەمن کردنی کوردستاندا کراوە درێژەی ئەم باسە بە پێی ئەو شیکردنەوەیەی سەرەوە بە خوێنەرانی بەرێز دەسپێرین. بەڵام دەبێ بیر لە وەڵامی ئەو پرسیارە بکەینەوە کە بۆ کۆماری ئیسلامی سەرەڕای مانۆردانەکانی لەسەر ئەم ڕووداوانە و تۆمەتبارکردنی زۆر لایەن بۆ زوو بێ دەنگەی لێ کرد؟

# ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان

## (لاوازکردنی پێگەی کورد لە حکوومەتی داهاتووی عێراق)

**سمایل شەرەفی**

لە درێژەی ئەو هێرش و تۆمەت لێدانانەی کە ماوەیەکە بەرپرسانی جۆراوجۆری ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە بەرپرسان و دامەزراوە ڕەسمییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستیان پێکردوە، لە نوێترین نموونەداو لە توێی زنجیرە بەرنامەیەکی (شەبەکە خەبەر) ی کۆماری ئیسلامی دا هێرش کرایەوە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وێرای بە «فیتنە» ناوهێنانی، بەرپرسانی هەرێم بە «ئاژاوەگێری ناوچەکە» ناوزەد کران.

لە یەکەم بەشی ئەم زنجیرە بەرنامەیەی «شەبەکە خەبەر»دا وێڕای هێرش کردنەسەر خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی، بۆ جارێکی دیکە کورد بە پێوەندی گرتن لە گەڵ ئیسرائیل تۆمەتبار کرا. لە توێی ئەم بەرنامەیەدا هەوڵ درابوو لە ڕێگای تۆمەتبارکردنی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستانە بە پێوەندی لە گەڵ وڵاتی ئیسرائیل، ڕوخسارێکی ئاژاوەگێرانە لەم حکوومەتە کوردییە بخرێتە بەرچاو.

ئەوە یەکەم جار نیە کە ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران چ لە ئاستی لێدوانی بەرپرسانی باڵادا و چ لە ئاستی ڕاگەیاندن دا بۆ خەوشدار کردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەم ئەزموونە کوردییە، هەوڵ دەدات. لە ڕاستی دا بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بە سەر پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەم بیست ساڵە دا، دەردەکەوێ کە ئەم ڕێژیمە نەتەنیا هەوڵی داوە ڕوخساری ڕەواو دێموکراتیکی ئەم ئەزموونە کوردییە خەوشدار بکات، بەڵکوو لە زۆر قۆناغ دا پیلانی بۆ لەناوبردنی دارشتووە. پیلانگێڕیەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی شەڕی نێوخۆیی و براکوژی لە باشووری کوردستان لە ساڵەکانی نێوەڕاستی دەیەی ٩٠ی زایینی دا یەکێک لەو نموونانەیە.





لە ماوەی ئەم ٢٠ ساڵەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دا کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەوەی هەمیشە و بەدرۆ بەردی دۆستایەتی لە گەڵ کوردەکانی باشووری کوردستانیان لە سینگ داوە، نەتەنیا جارێک بەرەسمی و نارەسمی دانیان بە بوونی ئەم هەرێمە سیاسییە کوردییەدا نەناوە، بەڵکوو بە هەموو شێوەیەک، هەر لە پێشتوانی کردن لە گرووپە تێرۆریستییەکانی وەک «جوندولئیسلام» و «ئەنسارولئیسلام»ەوە بگرە تا کاری سیخوری و تێکدەرانە لە ڕێگای ناوەندە بەناو فەرهەنگی و کۆمپانیا بازرگانییەکانیەوە، لاواز کردن و تێکدانی ئەم دەسەڵاتە کوردییەی داوە.

لە گەڵ ئەوەیکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام هەوڵی داوە بە پێی عورف و یاساو ڕێسا نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە تەعامولکردنی دوو وڵاتی دراوسێ لە گەڵ یەکتری، پێوەندییە سیاسی و ئەمنییەتییەکانی خۆی لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا تەنزیم و پێڕەو بکات، بەڵام لە بەرانبەردا وەک دەبینین ئەم ڕێژیمە هەر ڕۆژەو بە بیانوویەک کێشە بۆ ئەم هەرێمە دەنێتەوەو زیاتر لە سێ ساڵە ناوچە سنوورییەکانی هەرێم لە ژێر ڕەهێڵەی بوردمانی تۆپخانەکانی ئێران دا لە ڕووی گیانی و مادییەوە زیانی قەرەبوو نەکراوەی پێ دەگا.

تۆمەتبارکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی ئەم حکوومەتە بە پێوەندی گرتن لە گەڵ ئیسرائیل، یەکێک لەو بیانوانەیە کە بەتایبەت دوای ئازادیی یەکجارەکی وڵاتی عێراق و بەشداریی چالاکانی کورد لە پێکهێنانی دەسەڵاتی نوێی ئەم وڵاتە دا، ناوەناوە لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمی تارانەوە دێتە ئاراوە.

ئامانجی کاربەدەستانی ڕێژیم لە دووپات کردنەوەی ئەم ئیدیعایە پێوەندی بە کات و هەلومەرجی جیاوازەوە هەیە. بە وردبوونەوە لەو کات و هەلومەرجانەی کە کاربەدەستانی ڕێژیم بەتایبەت لە ٣ ساڵی ڕابردوودا کە ئەم تۆمەتەیان داوەتە پاڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەردەکەوێ کە یەکێک لە ئامانجەکانی ڕێژیم لە مەترەحکردنی ئەم ئیدیعایە، ناحەزو ناخودی نیشاندانی کوردەکانە لای پێکهاتە سیاسییەکانی دیکەی عێراق. تۆمەتی پێوەندی لە گەڵ ئیسرائیل ڕاست لەوکاتانەدا دەدرێتە پاڵ کوردەکان کە مەسەلەیەکی گشتیی وەک «هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەنی عێراق» یان وەک ئێستا، مەسەلەی هەوڵدان بۆ «پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ» لە ئارادابێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە چۆنیەتی پێکهاتنی دەوڵەتی نوێی عێراق و هەروەها چۆنیەتی وەزن و قورسایی لایەنە سیاسییەکانی عێراقی لەم دەوڵەتەدا زۆر بۆ گرینگە، بە هەموو شێوەیەک و بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ڕێگایەک دەیەوێ بە مەبەستی قایم ڕاگرتنی ڕۆڵی ئەو لایەنە عێراقیانەی کە لە خۆی نزیکن، ڕۆڵ و پێگەی لایەنەکانی دیکە لاواز بکات. لەم نێوەدا کوردەکان کە هەم ڕۆڵیان لە پێکهێنانی وڵاتی نوێی عێراق دا بەرچاو بووەو هەم بە نیسبەت لایەنەکانی دیکەوە لە ڕووی بڕیاردانەوە سەربەخۆترن، لە بەردەم ئامانجەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا بەربەستێکی دیارو بەهێزن و، ئەمەش بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی قەت هەواڵێکی خۆش نەبووە.

ئێستا کە لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە کوردیشەوە سەرقاڵی پێکهێنانی دەوڵەتی نوێن، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیانەوێ بە ڕەچاوکردنی هەر تەرفەندو پیلانێکی مومکین، کورد لە ئۆرگان و ناوەندە بڕیاردەرەکانی داهاتووی عێراق دا ـ لانی کەم وەک پێشوو ـ حزووری نەبێ. بۆ ئەم کارەش یەکێک لە پیلانەکانیان دانە پاڵی تۆمەتی پێوەندی لە گەڵ ئیسرائیلە. بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆیان بتوانن لەم ڕێگایەوەو بە تەحریک کردنی هەستی دژە ئیسرائیلی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق، بە دژی کوردەکانیان هان بدەن و فەزای سیاسی ئەم وڵاتە زیاتر ئاڵۆز بکەن.

بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ هەموو لایەک و تەنانەت بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ڕوونە، دوو مەسەلەیە کە دەریدەخات کە کاربەدەستانی ڕێژیم نابێ زۆریان دڵ بەم پڕوپاگاندانە دژ بە حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان خۆش بێت:

یەکەم ئەوەیکە خودی کۆماری ئیسلامی چ لە سەر ئاستی ناوخۆیی و چ لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی دا نەتەنیا ئەو هێزو پێگەیەی نیە کە بتوانێ ئاراستی سیاسیی وڵاتێکی دیکەو وەزن و قورسایی لایەنەکانی ئەو وڵاتە بە قازانجی ئامانجەکانی خۆی بگۆڕێ، بەڵکوو لە بەرانبەر چوکەترین قەیرانەکانی نێوخۆی سیستەمەی خۆیشی دا داماو دەستەوەستانە.

دووهەم ئەو هەرێمەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەونی نەمانی پێوە دەبینی. هەرێمێک کە بە پشت بەستن بە مێژوویەکی پڕ لە فیداکاری و کۆڵنەدان و بە جەماوەرێکی نیشتمان خۆشەویستی پێگەیشتووی ئێستەوەو هەروەها بە یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی و حەکیمانە بوونی بڕیاری ڕێبەرانیەوە، ئەمڕۆکە بۆتە ئەزموونێکی سەرکەوتووی دێموکراتێک. حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای نەیارانێکی وەک کۆماری ئیسلامی و ئەو هەمووە فشارەی کە ڕۆژانە لە ناحیەی سیاسی، ئابووری و ئەمنییەتییەوە دەیخرێتە سەر، ئەمڕۆکە لە ئاستی عێراق دا زۆر جار ڕۆڵی یەکلایی کەرەوە دەگێڕێ.

# دژبەرانی فێدرالیزم، لایەنگرانی دیکتاتۆری

**مەسعود ڕەواندوست**

لە دنیای ئەمڕۆ و لە سەدەی بیست و یەکەمدا، سیستمی فێدرالی وەک سیستمێکی بەڕێوەبردنی وڵات گوتەزایەکی ناسراوەو بوونی دەیان وڵاتی ورد و درشتی جیهان کە بەم شێوازە بەڕێوەدەچن سەرکەوتوویی ئەم شێوازەی لە بەڕێوەبردنی وڵاتانی فرەنەتەوە بۆ هەمووان و بە تایبەت شارەزایانی بواری سیاسەت سەلماندوە. ئەمڕۆ هەر کەس بڕە زانستێکی لە بواری سیاسەتدا هەبێ باش دەزانێ کە سیستمی فێدراڵی لە وڵاتانی خاوەن فرەچەشنیی نەتەوەیی، زمانی، مەزهەبی و .. لەسەر بنەمای ئازادانەی فرەچەشنییە ئێتنیکی، ئایینی و مەزهەبییەکانیان باشترین سیستمە بۆ دابەشکردنی داپەروەرانەی دەسەڵات و پێشگرتن لە کۆبوونەوەی دەسەڵاتەکان کە لە ڕاستیدا پێش مەرجی حکوومەتە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیەکانە.

دێموکراسی وەک خواست و ئامانجی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێران لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، تەنیا لە ڕێگەی دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و بەشداریی هەموو نەتەوە و جۆراوجۆرییەکانی ئێران لە حکوومەت و پێشگرتن لە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی گرووپ یان تاکێکی دیاریکراودا دێتەدی.

ڕێژیمە دیکتاتۆر و سەرەڕۆیەکانی زاڵ بەسەر ئێراندا هەمیشە بە دروشمی پاراستنی تەواوەتیی خاکی وڵات دەسەڵاتیان لە ناوەند و لە دەستی خۆیاندا و بۆخۆیان پاوان کردوەو هەموو بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگایان لە بەشداری لە دەسەڵات بێ بەشکردوە. ئەمڕۆ دوای سەدان ساڵ خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بۆ نەهێشتنی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی، بۆ هەموو ڕێبوارانی ڕاستەقینەی ڕێگەی ئازادی و دێموکراسی ڕوون و ئاشکرایە کە ئاکامی کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی گرووپ یان تاکێکی دیاریکراودا دیکتاتۆری و سەرەڕۆییە و هەر پاساو و بیانوویەک لە پێناو دژایەتی لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵات و بە قازانجی کۆبوونەوەی دەسەڵات، هەوڵێکە بۆ بەردەوامیی ئەو دیکتاتۆری و سەرەڕۆییەی کە سەردەمانێکە بەسەر وڵاتەکەماندا زاڵە.

ماوەیەکە شەپۆلێک لە پروپاگەندە و هێرشی بەربڵاو و مەبەستدار لە لایەن لایەنێکی تایبەت و ناسراوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە لەدژی داوای فێدرالیزم وەرێ خراوە ئەم گرووپە لە دژبەرانی فێدرالیزم بە بیانووی سواوی پاراستنی تەواوەتیی خاکی وڵات و ئەوەکە فێدرالیزم هەڕەشەیەکە لەسەر تەواوەتیی خاکی ئێران، هێرشێکی بەرینیان بۆسەر داوای فێدرالیزم کە داوا و خواستی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئێرانە وەڕێخستوە و ڕایانگەیاندوە کە لە دژی ئەم خواستە و لە ڕاستیدا لەدژی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی ئێران ڕادەوەستنەوە و شەڕ دەکەن.

ئەمانە بە خۆبواردن لەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە کە گەورەترین مەترسی بۆسەر تەواوەتیی خاکی ئێران ئەو دیکتاتۆری و سەرەڕۆییەیە کە بە درێژایی مێژوو کەمایەتییەکانی لە بچووکترین و سەرەتاییترین مافەکانی هاووڵاتیبوون بێ بەش کردوە و بۆتە هۆی هاندانی ئەوان بۆ دوورکەوتنەوە و بێزاری لە ناوەند، دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ئەم خواستە ڕەواو و دێموکراتیکەی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران، کە لە لایەن بەشێکی گەورەی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات و پێشکەوتووی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتەوە قەبووڵ کراوە، بە وەها بیانوویەک پاساو دەدەن کە بۆ خەڵکی ئازارچێشتووی ئێران ئیتر بایەخ و نرخێکی نیە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەگەر کەمایەتییەکانی ئێران لە چوارچێوەی وڵاتی هاوبەشی خۆیاندا ئازادی، دێموکراسی و مافە کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان پێ بدرێ و شان بە شانی هاووڵاتیانی دیکەی خۆیان لە دەسەڵات و حکوومەتدا بەشدار بن، هیچ هێزێک ناتوانێ بەرەو دابەشکردنی خاکی ئێران هانیان بدا، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەو کەسانەی لە دانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران دەترسێن و لە بنەڕەتڕا جگە لە پاوانکردنی دەسەڵات و درێژەی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بە دەستی خۆیان بیر لە شتێکی دیکە ناکەنەوە، بیانووی تەواوەتیی خاکی وڵات باشترین پاساو و سەرپۆشە بۆ شاردنەوەی ئامانجە دیکتاتۆرییەکانیان و بەربەرەکانی لەگەڵ پەرەسەندنی خواستی ڕەوای دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و لە ئاکامدا گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی.

بە وەبەرچاوگرتنی هەستیار بوونی ئەم بڕگەیە لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران و ئەوەکە ئێستا و لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لە کۆتاییەکانی تەمەنی نزیک بۆتەوە و ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات زیاتر لە هەمیشە پێویستیی بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی هەیە و هەرچەشنە هەوڵێکی وەک ئەم هێرشانەی ئەم لایەنانە لە بەرژەوەندیی دیکتاتۆریی زاڵ بەسەر ئێراندا و بە زیانی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی ئێرانییەکانە، نووسەری ئەم وتارە لە شیکردنەوەی زیاتری نێوەڕۆک و چییەتیی ئەم ئیدیعایانە خۆ دەبوێرێ و پێی وایە فێدرالیزم نەک هەر مەترسییەک نیە لەسەر تەواوەتیی خاکی وڵات، بەڵکوو یەکگرتوویی دڵخواز و ئازادانەی هەموو نەتەوە و کەمایەتییەکانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فێدراڵدا گەرەنتیی پاراستنی تەواوەتیی خاکی ئێرانە و دەبێتە هۆی سەربەرزی و سەرکەوتوویی زیاتری وڵات.

**کاوە ئاهەنگەری:**

# هاوبەشی مێژووی چەندە هزارساڵە ناتوانێ دەلیلێک بێت بۆ پێکەوە ژیانی هەتا هەتایی

**باسێکی گرینگی دانیشتن و دیالۆگی نێوان حیزب و لایەنەسیاسییەکانی ئێران و کوردستان لە ئێستا دا باس کردن لەجۆری سیستم و نیزامی حکوومەتیی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی، یان ئاڵتێرناتیوی کۆماری ئیسلامی لەئەگەری ڕوودانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ئێران دایە. نیزیک بە تەواوی حیزبە کوردستانییەکان و زۆر یەک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش فدرالیسم و نیزامی فدراتیو بەباشترین جۆری سیستم بۆ بەڕێوەبردنی ئێران دەزانن، بەڵام لەبەرامبەریش دا نەیارانی فدرالیسم و ناوەندگەراکان نیزامێکی دێموکراتیک لە سەر بنەمای مافی هاووڵاتیبوون بۆ ئێرانی داهاتوو وێنا دەکەن کە تێیدا لە سەر ئەساسی مافی وەک یەک کۆتایی بە سیاسەتی هەڵاواردن و جیاوزیدانان بێ و بەشداریی سیاسی بۆ بەڕێوەبەریی وڵات بۆ هەمووان وەک یەک کراوە بێ. بەڵام ئەوەی کوردەکان پێی لە سەر دادەگرن و ناوەندگەراکان حاشای لێ دەکەن فرەنەتەوەبوونی ئێران و بوونی کێشەی نەتەوەیی و ڕابردووی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی لە ئێران بووە.**

**لەو پیوەندییەد « کوردستان» سەرنج و بوچوونی کاوەئاهەنگەری، نوێنەری حدک بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپای وەرگرتوە.**

**دیمانە: عەلی بداغی**

**پرسیار:** کاک کاوە با ئەو پرسیارە بکەینە دەروازەی باسەکەمان کە ئەساسەن بۆچی فدرالیسم؟ زەروورەتی ئەم سیستەمە بۆ بەڕێوەبەریی ئێران لە چی دایە؟

**وەڵام:** بۆ پێداچوونەوە بە بنەمای فکری و لۆژیکی پێویستی بە فدرالیسم لە ئێراندا، من کەڵک لە بیروکەیەکی ئیمیل دورکهایم، کۆمەڵناسی بەناوبانگی فەڕانسەوی وەردەگرم کە لەوێدا کۆمەڵگە بەسەر دوو چەشن دا دابەش دەکات. یەکیان کۆمەڵگای مکانیکییە کە هەمان کۆمەڵگای نەریتییە. بەرچاوترین تایبەتمەندی کۆمەڵگای نەریتی، وەک یەکچوونە، بە واتایەکی دیکە ئەندامانی کۆمەڵگەی مکانیکی جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەک نیە. بەڵام لە بەرانبەردا کۆمەڵگای ئۆرگانیک هەیە کە بە پێچەوانەی چەشنی یەکەم زەقترین تایبەتمەندیی ئەو کۆمەڵگایە وەک یەک نەچوونە. دورکهایم بۆ ئەم چەشنە کۆمەڵگایە نموونەی مرۆڤ دێنێتەو کە ئەندامەکانی جەستەی لەگەڵ ئەوەی کە لە شێوەو کارکرد (Function) و چۆنیەتیی خۆیاندا لێک جیاوازن و هەرکام سەربەخۆیی کارکردی و چەندایەتی و چلۆنایەتی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام لە نەهایەتدا هەموو ئەندامەکان بۆ وەگەڕ خستنی پەیکەرێکی گشتی بە ناوی جەستەی مرۆڤ کار دەکەن. بە یارمەتی وەرگرتن لەم مۆدێلە و بە لەبەر چاوگرتنی پێکهاتەی ئێران- پێم وایە جیاوازییەکان لە باری زمانی، ئایینی، کولتوری و داب و نەریت و تەنانەت ئاو و هەوای جۆراوجورەوە ئەوەندە بەرچاون کە کەس ناتوانێ نکوڵی لێ بکات- باشترین مۆدێلی سیاسی بۆ ئیدارەی ئێران، مۆدێلی ئورگانیکی یە.

**پرسیار:** کاک کاوە بەرەی لایەنگرانی فدرالیسم دیارن، کەزۆربەیان نەتەوە بندەستەکانی بن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیین. بەڵام نەیارانی فدرالیسم کێن و قورساییان لەهاوکێشەسیاسییەکانی ئێستای ئێران دا چەندەیە؟

**وەڵام:** دەکرێ بە سانایی نەیارانی فدرالیسم بۆ داهاتووی ئێران دەستنیشان بکەین، بەڵام دابینکردنی قورسایی و تواناییان بۆ دابینکردنی فۆرمی سیاسی داهاتووی ئێران کەمێک دژوارە، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە هیچ هەڵبژاردنێکی ئازاد لە ئارادا نیە کە وەک پێوانەیەک چاوی لێ بکەین و بیکەین بە بنەمایەک بۆ قەزاوەتکردن. بە باوەڕی من بە لەبەرچاوگرتنی زەمان و ئاڵوگۆڕەکانی ناوخۆی ئێران بە تایبەت بە دوای هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرکۆماری و پاشهاتەکانی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانکاری لە ئێراق، ئەفغانستان و بەرزبوونەوەی ئەگەر گۆڕانی هێمنانە و بێ توند و تیژی لە تورکیە و هەروەها گۆڕانکاری لە ئاستی جیهاندا بەتایبەت دیاردەی بە جیهانیبوون لە بواری جۆراوجۆردا، وێڕای پێداگری بزووتنەوە نەتەوەییەکانی نێو ئێران، شانسێکی ئەوتۆ بۆ مانەوەی سانترالیزم و ناوەند گەرایی بەو شێوەیەی ئێستاکە و پێشوو لە ئارادا نەمێنێت. بۆیە دەتوانم بڵێم کە هەتا دێ یارانی فدرالیزم لە نێو ئێرانییەکان دا زیاتر دەبێ و نەیارانی فدرالێزم کەمتر و کاڵتر و زەقتر دەبنەوە.

**پرسیار:** ناوەندگەراکان بۆ پاساودانی سیاسەتەکانیان باس لەکۆمەڵێک» هاوبەشیی مێژوویی، کلتووری و تێکەڵاویی ڕەگەزی و سیاسی» ی نەتەوەکانی ئێران دەکەن کەگوایە مێژووی چەند هەزار ساڵەی ئێرانی لێ کەوتۆتەوەو « قەوم»ەکانی ئێرانی لەدەوری تەوەرێک بەناوی ئێران کۆ کردۆتەوە. خوێندنەوەی ئێوەبۆ ئەو تەوجیهانە چیە؟ ئەو هاوبەشییانە کە ئەوان باسی دەکەن چەندە لە خزمەتی نەتەوەکانی ئێرانی دا بووە؟؟ ئایا هەر لەبنەڕەت دا بوونی ئەو هاوبەشییانە لە مێژووی پێکەوەژیانی نەتەوەکانی ئێرانی دا دژایەتیی لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینی ئەو نەتەوانە هەیە؟

**وەڵام:** هاوبەشی مێژووی چەندە هزارساڵە ناتوانێ دەلیلێک بێت بۆ پێکەوە ژیانی هەتا هەتایی، نموونەی لەم جۆرەش لە دنیادا زۆرە و زەقترین بەڵگەش زیادکردنی ژمارەی دەوڵەتانی سەربەخۆ لە سەد ساڵی ڕابردوودایە، بە واتایەکی دیکە زۆربەی ئەم وڵاتانە مێژوویەکی پێکەوە ژیانی دوور و درێژیان هەبووە و لێکیش جیا بوونەتەوە. بەڵام ئەم ئیدعایە لایەنێکی دیکەش دەگەیەنێ ئەویش بەو مانایە کە ئەم بەناو قەومانە هێندە تێکەڵ بەیەکتر بوون کە ئیتر کەس بنەما و ڕیشەی کولتوری خۆی ناناسێتەوە و لە ڕاستیدا ئێستا لە ئێران دا یەک کولتور و یەک نەتەوە زیاتر نیەو ئەویش ئێرانییە. بەڵام ئەوەندەی من ئاگادار بم، لە ئێراندا کورد زۆر بە سانایی خۆی لە عەرەب بە جیا دەزانێ و تورکی ئازەربایجانیش خۆی بە فارس پێناسە ناکات و ئەوانی دیکەش هەر بەم شێوەیە. لە لایەکی دیکەوە تێکەڵاوی فامیلی لە ڕێگای زەماوەندەوە لە وڵاتانی ئورووپائییش هەیە، ئەساسەن جیاوازی ئێتنیکی و ئایینی و کولتوری نێوان ئالمانی و هوڵەندی زۆر کەمترە لە هی نێوان فارس و عەرەب یان تورک، بەڵام هەردووک نەتەوە خاوەن دوو دەوڵەتی سەربەخۆن.

سەبارەت بە بەشی کۆتایی پرسیارەکەش دەبێ بڵێم کە قەوارەی «بوون» وەک نەتەوە بوون یان قەوم بوون یان تەنانەت عەشیرەبوون هیج پێوەندییەکی بە مافە سەرەتاییەکانەوە نیە، بە پێی جاڕنامەی مافی مرۆڤ هەرکەس بۆی هەیە بە زمانی زکماکی خۆی بخوێنێ، پەرە بە کولتوور و داب و نەریتی خۆی بدات، ئازادی ئایین و باوەڕی هەبێ و ...هتد، ئەمانە پێوەندیی بەوە نیە کە ئایا کورد لە قالبی نەتەوەدا پێناسە دەکرێ یان هۆز. نەتەوە لە جیهاندا هەن کەمتر لە میلیونێک حەشیمەتن و دەوڵەتی سەربەخۆشیان هەیە. بۆیە پێم وابێ ئەم شێوە دەربڕینانە تەنیا خۆ دزینەوە لە هەندێک شت وەک دابەشکردنی دەسەڵات، دانپێدانان بە چەند نەتەوە بوونی ئێران و ... کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر هەندێک هۆکاری وەک: مەزنیخوازی، نائاگایی و نەناسینی نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران و دروستکردنی هێندێک ترسی مەجازی و پێناسە نەکردنی ئێران ئەم جۆرەی کە هەیە.

**پرسیار:** ناوەندگەراکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی لە دژایەتیی دیسانتارلیزەکردنی ئێراندا، بەکردەوە ئەوانی خستۆتە یەک بەرەوە. چی وای کردوە کە ئەو دوو هێزە یان کۆمەڵە هێزانە کە بۆ خۆیان دژبەری یەکترین، ئەگەر نەڵێین هاوپەیمان ئاوا هاوهەڵویست و هاوبۆچوون بن؟

**وەڵام:** پێم وابێ هۆکاری سەرەکیی ئەم هاوپەیمانەتییە، لە شێوەی بیرکردنەوەیان و جیهانبینیی ئەوان دا بێت، ئەویش موتلەقگەرایی، مەزنی خوازییەو چۆنێتی ڕوانین بۆ ئێرانە. لە ڕوانگەی ناوەندگەرایەک کورد هێچ مافێکی بەسەر چارەنووسی سیاسی خۆیدا نیە. بە واتایەکی دیکە نە تەنیا کورد ناتوانێ باس لە چۆنێتی فۆرمی سیاسی بۆ ئیدارەی داهاتووی ئێران بکات، بەڵکوو ناتوانێ هیچ بڕیارێک لەسەر چارەنووسی کوردستانیش بدا، بەڵام بە پێچەوانە، ئەوان نە تەنیا ئیزن بە خۆیان دەدەن داواکانی گەلی کورد بە بیانووی جۆراوجۆرەوە ئینکار بکەن یان بە لارێیاندا ببەن، بەڵکوو نووسخە بۆ چارەنووسی هەموو ئێرانیش دەپێچنەوە بە بێ ئەوەی کە ئاورێک لە ویستی زۆرینەی پێکهاتەی ئێران بدەنەوە کە غەیرە فارسن. هەربۆیە ئەوان کورد و نەتەوەکانی دیکە بە حەقداری چارەنووسی سیاسیی ئێران نازانن بەڵام خۆیان خاوەنی شەشدانگی ئێرانن. ئەوان دەترسن کە یەک هەنگاو پاشەکشە و ئیعتراف بە فرەنەتەوە بوونی ئێران، ئەوان لە خاوەنێتیی ئێران دوور بکاتەوە.

**پرسیار:** ئەگەر ئەو ترسە، ترسی سەربەخۆیی نەتەوەکانی ئێران بێ، خۆ لەگەڵ ئەوەی کە تا ئێستا هیچ کام لە نەتەوەکانی ئێرانی داوای سەربەخۆییان نەکردوە، بەڵام ئاخۆ سەربەخۆیی نەتەوەیەک تاوان و دژ بەماف و پڕەنسیپە جیهانگیرەکانە؟؟ یان پێتان وایە کە جۆرێک هەڵە تیگەیشتن لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا هەیە؟

**وەڵام:** بۆ ڕاستکردنەوەی بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان ، دەبێ بڵێم جەریان و ڕێکخراوی سەربەخۆییخوازی سەر بە نەتەوەکانی نێو ئێران - بێجگەلە فارس زمانەکان- هەن، بەڵام لەوانەیە حیزب و جەریانی سەرەکی و لە مێژینەی نێو نەتەوەکانی ئێرانی و یەک لەوان کورد نەبن. بە باوەڕی من ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بە چاوەدێری نێودەوڵەتی و حزووری نوێنەران و چاوەدێرانی سەلاحیەتدار، ڕاپرسییەکی گشتی لە کوردستان بەڕێوەبچێت و زۆرینەی خەڵکی کورد دەنگ بە سەربەخۆیی بدات، ئەوە ئەرکی هەموو دەوڵەت و ڕێکخراو و تاکێکی دێموکرات و ئازادیخوازە کە پشتیوانی لەم داوا دێموکراتیک و ئینسانییەی گەلی کورد لە ئێران دا بکات. بەڵام سەربەخۆیی کوردستان و ئیدارەی ئێران بەو پێکهاتە جۆراجۆرەیەوە دوو باسی تەواو لێک جیاوازن. ئەوەی کە ئێستا جێی باسە چۆنیەتیی ئیدارەکردنی ئێرانی ئێستاکە بەبوونی چەند نەتەوەی جیاوازەوە، کە لەگەڵ کوردستانێکی سەربەخۆ دوو باسن لە دوو بەستەری زەمانی و مەکانیی لێک جیاوازدا. بەڵام کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە لە لایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی ناوەندگەراوە هەندێک پرێنسیپ لەبەرچاو ناگیردرێ. بۆ لێک تێگەیشتن و ئیحتمالەن پێکگەیشتنی دوو تاک یان حیزب، نەتەوە یان دەوڵەت، پێویستیمان بە ئامراز و شەرتێک هەیە؛ ئامرازەکە بوونی دیالۆگ و گفتوگۆیە. کە ئەم گرینگە لە نێو ئۆپوزیسیونی ئێرانیدا بە شێوەیەکی جیدی و بەرفراوان لە ئارادا نیە. تازە ئەگەر دەستیش پێ بکات دەبێ شەرتێک بە تەواوی ڕەچاو بکرێ و ئەویش ئەوەی کە لایەنەکان حەد و حدوودی خۆیان بزانن و حەق و حقووقی لایەنی بەرامبەریشیان بناسن. دەنا دیالۆگیش یان بە ئامانج ناگات یان بە لاریدا دەڕوات.



**له ڕوانگەی ناوەندگەرایەک کورد هێچ مافێکی بەسەر چارەنووسی سیاسی خۆیدا نیە. بە واتایەکی دیکە نە تەنیا کورد ناتوانێ باس لە چۆنێتی فۆرمی سیاسی بۆ ئیدارەی داهاتووی ئێران بکات، بەڵکوو ناتوانێ هیچ بڕیارێک لەسەر چارەنووسی کوردستانیش بدا**

**پرسیار:** بیانووی ناوەندگەراکان بۆ ڕەد کردنەوەی فدرالیزم زۆرە. نەیارانی فدرالیسم لە دەرەوە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە لازمەی فدرالیسم ئەوەیە کە وڵات لە پێش دا تەجزیەو لەت و پەت ببێ و دوایە دەوڵەتە نوێ و تازە دامەزراوەکان ئەگەر ویستیان نیزامێکی فدڕالی پیک بێنن. ئایا لەنیو هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئێستا بەشیوەی فدڕاڵی بەڕێوە دەچن ، نموونەی ئەو ئیدیعایە بینراوە کە لە پێش دا لەت و کوت بووبێتن و دوایەیکیان گرتبێتەوە؟

**وەڵام:** من پێموایە کە ئەم ئیدەعایە تەنیا لە نەناسینی فدرالیسم و لاوازبوونی باری زانستییەوە سەرچاوە دەگرێت و یەگرتنی ئارەزوومەندانەی دەوڵەتانی سەربەخۆ شتێکی دیکەیە.

**پرسیار:** نەیارانی فدرالیسم هەروەها ئیدیعا دەکەن کە فدرالیتە بوونی ئێران لاواز بوونی ئێرانی لێ دەکەوێتەوە بەجۆرێک کە وڵاتانی نادیموکراتیکی دڕواسێ تەماحی تێدەکەن و هێرشی بۆ دەبەن. ئایا وڵاتانی فدراتیوی ئێستای دنیا، لەرووی یەکیەتیخوازی و نیزامییەوە وڵات گەلێکی لاوازن؟

**وەڵام:** پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە نزیک بە ٤٠ لەسەدی دەوڵەتانی جیهان بە شێوەی فدراڵی یان چەشنێک لە لامەرکەزی بەڕێوەدەچن. کە پێشکەوتووترین، ئازادترین و دیموکراتترین وڵاتانی جیهان لە خۆی دەگرێ. زۆربەی ئەم وڵاتانە نە تەنیا لاواز نین بەڵکوو بەشێکن لە وڵاتانی بەهێزی جیهان وەک وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، ئوروپای ڕۆژئاوا و هیند و کانادا و ... هتد. سەبارەت بە ئێرانیش پیویستە بڵێم کە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی بە کردوە هیچ کەڵکێکی لە توانا و پوتانسییەلی فکری و سیاسی و ئینسانیی نەتەوەکانی نێو ئێران، سوونەکان و کەمینە ئایینیەکانی نێو ئێران وەرنەگرتوە، لە لایەکی دیکەشەوە فدرالیزم نە تەنیا بە مانای تەجزیەو لاوازکردنی ئێران نیە، بەڵکوو بە پێچەوانە بە مانای وەگەڕ خستنی ئەم هێز و هزرە بلۆکە کراوانەی نێو ئێرانە بۆ ئێران، بۆیە بە دامەزراندی سیستەمی فدراڵی نە تەنیا ئێران لاواز نابێ دەتوانێ ببێتە نموونەیەکی بەهێز بۆ وڵاتانی دراوسێ و فاکتۆرێکی بەهێز گەشەپێدانی دێموکراسی لە ناوچەدا.

**پرسیار:** کاک کاوە ئەساسەن داخوازیی فدرالیسم وەک سیستم و نیزامێک بۆ بەڕیوەبەریی ئێرانی داهاتوو چەندە وەک ئیدەیەک و تەوافقێک چۆتەپیشی و وەک بەربژێریک مەترەحە؟؟ ئایا لایەنگرانی فیدرالیسم توانیویانە گرەوی ئەو ململانێیە ببەنەوە؟؟

**وەڵام:** وەکی لە پرسیاری یەکەمیشدا ئاماژەم پێ کرد، ئێستاکە زیاتر لە جاران فدرالیسم بوەتە مژاری باسە سیاسییەکان و بە نسیبەت چەند دەیەی ڕابردوو تەئییدی فیدرالیزم وەک فۆرمی سیاسی داهاتووی ئیدارەی ئێران، زۆر لایەن دەگرێتەوە. بێجگە لە حیزب و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەکان و زۆربەی ئەحزاب و ڕێکخراوە چەپ و سیکولارەکان کە خۆیان بە سەراسەری پێناسە دەکەن لە بەرنامەی خۆیاندا فدرالیزم وەک ڕێکارێکی گونجاو بۆ ئیدارەی داهاتووی ئێران پێناسە دەکەن. سەبارەت بە سەقامگیرکردنی فدرالیزم بە دوای گۆڕان، پێم وایە ئەوە باشترین ڕێکارە و تەنیا ڕێگەچارەی کەم کردنەوەی کێشە نەخوازراوەکانە.

# سەفەری ئەحمەدی‌نژاد بۆ لوبنان و ئامانجەکانی

مەسعود ڕەواندوست

ماوەیەکە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئاکامە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوەکانی دادگایەکی نێونەتەوەیی تایبەت بە تیرۆری ڕەفیق حەریری سەرۆک وەزیری پێشووی لوبنان لە ساڵی ٢٠٠٥دا و ئاشکرابوونی ڕۆڵی بەشێک لە ڕێبەرانی پایەبەرزی حیزبوڵڵا لەم تیرۆرەدا بارودۆخی سیاسیی لوبنان ئاسایی نیە و ناکۆکییەکانی نێوان گەورەترین فراکسیۆنی پارلمانی لوبنان لەگەڵ گرووپی شیعەکان تا رادەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕۆڵی ڕێبەرانی حیزبوڵڵا لەم تیرۆرەدا و لەوە زیاتر دەنگۆی دەست تێدابوونی بەشێک لە فەرماندەکانی سپای قودسی ڕێژیمی تاران تێیدا نیگەرانییەکی زۆری بۆ ئێران وەک گەورەترین پشتیوان و لایەنگری حیزبوڵڵا دروست کرد و بووە هۆی ئەوەی ئێران و سووریە هەموو هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ بەلاڕێدا بردن یان کارتێکردن لەسەر ئاکامەکانی ئەم دادگاییە و ڕاگرتن و پاراستنی جێگە و پێگەی حیزبوڵڵا لە لوبناندا.

هەر لە چوارچێوەی ئەم هەوڵانەدا و لەم هەلومەرجە قەیراناوییەی لوبناندا ڕاگەیەندرا کە مەحموود ئەحمەدی‌نژاد سەردانی لوبنان دەکا و دواتر ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی ڕەزبەر گەیشتە لوبنان.

ئەم سەفەرەی ئەحمەدی‌نژاد بە وەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئاڵۆزی لوبنان و ڕابردووی ئێران لە پێوەندی لەگەڵا مەسەلەی ئاشتیی فەلەستین و مەسەلە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە هۆی نیگەرانیی وڵاتانی عەرەبی ناوچە و هەروەها ڕۆژئاواییەکان لە دەرەوە و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری حیزبووڵڵا لە نێوخۆی لوبناندا.

لە دەرەوەی لوبنان وڵاتانی عەرەبی و بە تایبەت ڕۆژئاوا نیگەرانیی خۆیان لە دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی لوبنان و ئاڵۆزتر کردنی کێشەکان و تەنانەت ئەگەری ئەوەی ئێران هەوڵ بدا جارێکی دیکە حیزبوڵڵا وەک هێزێک بۆ نانەوەی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل بەکاربێنێ، دەربڕی و هەر ئەم نیگەرانییانەش بوونە هۆی ئەوەی ئەحمەدی‌نژاد بەر لە سەفەرەکەی لە ڕێگەی تەلەفوونەوە مەلیک عەبدوڵڵا پادشای عەرەبستان و مەلیک عەبدوڵڵا پادشای ئۆردۆن لە ئامانجی سەفەرەکەی خۆی ئاگادار بکاتەوە و هەوڵ بدا نیگەرانییەکان لەم بارەوە کەم بکاتەوە، کە هەر ئەم کارەی ئەحمەدی‌نژاد خۆی جێی گومان و نیگەرانییە چونکە ڕابردووی ئەحمەدی‌نژاد نیشانی‌داوە کە ناوبراو لە هەڵوێست و قسەکانی‌دا هیچ کات نیگەرانیی جیهانیی بۆ گرینگ نەبووە و وەبەرچاوی نەگرتوە.

لە نێوخۆی لوبنانیش‌دا دوو هەڵوێست لە بەرامبەر سەفەرکەی ئەحمەدی‌نژاددا هەبوو، یەکیان هەڵوێستی حیزبوڵڵا وەک هاوپەیمان و لەڕاستی‌دا میواندار و باسکی سیاسی و نیزامیی ئێران لە لوبنان‌دا بوو کە ئەم سەفەرەی بە ڕووداوێکی مێژوویی وەسف کرد و هەوڵێکی زۆری‌دا بۆ ئەوەی پێشوازییەکی بەرچاو لە ناوبراو بکرێ و بە چاپ کردنی ژمارەیەکی یەکجار زۆر وێنە و پۆستێر و خەرجێکی زۆر کە لە ڕاستی‌دا لە سەرمایەکانی خەڵکی ئێران دابین کراوە، لایەنگرانی بانگهێشت کرد کە پێشوازییەکی گەرم و شایان لە ئەحمەدی نژاد بکەن و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ پروپاگەندەیان بۆ کرد. هەڵوێستی دووەم لە لایەن فراکسیۆنی ١٤ی مارسەوە بوو کە لە بەرەی لایەنگرانی ڕۆژئاوادایە و دژی دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری ئێوخۆیی لوبنانە. ئەم گرووپە و ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسان و ڕووناکبیران و سیاسەتوانانی لوبنانی نیگەرانیی خۆیان لە سەفەرەکەی ئەحمەدی‌نژاد و ئاکامەکانی دەربڕی و تەنانەت دژایەتییان لەگەڵ چوونی ناوبراو بۆ لوبنان دەربڕی.



هەروەک گوترا ئەحمەدی‌نژاد ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی ڕەزبەر لە نێوان ئەم هەڵوێست و نیگەرانییانەدا گەیشتە لوبنان و لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزبوڵڵاوە زرۆ بە گەرمی پێشوازی لیکرا و ڕاگەیەنەکانی سەر بە ئێران هەوڵیان‌دا ئەم ڕووداوە گەورە بکەنەوە و بە نیشانەی هێز و قورسایی ئێران لە ناوچە و هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا نیشان بدەن.

ئەحمەدی‌نژاد سەرەتا چووە بەیروت و چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیری لوبنان کرد و دواتر بەشی سەرەکیی سەفەرەکەی کە چوون بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شیعەکان و شار و گوندەکانی سەر سنووری ئیسرائیل دەست پێکرد. ناوبراو لەم ناوچانە زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرا و لە چەند وتاردان و لە پشت سنوورەکانی ئیسرائیل بۆ جارێکی دیکە هێرشی کردە سەر ئیسرائیل و پرۆسەی ئاشتیی فەلەستین و، ماوەیەکە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئاکامە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوەکانی دادگایەکی نێونەتەوەیی تایبەت بە تیرۆری ڕەفیق حەریری سەرۆک وەزیری پێشووی لوبنان لە ساڵی ٢٠٠٥دا و ئاشکرابوونی ڕۆڵی بەشێک لە ڕێبەرانی پایەبەرزی حیزبوڵڵا لەم تیرۆرەدا بارودۆخی سیاسیی لوبنان ئاسایی نیە و ناکۆکییەکانی نێوان گەورەترین فراکسیۆنی پارلمانی لوبنان لەگەڵ گرووپی شیعەکان تا رادەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕۆڵی ڕێبەرانی حیزبوڵڵا لەم تیرۆرەدا و لەوە زیاتر دەنگۆی دەست تێدابوونی بەشێک لە فەرماندەکانی سپای قودسی ڕێژیمی تاران تێیدا نیگەرانییەکی زۆری بۆ ئێران وەک گەورەترین پشتیوان و لایەنگری حیزبوڵڵا دروست کرد و بووە هۆی ئەوەی ئێران و سووریە هەموو هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ بەلاڕێدا بردن یان کارتێکردن لەسەر ئاکامەکانی ئەم دادگاییە و ڕاگرتن و پاراستنی جێگە و پێگەی حیزبوڵڵا لە لوبناندا.

هەر لە چوارچێوەی ئەم هەوڵانەدا و لەم هەلومەرجە قەیراناوییەی لوبناندا ڕاگەیەندرا کە مەحموود ئەحمەدی‌نژاد سەردانی لوبنان دەکا و دواتر ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی ڕەزبەر گەیشتە لوبنان.

ئەم سەفەرەی ئەحمەدی‌نژاد بە وەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئاڵۆزی لوبنان و ڕابردووی ئێران لە پێوەندی لەگەڵا مەسەلەی ئاشتیی فەلەستین و مەسەلە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە هۆی نیگەرانیی وڵاتانی عەرەبی ناوچە و هەروەها ڕۆژئاواییەکان لە دەرەوە و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری حیزبووڵڵا لە نێوخۆی لوبناندا.

لە دەرەوەی لوبنان وڵاتانی عەرەبی و بە تایبەت ڕۆژئاوا نیگەرانیی خۆیان لە دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی لوبنان و ئاڵۆزتر کردنی کێشەکان و تەنانەت ئەگەری ئەوەی ئێران هەوڵ بدا جارێکی دیکە حیزبوڵڵا وەک هێزێک بۆ نانەوەی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل بەکاربێنێ، دەربڕی و هەر ئەم نیگەرانییانەش بوونە هۆی ئەوەی ئەحمەدی‌نژاد

بۆ ل ٨

# تێکۆشەرانی ڕاستەقینە

سیروان مووساپوور

«خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاریی ئێران، هەر ئەوانە نین کە چەکیان لە شانە و لە بەرەکانی شەڕدا دژی ڕێژیمی ئاخوندی شەڕ دەکەن، بەڵکوو تێکڕای ئەوانەکە بە گوێرەی توانای خۆیان بە گیان و بە دڵ و بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەربەرەکانێ دژی ڕێژیمی ئاخوندیدا بەشدارن، تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادین.»

**(لە وتە بەنرخەکانی شەهید د.قاسملوو)**

ئەم وتەیەی دوکتۆری شەهید هی سەردەمانێکە کە خەباتگێڕانی ئێرانی بە گشتی و تێکۆشەرانی کوردستان بە تایبەتی لە بەربەرەکانییەکی سەخت و دژوار لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بوون. ئەو سەردەم ئەگەر پێشمەرگە بە ئارەقە و خوێن پارێزگاری لە مەتەرێزی شەڕەف و مەوجوودییەتی نەتەوەکەی دەکرد، بێگومان خەڵکی کوردستانیش بە گوێرەی توانا و بە شێوەی جۆراوجۆر یارمەتی ڕۆڵە گیان لەسەر دەستەکانیان دەدا و وەک پشتی جەبهەیەکی بەهێز و جێمتمانە، ورەیان بە پێشمەرگە دەبەخشی. بەڵام ئیمڕۆ کە بە هۆی هەل ومەرجی پێشهاتووی تایبەتەوە، خەباتی چەکداری و چالاکی پیشمەرگانە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەماوە و زۆربەی حیزبەکانی ئەو بەشە لە کوردستان، لە تاراوگە و کەمپەکانی ئەو دیوی سنوورەکانەوە درێژە بە تێکۆشانی خۆیان دەدەن، دەبێ بەڕاستی تێکۆشەرانی ڕاستەقینەی ڕێگای ڕزگاری لە ناوخۆی کوردستاندا کێ بن؟ کێن ئەوانەی کە بە دەستی بەتاڵ چەکی بیروباوەڕ و مەچەکی پۆڵایین بە گژ زۆردارانداد دێنەوە و سروودی یەکیەتی و هەرمان دەڵێنەوە؟ کێن ئەوانەی کە نەعرەتەی شێرانەیان جێگای خرمەی چەکی پێشمەرگەی گرتۆتەوە و بە خۆڕاگریی خۆیان ڕێ و ڕێبازیان بە زیندوویی هێشتۆتەوە؟ ئەوانە کەسانێک نین بێجگە لە تێکۆشەرانی ڕاستەقینەی ڕێگای خەبات. ئەوانە زیندانیانی سیاسیی کوردن لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا. ئەوانەیکە پێش گیرانیان ترس دەخەنە دڵی دوژمن و لە کاتی دەس بەسەربووندا بە خۆڕاگریی ئەفسانەیی چۆک بە دوژمن دادەن! گەرەکمانە لەم وتارەدا بە کورتی، کورتەباسێکمان هەبێ لەسەر ئەم تێکۆشەرە ڕاستەقینانە و لە هەمان کاتدا ئاوڕێک لە نەهامەتیەکانیان بدەینەوە:

بەو شێوەیەی کە لە فەرهەنگ و زانستنامە ڕامیارییەکاندا هاتووە لە ڕێژیم و سیستمە یاساییەکاندا، زیندانیی سیاسی ئەو کەسەیە کە بە هۆی پێشێل کردنی سنوورە یاساییەکانی دانراو بۆ ئازادییە سیاسی یەکان ـکە لە یاسای بنەڕەتیدا دیاری کراون ـ و هەروەها لە ژێر پێنانی چوارچێوەی دەسەڵاتدارێتی دەوڵەت، دەس بەسەر یان مەحکووم بە زیندان دەکرێن.

توندترین تاوانی سیاسی کە لە یاسا کانی سزاداندا وەک «جنایت» پێناسەی بۆکراوە، پیلانگێڕی دژی یەکپارچەیی خاکی وڵات و ڕاپەڕینی چەکدارانە لەناوخۆ بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی سیاسیی وڵاتە. هەروەها لە یاسایانەدا زۆرجار تاوانە سیاسییەکان لە تاوانە ئاساییەکان جیا کراونەتەوە و بۆ تاوانباران و مەحکوومانی سیاسی، ماف و ئیمتیازی تایبەت لە چاو تاوانبارانی ئاسایی لەبەرچاو گیراوە. (مەرجی بەشداری لیژنەی دادگەری»هیئت منصفە»لەدادگاییکردنەسیاسیەکاندا، جیابوونەوەی زیندانیانی سیاسی لە ئاسایی و هێندێک ئیمتیازی تایبەت لە زینداندا).

بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا چی؟



لە کۆماری ئیسلامیدا وەک ڕێژیمێکی توتالیتێر و دیکتاتۆر، زیندانیی سیاسی ئەو کەسە نییە کە بە تاوانی لەژێر پێنانی سنوورە یاساییەکانی ئازادییە سیاسییەکان، کە لە یاسای بنەڕەتیدا دیاری کراون، دەگیرێن. ئەو کەسانەش نین کە دژی یەکپارچەیی خاکی وڵات پیلانیان گێڕابێ و دەستیان بۆ چەک بردبێ.! بەڵکوو بە پێچەوانەوە بەشێکی بەرچاو لە زیندانیانی سیاسی ئەو کەسانەن کە ڕاست بە تاوانی سووربوون لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو ئەسڵانە گیراون کە لە یاسای بنەڕەتی وڵاتدا بۆیان دیاری کراوە. کەم نین ئەو زیندانییە سیاسییانەی کە داوای مافی وەک یەک لەگەڵ شارۆمەندانی تری ئێرانی دەکەن، بۆ مەگەر ئەوە داوای جێبەجێکردنی ئەسڵی ١٩ی یاسای بنەڕەتی ئێران نییە؟ کەم نین ئەو ڕۆڵە کوردانەی کە بە هۆی «تفتیش عقاید» ساڵەهای تەمەنیان لە ژوورە تەنگ و تاریکەکاندا بەسەر بردووە و بەسەر دەبەن، مەگەر ئەسڵی ٢٣ی ئە یاسایە دەڵێ چی؟ زۆرن ئەو ڕۆژنامەنووس و چالاکوانانەی بە هۆی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک یان چالاکییەکی سیاسی بێ ئەوەی دژی بەرژەوەندی وڵات بێ، گیراون و تووشی چارەنووسێکی نادیارن، ئەی ئەسڵی ٢٤ بۆچی نووسراوە؟ بۆ مەگەر لە ئەسڵی ٢٧دا نەهاتووە کە «پێکهێنانی کۆبوونەوە و ڕێپێوان بەبێ هەڵگرتنی چەک، بەو مەرجەی شێوێنەری بنەماکانی ئیسلام نەبێ، ئازادە» . کام ڕێپێوان لە شەقامەکاندا کراوە و چەکی تێدا بەکار هاتووە و کام دروشمی دژی ئینسان و ئیسلام دراوە؟و......

لێرەدا قسە لەسەر باسکردنی مادده و تەبسەرە و حەق و ناحەق نییە. ئەوە کۆماری ئیسلامی یە و تەواو. ئەو کە بەزەیی بە حاڵی داڕێژەران و بناخەدانەرانی یاسای بنەڕەتی دانایەت، کەی کار بەم یاسایانە دەکات. ڕێژیم، ڕێژیمێکی سەدە ناوەڕاستی و بەهەزاران گۆپاڵاً بەدەست ها لە دەستی. ئیتر تا کاتی گیانەڵڵا هەر بە ڕبەی خۆی دەپێوێ. بەڵام ئەوەیکە لێرەدا گرنگە باسی بکرێ ئەوەیە کە زیندانیانیی سیاسی بەگشتی و کوردەکان بە تایبەتی لە گرتووخانەکانی ڕێژیمدا تەنیا زەجر و ئازاری زیندانی بوون ناکێشن، بەڵکوو بە کۆمەڵێک نەهامەتییەوە دەناڵێنن کە زیندانی لێ کردوون بە دۆزەخ . هەڕەشەی بەردەوامیی ئێعدام و لە چاوەڕوانی جێبەجێبوونی حوکم دا هێشتنەوە، ئەشکەنجە بە هەموو شێوەکانییەوە، دەستدرێژی، مەترسی گیرۆدەکردن بە مادده هۆشبەرەکان و نەخۆشییە عیلاج نەکراوەکان، نەداری و سووکایەتی بە بنەماڵەکانیان و... بەشێک لەو ترسانەن کە وەک مۆتەیەک سواری شان و ملی زیندانیانی سیاسیی کورد دەبن.

لێرەدا جارێکی تر وێڕای ڕێزگرتن لە گەورەیی و دانەواندنی سەری کڕنۆش لە هەمبەر قەڵافەتی جوامێرانەیان، دان بەوە دادێنین کە تێکۆشەرانی ڕاستەقینەی ڕێگای ئازادیی ئەو کەسانەن کە دوێنێ چالاکڤانی هەڵسووڕی ڕێگای کوردایەتی و ئەمڕۆ قەڵایەک لە باوەڕ و خۆڕاگری نێو سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامین.ئەو کەسانەن کە کونجی بەندیخانەیان کردۆتە قوتابخانە و وانەی بەرخۆدان و خۆڕاگری تێدا دەڵێنەوە. ئەو کەسانەن کە بە «ڕقی پیرۆز» لە سەر «حەقی پیرۆز» وەجواب هاتوون و ڕوو لە جەللاد هاوار دەکەن:

**دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم**

**لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم**

**دەمکوژێ، ئەمما بە گژ جەللادەکەم دا دێمەوە**

**کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە** (هێمن)

«خالید شوانی» لە وتووێژێکی تایبەتدا بۆ «کوردستان»:

# یەکێک لەو فاکتۆرانەی کە بۆتە هۆی ئەوەی حکوومەت لە عێراق پێک نەیە، فاکتۆری دەرەکییە

دیمانە: مادێح ئەحمەدی

**ئاماژە: زیاتر لە حەوت مانگە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق بەڕێوەچووە، بەڵام تا ئێستا هیچ کام لە لایەنەکان لەگەڵ یەک ڕێک نەکەوتوون بۆ ئەوەی کە حکوومەت پێک بێنن. ئەم بابەتە لە ماوەی ڕابردوودا بەردەوام جێی مشتومڕ بووەو دەیان و بگرە سەدان کۆبوونەوەی لەسەر گیراوە. بە پێی ئەو جموجووڵانە کە لە گۆڕێ دایە پێدەچێ مالکی شانسی زیاتری هەبێ بۆ ئەوەی حکوومەتی داهاتووی عێراق پێک بێنێ. لە هەمانکات دا مەسەلەی دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ لە کاروباری نێوخۆی عێراقدا لەماوەی ڕابردوودا بابەتێکی جێی سەرنج بووەو یەکێک لەو خاڵانە بووە کە بەردەوام ئەمریکا جەختی لەسەر کردۆتەوەو کە نابێ حکوومەت بە پێی ویستی ئێران و هەندێ وڵاتی دیکە پێک بێ. بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەوڵەکان بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی دەرەکی بەردەوامن. بابەتێکی دیکە کە لەم نێوانەدا گرنگە، پێگەو قورسایی کوردە لە حکوومەتی داهاتووی عێراق دا. لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا هاوپەیمانی کوتلە کوردستانییەکان چەند خاڵێکی وەک وەرقەی کورد خستە ڕوو و دەیەوێ بە پێی ئەو خاڵانە مامەڵە لەگەڵ لایەنەکان دا بکا بۆ بەشداری کردن لە پێکهێنانی حکوومەت دا. لەم پێوەندییەدا «کوردستان» چەند پرسیارێکی ئاراستەی «خالید شوانی»، ئەندامی پارلمانی عێراق لە سەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان کردکە لێرەدا سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەم وتووێژە ڕادەکێشین.**

**کوردستان:** وەک یەکەم پرسیار، دەکرێ بڵێن هەوڵەکان بۆ پێک هێنانی حکوومەت لە عێراقدا گەیشتۆتە کوێ و چەندە چۆتە پێش؟

**خالید شوانی:** لەم پێوەندییەدا دانیشتنەکان لە نێوان کوتلە سەرکوتووەکانی هەڵبژاردنەکان بەردەوامە. ئەم کۆبوونەوانە هەم لە ئاستی نێوخۆ و هەم لە ئاستی دەرەوە (بە تایبەت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ) بەردەوامەو جموجووڵی سیاسی و دیپلۆماتیکی گەورە لە ئارادایە. لە سەر ئاستی نێوخۆی عێراق بەمەبەستی ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەیەکی دیار و هاوبەش بۆ پێک هێنانی حکوومەتی داهاتوو بە شێوەی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی لە نێوان لایەنەکاندا بەردەوامە. هەروەها هەوڵەکان بۆ ڕاکێشانی پشتگیری وڵاتانی دراوسێ (چ وڵاتانی عەرەبی و چ وڵاتانی دیکە) بەردەوامن. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر سەیر بکەین چ لە ڕووی نێوخۆییەوە و چ لە ڕووی دەرەکییەوە ماوەیەکە جموجووڵی سیاسی گەورە لە ئارادایە. دیارە بۆ ئەوەی حکوومەت پێک بێ، ئەم هەوڵانەش تا ئێستا نەیتوانیوە هەموو کێشەکان چارەسەر بکاو هەموو گرێ کوێرەکان بکاتەوە. بۆیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی بەردەم پێک هێنانی حکوومەت پێویستە بەردەوام بین لە سەر هەوڵەکانمان.

**کوردستان:** پێت وایە لە ئاکامدا هەموو لایەنەکان لە عێراق (بە تایبەت هاوپەیمانییە سەرەکییەکان) لە پێک هێنانی حکوومەتی داهاتوودا بەشداری بکەن؟

**خالید شوانی:** هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئێستاتی عێراق بۆچوونیان ئەوەیە کە هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (کورد، سوننە و شیعە) لە حکوومەتدا بەشدار بن. واتە هیچ لایەنێک لە لایەنەکان پەراوێز نەخرێ. لە ئاکامدا پێویستە حکوومەت لە سەر بنەمای یەکیەتیی نیشتمانی دروست ببێ و ئەگەر ئەمە ببێ بە بنەما، هەموو لایەنەکان بەشدار دەبن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هێزێکی سیاسی لەسەر هێزێکی سیاسی دیکە ڕاوەستێ. لە بەر ئەوەی ئەو بەشداری نەکردوە، ئەم حکوومەت دروست نەکا. بۆیە ئەمن پێم وایە لە ئاکامدا زۆربەی هێزە سیاسییەکان لە پێک هێنانی حکوومەتدا بەشداری دەکەن. چونکە پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆیان لە بەشداری کردن لە حکوومەت دا دەبیننەوە.

**کوردستان:** لە وڵامی پرسیاری یەکەم دا ئاماژەتای بە ڕۆڵی وڵاتانی دراوسێی عێراق کرد. ڕۆڵی وڵاتانی دراوسێ لە پێک¬هێنانی حکوومەتدا چون دەبینی؟ بە تایبەت بینیمان لە ڕۆژانی ڕابردوودا «نووری ئەلمالکی»، سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا سەردانی سوریا و ئێرانی کرد. ئایا ئەمە ڕیگا بۆ دەستێوەردانی زیاتری ئەو وڵاتانە لە کاروباری نێوخۆی عێراقدا خۆش ناکا؟

**خالید شوانی:** خۆی ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە ٢٠١٠/٣/٧دا بەڕێوەچوو، دەکرێ بڵێن ئەوەندی هەڵبژاردن بوو لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق و دەنگدەران دا، لە هەمان کاتدا ڕۆڵی وڵاتانی دراوسێ لەو هەڵبژاردنانەدا بە ڕوونی دیار بوو. ئەم ڕۆڵەش بە دوو ئاراستەدا دابەش ببوو. ئەو دوو ئاراستەش لە سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق لە هەڵبژاردنەکان دا بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەکابەرایەتی یەکتریان دەکرد. بۆیە ئەم ڕۆڵە ئێستاش ماوە. لەبەر ئەوە ئەم هێزە سیاسییانە هەندێ جار دەکەونە ژێر کاریگەری هەندێ لە وڵاتانی دراوسێیەوە. بۆیە ئەمن ئەمە بە فاکتۆرێکی کاریگەری دەبینم و یەکێک لەو فاکتۆرانەی کە بۆتە هۆی ئەوەی تا ئێستا لایەنەکان ڕێک نەکەوتوون پێکەوە بۆ ئەوەی حکوومەت پێک بێنن لە عێراق فاکتۆری دەرەکییە. بە بۆچوونی ئێمە پێویستە بڕیاردان لەسەر پێک هێنانی حکوومەت پێویستە بە گوتارێکی نێوخۆیی ڕێک بخرێ و وڵاتانی دراوسێ و لایەنە دەرەکی-یەکان دەستی تێوەرنەدەن. چونکە دەستێوەردانێکی دەرەکی بێگومان لە بەرژەوەندی خەڵکی عێراقدا نییە.

**کوردستان:** لەم پێوەندییەدا ڕۆڵی ئەمریکا چون دەبینی؟ چونکە ئەمریکا یەکێک لەو هێڵە سوورانەی کە جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە نابێ وڵاتانی دراوسێ(بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی) دەستێوەردان بکەن و ڕۆڵیان هەبێ لە پێکهێنانی حکوومەت دا.

**خالید شوانی:** بەو پێیەی کە ئەمریکا هاوپەیمانی عێراقە و ڕۆڵی هەبووە لە گۆڕینی ڕێژیمی پێشووی عێراق دا و ئەم هێزانە (بەتایبەتی دەوڵەتی عێراق) هاوپەیمانییەکی ستراتیژی لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا هەیە، پێم وایە ئەمریکا تا ئێستاش کاریگەری لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق هەیە، بەڵام لە ئاکام دا ئەمریکا بە پێشکەش کردنی پێشنیار و تێبینی بۆ لێک نزیک کردنەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکان بەمەبەستی دروست کردنی حکوومەتێک کە بنەماکانی دیموکراسی لە عێراق دا بپارێزێ و هیچ لایەنێک تێدا نەخرێتە پەراوێزەوە، هەوڵ دەدا. لە بەرانبەردا بێگومان وڵاتانی دیکەش هەن کە بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەمریکا یەک ناگرێتەوە بۆ خۆیان هەوڵدەدەن، بەڵام هەندێ جاریش ڕەنگە هێزە نەیارەکان و لایەنی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بۆ نموونە لەسەر کەسایەتییەک کۆک بن بۆ ئەوەی حکوومەت پێک بێ. بۆیە ئەم ڕۆڵە و ئەم ململانێیانە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا ڕۆژانە بە پێی بەرژەوەندییەکان لە گۆڕان دایە.

**کوردستان:** لەم ڕۆژانەدا زۆرتر باس لەوە دەکرێ کە نووری ئەلمالکی ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران. بە تایبەت ئێستا شیعەکان لەسەر ئەمە ڕێککەوتوون. لەم پێوەندییەدا دژکردەوەکان چون دەبینن؟ بە تایبەتی دژکردوەکانی هاوپەیمانی ئەلعێراقییە کە لە لایەن «ئەیاد عەلاوی»یەوە سەرۆکایەتی دەکرێ. ئایا پێت وایە لە ئاکام دا مالکی دیسان ببێتەوە سەرۆک وەزیر؟

**خالید شوانی:** ئێستا دوو کاندیدی سەرەکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران هەن. یەکیان مالکییە، وەک سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا. لە بەرانبەردا ئێستا ئەلعێراقییە پاشەکشەی کردوە لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران. ئەوان(ئەلعێراقییە) ئێستا ڕاستەوخۆ پشتیوانی لە «عادڵ عەبدولمێهدی» دەکەن بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران. هەر کام لەم دوو کاندیدە بتوانێ لایەنگری زیاتر بۆ خۆی کۆبکاتەوەو بە پێی بەرنامە سیاسییەکانی لایەنەکان لێک نزیکبوونەوە دروست بکا و پاڵپشتی زیاتری هێزی ناوخۆ و هێزی دەرەوەش بەهەمان شێوە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، دەکرێ بڵێین ئەو دەتوانێ حکوومەت پێک بێنێ. لە ئێستادا لە ناو گەمە سیاسییەکاندا لەبەر ئەوەی لیستی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا توانیویەتی هاوپەیمانی لەگەڵ ڕەوتی سەدر، ڕەوتی جەعفەری و حیزبەکەی ئەحمەد چەلەپی دروست بکا، ئەمە قورساییەکی داوە بە مالکی لە ناو هاوکێشە سیاسییەکان دا.



# به بۆچوونی ئێمە بڕیاردان لەسەر پێک هێنانی حکوومەت پێویستە بە گوتارێکی نێوخۆیی ڕێک بخرێ و وڵاتانی دراوسێ و لایەنە دەرەکییەکان دەستی تێوەرنەدەن

**کوردستان:** کورد تا ئێستا بە تەواوەتی هەڵوێستی ڕوون نییە. پێت وایە کورد پشتیوانی لە مالکی دەکا یا نا بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕایگەیاند مامەڵە دەکا و دەچێتە پێش؟

**خالید شوانی:** هەر وەک پێشتریش ڕامانگەیاندوە، ئێمە وەکوو هاوپەیمانی کوتلە کوردستانییەکان هێڵی سوورمان بەرانبەر بە هیچ کاندیدێک نییە. هەر کەسایەتی و لایەنێک لەسەر ئەو خاڵانەی کە وەک هاوپەیمانی کوتلە کوردستانییەکان خستوومانە ڕوو نزیک بێتەوەو لەگەڵ ئێمە ڕێک بکەوێ، ئەوا دەکرێ بڵێین پشتگیری ئێمەی بۆ پێک هێنانی حکوومەت بە دەست هێناوە. بە هەمان شێوە هیچ لایەنێک بە بێ ڕێککەوتن و قبووڵ کردنی خاڵەکانی ناو وەرەقەکەی ئێمە پشتگیری کورد بە دەست نەهێنی. بۆیە نزیک بوونەوە و پشتیوانی کردنی ئێمە وەک هاوپەیمانی کوتلە کوردستانییەکان لە هەر کام لە کاندیدەکانی پۆستی سەرۆک وەزیران بەستراوەتەوە بە قبووڵ کردنی ئەو داخوازیانەی ئێمە کە لەو وەرەقەدا خستوومانەتە ڕوو.

**کوردستان:** تا ئێستا ئەو لایەنانە چەندە پێشوازیان لەو خاڵانە کردوە کە کورد ڕایگەیاندوە؟

**خالید شوانی:** هاوپەیمانی نیشتمانی بە شێوەی ئەرێنی دەڕوانێتە ئەو وەرەقەی کورد. بەهەمان شێوە لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا لەسەر وردەکارییەکانی ئەو خاڵانەی کە لەو وەرەقەدا خستوومانەتە ڕوو لە دانوستان داین. ئەوانیش لە بنەمادا لەسەر ئەو وەرەقەیە ڕێککەوتوون. هەروەها «مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی» نارەزایەتی بەرانبەر بەو وەرقەیە دەرنەبڕیوە، بەڵکوو پاڵپشتی خۆی نیشان داوە. ئەوەی دەمێنێتەوە لیستی ئەلعێراقییەیە. لیستی ئەلعێراقییەش خەریکی تاوتوێ کردنی ئەو وەرەقەیەن.

**کوردستان:** لەو وەرەقەیەدا باس لە هەندێ خاڵ وەک جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ و چارەسەر کردنی ئەو گرفتانەی کە لە نێوان بەغدا و هەولێر دا لە ئارادایە کراوە. ئێمە بینیمان لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا کە مالکی سەرۆک وەزیر بوو و ئێستاش سەرۆکایەتی لیستی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا دەکا و یەکێک لە کاندیدەکانە بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران، مەیلێکی جیددی نیشان نەدا بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ و چارەسەر کردنی ئەو گرفتانەی کە لە ئارادان. ئەگەر مالکی ببێتەوە بە سەرۆک وەزیر، چ گەرەنتییەک هەیە بۆ ئەوەی ئەو خاڵانەی کە کورد باسیان لێ دەکا جێبەجێ بکا؟

**خالید شوانی:** یەکەم شت پێموایە یەکڕیزی خودی کوردە کە زۆر گرنگە پێداگر بێ لەسەر جێبەجێ کردنی مافە دەستوورییەکانی خۆی. ئەمە لە لایەک. دووهەم شت لە سیاسەتدا گەرەنتی زۆر کەمە. چونکە بە پێی بەرژەوەندی و لاواز بوون و بەهێز بوونی هێزە سیاسییەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسی دا، هاوکێشەکان گۆڕانیان بەسەردا دێ. ئەوەی دەتوانێ گەرەنتی بێ، ئەوەیە کە ئێمە وەک هاوپەیمانی کوتلە کوردستانییەکان ئێستا لەم دەرفەتە کەڵک وەر بگرین و کۆمەڵە مەرجێک بسەپێنین کە لە ئاکام دا ئەو حکوومەتە نەتوانێ پاشگەز بێتەوە لە مافەکانی ئێمە و مەرجەکانمان جێبەجێ بکا. ئێمە ئێستا لە هەوڵداین بۆ ئەوە و بەردەوام لە دانوستان داین.

**کوردستان:** دەنگۆی ئەوە لە ئارادایە کە هەندێ لایەن دەیانەوێ لە هاوپەیمانی کوتلە کوردستانییەکان بکشێنەوە. تا چەندە ئەم دەنگۆیە ڕاستە؟

**خالید شوانی:** تا ئێستا هیچ داوایەکی لەو چەشنەمان پێ نەگەیشتووە و وەکوو «هاوپەیمانی کوتلە کوردستانییەکان» بەشدارین لە کۆبوونەوەو دانوستانەکان و هاوپەیمانی کوتلە کوردستانییەکان تا ئێستا یەکڕیزی خۆی پاراستووە.

**کوردستان:** وەک دوا پرسیار. پێت وایە لە ئاکامدا حکوومەت چەندەی دیکە بخایەنێ کە پێک بێ؟

**خالید شوانی:** حکوومەت لە کاتێکی زۆر نزیک¬دا دروست نابێ، بەڵام پێم وایە سەرەتاکانی نەخشەی سیاسی بۆ پێک هێنانی حکوومەت تا دێ ڕوونتر دەبێتەوە، بەڵام تا ئێستا پێویستی بە کاتی زیاترە بۆ دروست کردنی حکوومەت.

**کوردستان:** زۆر سپاس

**خالید شوانی:** سپاس بۆ ئێوەش. سەرکەوتووبن.

# دەسەڵات نوێنیی ئێران

حەسەن شێخانی

سەرەنجام دوای ئامادەکارییەکی زۆری پروپاگەندەیی و سیاسی، مەحموود ئەحمەدی نژاد سەرکۆماری ئێران سەفەرێکی دو رۆژەی بۆ لوبنان کرد و لە لایەن بەتایبەت شیعەکانی ئەم وڵاتەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا.

ئەم سەفەرە لە کاتێک دا کرا کە وتوویژەکانی ئاشتیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بەرەبەری شکست دا بوون. لوبنان بە هۆی لێکۆڵینەوەکانی دادگای نێونەتەوەیی تیرۆری رەفیق حەریری و ئەگەری دەست تێداهەبوونی حیزبوڵڵا لەم تیرۆرەدا، لە بارودۆخێکی تا رادەیەک نائاسایی دا بوو. حیزبوڵڵا و پشتیوانەکانی، ئێران و سوریە ئەم دادگایە بە ساویری ئیسرائیل و ئەمریکا لە پێناوی ئامانجەکانیان دا وەسف دەکەن و بێ لایەنی ئەم دادگایەیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە.

لەم بارودۆخەدا ئەمریکا و ئیسرائیل راستەوخۆ دژایەتیی خۆیان لەگەڵ سەفەری سەرکۆماری ئێران بۆ لوبنان دەربڕی و ئەم سەفەرەیان بە هۆکاری تێکدانی ئاسایشی لوبنان و ورووژاندنی خەڵکی لوبنان و تەنانەت فەلەستینیش بە دژی ئیسرائیل لە قەڵەم دەدا و بەم پێیە وەک مەترسییەک بۆ سەر پرۆسەی وەگەڕ نەکەوتووی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین ناویان دەبرد. سەرەڕای ئەم دژایەتییانە و پێناخۆش بوونی زۆر وڵاتی شیخ نشین و عەرەبی ناوچەکە، ئەم سەفەرە بە پێی خشتەی زەمەنی و بەرنامەی داڕێژراو بەڕێوەچوو و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەو ئامانجانەی بۆ ئەم سەفەرە دیاریکرابوون، گەیشتن.

ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیو و بە دوور لە روانگەیەکی بەرتەسکی ئایدۆلۆژیکی بڕوانینە ئەم سەفەرە، دەبێ بڵێین کە ئەحمەدی نژاد لەم سەفەرەدا سەلماندی کە کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە نێو شیعەکانی لوبنان دا پێگەیەکی بەرینی جەماوەری هەیە و ئەم راستییەشی وەک دەسەڵات نوێنییەکی بەرچاو بەرووی ئەمریکا و ئیسرائیل دا دایەوە.

ئەگەر نفووزی بەرچاوی ئێران لە لوبنان دا تەنیا بۆ یارمەتییە ماددییەکانی ئێران بە لوبنان و حیزبوڵڵا بگەڕێنینەوە، شرۆڤەیەکی دوور لە راستیمان پێشکەش



کردووە. چونکە لە پاڵ فاکتەری ماددی دا، فاکتەرەکانی بیروباوەڕ، ئایینزا و دوژمنی هاوبەش رۆڵێکی حاشاهەڵنەگریان هەیە. ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ئێران رۆڵێکی بەرچاوی لە دەرکردنی ئیسرائیل لە باشووری لوبنان و چەشنێک شکستی ئیسرائیل لە شەڕی ٣٣ رۆژەی ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ حیزبوڵڵا دا هەبوو و شیعەکانی لوبنان وەک ئەمەکناسیش بێ، بە پێشوازییەکی کەم وێنە لە سەرکۆماری ئێران، سوپاس و پێزانینی خۆیان دەربڕی. لە روانگەی بەشێک لە رای گشتیی عەرەبەوە ئاخافتنی ئەحمەدی نژاد لە دژی ئیسرائیل لە چەند هەنگاوی ئەو وڵاتەدا وەک بوێری ناوبراو لێکدەدرێتەوە و ستایش دەکرێ. بۆ روونبوونەوەی زیاتری ئەم بابەتە پێویستە ئاوڕێک لە یارمەتییە ماددییەکانی ئەمریکا بە وڵاتانی ناوچەکە و بۆ نموونە میسر بدەینەوە. سەرەڕای یارمەتییە ماددییەکانی ساڵانەی دەوڵەتی ئەمریکا بە وڵاتی میسر، کەچی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی میسر لە ئەمریکا بێزار و تووڕەن و ئەگەر سەرۆکی ئەمریکا سەردانی وڵاتەکەیان بکا نەتەنیا پێشوازییەکی جەماوەری لێ ناکەن بەڵکوو وەک وڵاتێکی خۆسەپێن و دەست تێوەردەریش لە قەڵەمی دەدەن. لێرەدا بۆ بەرچاو روونی زیاتر ئاماژە بە نموونەی پاکستانیش دەکەین. هەموومان دەزانین کە ئەمریکا ساڵانە یارمەتییەکی ماددی زۆر پێشکەشی وڵاتی پاکستان دەکا بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نەیتوانیوە هیچ پێگەیەک لە نێو خەڵکی پاکستان دا پەیدا بکا و پێوەندییەکانی ئەو پەڕەکەی لە ئاستی پێوەندیی لەگەڵ ئێلیتی دەسەڵاتداری پاکستان دا قەتیس ماوەتەوە. لە خۆڕا نییە کە ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاوی سەربازی ئەمریکا لەلایەن ئیسلامییەکانی پاکستانەوە دەکوژرێن. ئەم نموونانە و چەندین نموونەی دیکەش سەلمێنەری ئەوەن کە پێشوازی گەرمی شیعەکانی لوبنان لە ئەحمەدی نژاد تەنیا بە یارمەتییە ماددییەکانی ئێران بە حیزبوڵڵای لوبنان شی ناکرێتەوە.

دەوڵەتی لوبنان، دەوڵەتێکی ئیئتیلافییەو لە دوو فەراکسیۆنی زۆرینەی ١٤ی مارس و کەمینەی ٨ی مارس پێک دێ. مەحموود ئەحمەدی نژاد وەک میوانی فەرمی دەوڵەتی لوبنان سەردانی ئەم وڵاتەی کرد. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئارا ئەگەر فەراکسیۆنی زۆرینەی ١٤ی مارس دژی سەفەری ئەحمەدی نژاد بووبن ئایا ئەم سەفەرە دەکرا؟ ئەو دژایەتی و نیگەرانییانەی لەلایەن کەسایەتییەکانی ١٤ی مارسەوە دەخرانە روو، پێدەچێ بۆچوونی تەنیا بەشێک لە فەراکسیۆنی ناوبراو بووبن. گریمانەیەکی دیکە ئەوەیە فەراکسیۆنی ١٤ی مارس لە رواڵەتدا نیگەرانی خۆیان دەردەبڕی و دژایەتی ئەم سەفەرەیان دەکرد بەڵام لە راستیدا دژی ئەم سەفەرە نەبوون چونکە ئەگەر لایەنی زۆرینەی دەوڵەتی لوبنان هاورای ئەم سەفەرە نەبووبن، ئەم سەفەرە نەدەکراو سەری نەدەگرت. لە غەیری ئەوەدا دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە حیزبوڵڵا و هاوپەیمانەکانی سەرەڕای کەمینە بوونیان بڕیار دەری سەرەکی دەوڵەتی لوبنانن!

بە شێوەیەکی دیاریکراو لە مەڕ ئەم سەفەرە لە راگەیەنە جۆراوجۆرەکانەوە ئەم شرۆڤانە خرانە روو:

١. ئەم سەفەرە وەک نیشاندانی پشتیوانی ئێران لە حیزبوڵڵا و هەوڵدان بۆ بەهێز کردنی ئەم گرووپە لە شانۆی سیاسیی لوبنان دا لێکدرایەوە.

٢. ئەو سەفەرە بۆ نیشاندانی لوبنان وەک پێگەی مەدیتەرانەیی ئێران رێکخراو ئامانج لەم سەفەرە ئەوە بوو ئێران ئەوە بسەلمێنێ کە لوبنان لە ژێر کاریگەری ئێراندایە و لە لوبنان کە هاوسنووری ئیسرائیلە نفووزێکی بەرچاوو حاشاهەڵنەگری هەیە. هێندێک لە سیاسەتمەدار و کەسایەتییەکانی سەر بە گرووپی ١٤ی مارس ئەم شرۆڤەیان دەخستە روو.

٣) مەبەستی ئەحمەدی نژاد لەم سەفەرە ئەوە بوو کە بە دژبەرانی لەنێوخۆی ئێراندا بسەلمێنێ کە لە دەرەوەی ئێرانیش لە نێو خەڵک دا خۆشەویستە و ئەم مەسەلەیەش وەک ئامرازێک لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێراندا بە کار بێنێ. لە لایەکی دیکەشەوە دەگوترێ ئەم سەفەرەو ئەم پرۆپاگەندە زۆرەی بۆی کرا، لە راستای داپۆشینی کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانی ئێران و بە تایبەت قەیرانی ئابووری و کاریگەرییەکانی گەمارۆکانی ئەم دواییانە، داڕێژرابوو. ئەحمەدی نژاد بانگەشەی ئەوە دەکا کە ئەم گەمارۆیانە بێ کاریگەرن و بە هیچ شێوەیەک هەڕەشە و گوڕەشەی وڵاتانی رۆژئاوا نایترسێنێ و هەروا لەسەر ئامانجەکانی لە سیاسەتی دەرەوە دا پێداگرە. ئەم سەفەرە لەم پێناوەدا گەڵاڵە کرابوو. ئەم شرۆڤەیە بە تایبەت لەلایەن دژبەرانی ئەحمەدی نژاد و لایەنگرانی بزووتنەوەی سەوزەوە دەخرایە روو. هەروەها ئەم دەستەیە ئەوەشیان دەخستە روو کە لە کاتێکدا بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران لە هەژاری و بەدبەختی دا دەژین، ئەم جۆرە بەخشینەوەی بوودجە ئێران و وەرێخستنی ئەم مانۆرە سیاسییانە لەسەر حسابی خەڵکی ئێران ئەنجام دەدرێن و هیچ قازانجێکیان بۆ خەڵکی ئێران تێدا نیە.

٤) کۆماری ئیسلامی ئێران کە لەلایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە وەک وڵاتێکی تێکدەری هێمنی و ئاسایشی ناوچەکە و جیهان و پێشێلکاری نەزمی جیهانی لە قەڵەم دەدرێ و بەم هۆیانە لە ئاستی نێو نەتەوەیی دا گۆشە گیر بووە، دەیەوێ بە ئەنجامدانی ئەم سەفەرانە سیاسەتی شکست خواردووی لە ئاستی دەرەوەدا داپۆشێنێ و بەم شێوەیە بانگەشەی ئەوە بکا کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران، سیاسەتێکی چالاکەو خاوەن دەسکەوت و ئاکامی پۆزەتیڤە.

هەروەک دەرکەوت ئەم سەفەرە، سەفەرێکی پڕ پەراوێزو پڕ هەڵڵا و هەنگامە بوو و شرۆڤەی جۆراو جۆر و تەنانەت دژبەیەکی بۆ کرا. بەڵام ئەم سەفەرە هەر چۆنێکی لێکبدرێتەوە مانۆرێکی سەرکەوتووی هێزی ئێران بوو لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیدا. باڵی دەسەڵاتدار ئەم سەفەرەیان کردە دەرفەتێک بۆ پروپاگەندەو نیشاندانی پێگەو نفووزی ئێران لە یەکێک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا. ئەگەر سەرنجی پۆستێرو پلاکاردو لافیتەکانی ئەحمەدی نژاد و خامنەیی و خومەینی لە لوبنان و ئەو پێشوازییە گەرمەی لێی کرا بدەین، ئەم سەفەرە زیاتر لە سەفەرەکانی پێشووی ئەحمەدی نژاد بۆ پارێزگاکانی ئێران دەچێ تا سەفەرێکی دەرەوەی سنوور و ئاسایی دیپلۆماتیک.

**ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیو و بە دوور لە روانگەیەکی بەرتەسکی ئایدۆلۆژیکی بڕوانینە ئەم سەفەرە، دەبێ بڵێین کە ئەحمەدی نژاد لەم سەفەرەدا سەلماندی کە کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە نێو شیعەکانی لوبنان دا پێگەیەکی بەرینی جەماوەری هەیە و ئەم راستییەشی وەک دەسەڵات نوێنییەکی بەرچاو بەرووی ئەمریکا و ئیسرائیل دا دایەوە.**

**درێژەی:**

## سەفەری ئەحمەدی‌نژاد بۆ لوبنان و ئامانجەکانی

بەر لە سەفەرەکەی لە رێگەی تەلەفوونەوە مەلیک عەبدوڵڵا پادشای عەرەبستان و مەلیک عەبدوڵڵا پادشای ئۆردۆن لە ئامانجی سەفەرەکەی خۆی ئاگادار بکاتەوە و هەوڵ بدا نیگەرانییەکان لەم بارەوە کەم بکاتەوە، کە هەر ئەم کارەی ئەحمەدی‌نژاد خۆی جێی گومان و نیگەرانییە چونکە رابردووی ئەحمەدی‌نژاد نیشانی‌داوە کە ناوبراو لە هەڵوێست و قسەکانی‌دا هیچ کات نیگەرانیی جیهانیی بۆ گرینگ نەبووە و وەبەرچاوی نەگرتوە.

لە نێوخۆی لوبنانیش‌دا دوو هەڵوێست لە بەرامبەر سەفەرکەی ئەحمەدی‌نژاددا هەبوو، یەکیان هەڵوێستی حیزبوڵڵا وەک هاوپەیمان و لەراستی‌دا میواندار و باسکی سیاسی و نیزامیی ئێران لە لوبنان‌دا بوو کە ئەم سەفەرەی بە رووداوێکی مێژوویی وەسف کرد و هەوڵێکی زۆری‌دا بۆ ئەوەی پێشوازییەکی بەرچاو لە ناوبراو بکرێ و بە چاپ کردنی ژمارەیەکی یەکجار زۆر وێنە و پۆستێر و خەرجێکی زۆر کە لە راستی‌دا لە سەرمایەکانی خەڵکی ئێران دابین کراوە، لایەنگرانی بانگهێشت کرد کە پێشوازییەکی گەرم و شایان لە ئەحمەدی نژاد بکەن و بۆ ماوەی چەند رۆژ پروپاگەندەیان بۆ کرد. هەڵوێستی دووەم لە لایەن فراکسیۆنی ١٤ی مارسەوە بوو کە لە بەرەی لایەنگرانی رۆژئاوادایە و دژی دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری ئێوخۆیی لوبنانە. ئەم گرووپە و ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەنووسان و رووناکبیران و سیاسەتوانانی لوبنانی نیگەرانیی خۆیان لە سەفەرەکەی ئەحمەدی‌نژاد و ئاکامەکانی دەربڕی و تەنانەت دژایەتییان لەگەڵ چوونی ناوبراو بۆ لوبنان دەربڕی.

هەروەک گوترا ئەحمەدی‌نژاد رۆژی چوارشەممە ٢١ی رەزبەر لە نێوان ئەم هەڵوێست و نیگەرانییانەدا گەیشتە لوبنان و لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزبوڵڵاوە زرۆ بە گەرمی پێشوازی لیکرا و راگەیەنەکانی سەر بە ئێران هەوڵیان‌دا ئەم رووداوە گەورە بکەنەوە و بە نیشانەی هێز و قورسایی ئێران لە ناوچە و هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا نیشان بدەن.

ئەحمەدی‌نژاد سەرەتا چووە بەیروت و چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیری لوبنان کرد و دواتر بەشی سەرەکیی سەفەرەکەی کە چوون بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شیعەکان و شار و گوندەکانی سەر سنووری ئیسرائیل دەست پێکرد. ناوبراو لەم ناوچانە زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرا و لە چەند وتاردان و لە پشت سنوورەکانی ئیسرائیل بۆ جارێکی دیکە هێرشی کردە سەر ئیسرائیل و پرۆسەی ئاشتیی فەلەستین و،

ئیسرائیلی بە دیاردەیەکی نامەشرووع ناوبرد و خوازیاری نەمانی بوو. ئەم قسانەی ئەحمەدی نژاد لە لایەن دانیشتوانی ئەم ناوچانەوە پێشوازییان لیکرا کە ماوەیەکی زۆر لە ئاکامی شەڕی حیزبوڵڵا و ئیسرائیل وێران کرابوون و ژمارێکی زۆر کوژراوو برینداری لیکەوتبۆوە. دیارە لە دوای شەڕە ٣٣ رۆژەکەی ساڵی ٢٠٠٦ی حیزبوڵڵا و ئیسرائیل زۆربەی شارو گوندەکانی ئەم ناوچانە بە تەواوی وێران بوون کە بە سەرمایەکانی ئێران ئاوەدان کرانەوە و ئێستا نیشانەیەک لە و

وێرانیان تیدا نەماوە لە حاڵێک‌دا کە شاری بەم کە زیاتر لە ١٠ ساڵە بە هۆی بوومەلەرزەوە وێران بووە ئێستاش بە تەواوی ئاوەدان نەکراوەتەوە.

ئەوەی لەم سەفەردا گرینگە مەبەست و ئامانجەکانی ئەحمەدی نژاد و بە وتەی خۆیان ستراتێژیی ئێران لەم ناوچەیە و لە لوبنان‌دایە. هەروەک گوترا ئاشکرابوونی رۆڵی رێبەرانی حیزبوڵڵا لە تیرۆری رەفیق حەریری‌دا ئەم نیگەرانییەی بۆ ئێران پێک هێناوە کە جێگە و پێگەی حیزبووڵڵا لە نێو گرووپە سیاسییەکانی لوبنان و لە ئاکام‌دا لە رکەبەرایەتیی دەسەڵات لە لوبنان‌دا بکەوێتە مەترسییەوە و ئێران نفووز و هێزی لەم وڵاتە و لە سنوورەکانی ئیسرائیل کەم بێتەوە. هەر بۆیە ئێران بە پێویستی زانی بۆ هێز و قورسایی بەخشینی زیاتر بە حیزبوڵڵا و دووبارەکردنەوەی پشتیوانیی هەمەلایەنە و بێ ئەملا وئەولای لەم گرووپە گوێ لە مستەی خۆی ئەم سەفەرە و لە راستی‌دا ئەم کارناڤالە وەڕێبخات بۆ ئەوەی هەم گرینگیی حیزبوڵڵا بۆ گرووپەکانی نێوخۆی لوبنان زەق بکاتەوە کە لە راستی‌دا لە ئاکامی ئەم پشتیوانییە بێ سنوورانەی ئێران وەک دەوڵەتێک لە نێو دەوڵەتی لوبنان‌دا دێتە بەرچاو و هەر بەو هۆیەشەوە زۆربەی وڵاتە عەربەکان ئەم سەفەرەی ئەحمەدی‌نژادیان بە سەردانی ناوبراو لە دەوڵەتی حیزبووڵڵا دەزانی نەک دەوڵەتی قانوونیی لوبنان، هەمیش بە نیشان‌دانی ئەم مانۆرە هەوڵبدا باڵانسێک لە هێز لە ناوچەکەدا بخاتە بەرچاو کە سەرنجی جیهان بۆ لای نفووز و دەسەڵاتی ئێران لەم ناوچە هەستیارەدا دەربخاو وەک کارتێک لە معاملەکان و بە تابەت لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی ئێران لەگەڵ رۆژئاوا و مەسەلەی مافی مرۆڤ و سەرکوتەکان و بێ مەشرووعییەتیی ئەم دەوڵەتە لە نێوخۆدا کە لەم دواییانەدا کەوتۆتە سەر مێزی وتوویژەکان کەلک وەرگرێ. دیارە نیگەرانی و هەستیاریی گرووپەکانی نێوخۆی لوبنان و وڵاتانی دەوروبەر و رۆژئاوا وای کرد کە ئێران ناچار بێ کەمێک نەرمتر بێتە پێش بەڵام ئەحمەدی نژاد بە پێی شێوازی خۆی وتە ناسراوەکانی لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل و دژایەتیی پرۆسەی ئاشتیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دووپات کردەوە. بەڵام ئەوەی راستە ئەوەیە کە هەروەک چاوەڕوان دەکرا ئەم سەفەرە هیچ قازانجێکی بۆ دەوڵەتی لوبنان تێدا نەبوو و ئەوە تەنیا حیزبوڵڵا و رێژیمی تاران بوون کە بە رواڵەت بە ئامانجە پروپاگەندەییەکانیان گەیشتوون و بۆ دیتنی ئاکامە راستەقینەکانی ئەم سەفەرە دەبێ چاوەڕوان بمێننەوە.

# کارایی زانستی فیزیک لە وەرزش دا

وەرگێڕان: ئازاد عەباسیان

**کارایی زانستی فیزیک و زانستە پەیوەندیدارەکانی، وەک میکانیک و بیۆمیکانیک لە تەکنیک و حیرفە وەرزشیەکان دا:**

لە ساڵی ١٩١٤ ی .ز. گرینگی بە کارهێنانی یاساکانی زانستی فیزیک و لقەکانی پێوەندیدار بە فیزیکەوە بە تایبەت زانستی میکانیک لە وەرزش دا سەرنج راکێش بوو.

خاتوو «واتز» هەر لەو ساڵەدا بە بەکارهێنانی کەرەسەی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی،لەسەر گرینگیی زانستەکانی میکانیک لە وەرزش و چالاکییەکانی رۆژانە دا باسێکی هێنایە گۆرو وتی:

کاتێک ئەم بنەمایەنا روون کرانەوەو پێناسە کران، ئەو کات نەک هەر بۆ فێربوونی تایبەت بەڵکوو لە هەموو لقەکانی وەرزشی و چالاکی رۆژانە دا دەتوانین کەڵکیان لێ وەربگرین.

هەر لەو بارەیەوە وتی: کارایی کەڵک لێوەرگرتنی بنەما زانستییەکانی میکانیک بە شێوەیەکی دروست، کۆی ئەو چالاکیە وەرزشیانە ئێوە سەرکەوتوتر و بە شێوەیەکی بەرچاو لە برینداری و زەربەی بەهێز دەتانپارێزێ و پێشگێری دەکا واتە پێشگیریکەرێکی باشە. لە جم و جۆڵ و چالاکییە وەرزشی یەکانی رۆژانەدا بە شێوەیەکی کوتوپری کەڵک لە یاساکانی زانستی میکانیک،بیۆمیکانیک، وەک یاساکانی هێزی راکیشان،هاوسەنگی،جوولە، شێوەی بە کارهێنانی نوێڵ، هێز،»مەلەوەری لە وەرزشە ئاویەکان» پێکدان و فرێدان و.. وەردوگیرێ.

لەساڵی ١٩٥٠ی.ز. دا قازانجێکی زۆریان لەم زانستانە وەرگرت و کێبەرکێکانی ئولەمپیک و نێونەتەوەیی لە لایان وڵاتانی خاوەن وەرزشەوە بە تایبەت یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشووەوە، لایەنی جیدی و سەرهەڵدانی خەتی سیاسی لە وەرزش دا هەڵایساند.

کارایی یاساکانی فیزیک کاتێک سەرنجراکێش ببوو کە وەرزشوانانی ئاڵمانی رۆژهەڵاتی پێشوو بە بەشداری کردن لە کێبەرکێکانی نێونەتەوەیی و بە دەست هێنانی بەرزترین پلە لەو یاریانەدا،دوو وڵاتی خاوەن ناو لە وەرزش دا یانی سۆڤیەتی پێشوو و ئەمریکای کڕ و مات کرد.

ئەنجومەنە ( ئەنستیتۆ) وەرزشیەکانی ئاڵمانی رۆژهەڵات بە کەل و پەلی زۆر پێشکەوتووی تاقیگە و راهێنەرانی لێ هاتوو و خاوەن ئەزموون، بە پێشکەش کردنی شێوازگەلێکی پێشکەوتوو و نوێی فێربوون و پەروەردەیی و داهێنانی شێوازی سەیروسەمەر لەسەر بنەمای یاساکانی زانستی میکانیک، لە لێکۆڵینەوەکانی زانستی وەرزشی لەگەڵ زۆر لە وڵاتان بە شێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتنیان بە خۆوەبینی وپێشیان کەوتنەوە.

ئەم جۆرە حیرفە زانستیانە تا رادەیەکی زۆر،باسی شانس یا بیانوی تیر و پشکیان لە کێبەرکێکان دا بە قازانجی وڵاتێکی تایبەت پوچەڵ کردەوەو،ئەوەی دەرخست کە تەنیا وەرزشوانانی خاوەن زانست بە تەواویی دەتوانن سەرکەوتن بە دەست بێنن.

ئەمڕۆکە شاهیدی پشکووتنی وەرزشی زانستی لە هەموو بوارەکاندا هەین و داهاتوو دەیسەلمێنێ کە وڵاتانی خاوەن زانست و لێکۆڵینەوە و ئامادە بۆ سەرمایە گوزاری مەعنەوی و ئابووری لەم بوارەدا، سەرکەوتنی گەورە بە دەست دێنن.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ کە بە زمانێکی سادە و ساکار یاساکانی زانستی فیزیک و لقەکانی پێوەندیدار بە « میکانیک و بیومیکانیک» و کارایی و کاریگەریان لە وەرزش دا تاوتوێ کەین.



بەر لەباس کردنی ئەم یاسایانە پێویستە پێوەندی نێوان زانستی فیزیک و میکانیک وبیومیکانیک تان بۆ شیی بکرێتەوە :

## فیزیک چیە؟

فیزیک یەکێک لە بەشە گرینگەکانی « دەتوانین بڵێین گرینگترین» زانستی سروشتییە و تاوتوێ کردنی سەرجەم دیاردەسروشتیەکانی بە شێوەیەک خستۆتە ژێر کارتێکەری خۆیەوە.

زانستی فیزیک لە خوێندنەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی ماددە یا شتی ماددی، کرداری دوولایەنەی ئەم توخمە پێکهێنەرە حاشاهەڵنەگرانە و تاوتوێی ئەم جۆرە کاریگەریە دوو لایەنانە و بەهرە جسمی یەکانی ماددی دەخاتە بەر چاومان و دەست ڕا گەیشتن بە دیاردە نادیارەکانی سروشت ئاسان دەکا.

فیزیک سەڕەرای هەڵسەنگاندی پێکهاتەی جسمی ماددی و هۆکارە پێکهێنەرەکانی پێوەندیەکی نزیکی لە گەڵ زۆربەی زانستە سروشتیەکان وەک دیاردەیەکی بنەڕەتی لە سەرجەم توێژینەوە زانستیەکان دا کارایی بەر بڵاوی بۆ خۆی تەرخان کردوە.

تاوتوێی بارودۆخی زانستی وەک وزە، رووناکی،میکانیک «رەق و شل» شیمی، فەلەک ناسی، زەوی ناسی، بە بێ کارهێنانی فیزیک نارەخسێ و ئیمکانی نیە.

### لقە نەریتیەکانی فیزیک:

تا کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ چوار چێوەی توێژینەوەی زانستی فیزیکیان بە زانستەکانی، میکانیک، ترمۆ دینامیک « وزەی کارەبا» ئەلکتریسیتە، ئاسن رفێن، دەنگ و رووناکی کورت دەکردەوە.

بۆ وێنە میکانیکیان بە زانستی جووڵانەوەکان و رووناکی یان بۆ وەدەست هێنانی زانستی بینین «ئەپتیک»، دەنگ و بیستنیان بۆ دەست ڕاگەیشتن بە زانستی ئێکۆسیستم و ئەلکترۆ مغناتیسیان وەک گەیەنەرێک لە گەڵ سەرجەم ئەو لقە ناوبراوانە دەزانی.

زانستی میکانیک وەک ناسراوترین و دیارترین لقی زانستی فیزیک بە کار هێنرا و زۆر خێرا پەرەی سەندو و بە سەر دوو بەشی ئستاتیک ( نەگۆڕ) و دینامیک ( بزۆێنەر ) دابەش کرا.

یاساگەلێکی زۆر لە پێوەندی لە گەڵ ئیستاتیک و دینامیک دا هاتە گۆڕ، کە زۆربەیان ئەمڕۆکە لە چالاکی یە زانستی و پیشەسازی و وەرزشی یەکاندا کەڵکیان لێ وەردگیردرێ..

لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا روانگەکان سەبارەت بە زانستی فیزیک ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات و لقێکی نوێی بە ناوی فیزیکی نوێ بە تایبەت تاوتوێی وزەی ناوکی پێ زیاد بوو.

ئەم گۆڕانکاریانە زیاتر لە ژێر کارتێکەری بیرۆکە نوێ یەکانی ئەستێرەی رووناک و هەمیشە زیندووی دونیای فیزیک « ئالبێرت ئەنشتەین» دا بوو، ئەنشتەین روانگەی فیزیک ناسان، زانایان وبیرمەندانی لە پێوەندی لەگەڵ فەزا، کات و خێرایی و جوڵە بە تەوایی گۆڕی و کێشە ئاڵۆزەکانی هێزی راکێشان و مەتەڵۆکەی کاکەشانەکانی چارەسەر کرد.

کارە زانستییەکانی ئەنشتەین و دەرەنجامەکانی لە هێزی راکێشان کە بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ پێناسەی هێزی راکێشانی نیۆتۆن دا ناکۆکی هەیە، ئێستا ( حاڵ) لە خۆ دەگرێ و یاسا پێشکەش کراوەکانی لەسەر داهاتووی جیهان کاریگەری هەیە.

قورسایی ئەنشتەینی «رێژەیی گشتی» هەروەک کە لەسەر تەنە ئاسمانیەکان و مانگ و ئەستێرە و هەسارەکان کارتێکەری هەیە، بە دڵنیاییەوە ئاڵووگۆر بەسر لقە جۆراوجۆرەکانی وەرزش دا دێنێ.

بۆیە کە خێرایی،لە ئازاد کردنی وزەی شاراوەی جسمەکان رۆڵی سەرەکی دەبینێ و ئەم شتەگرینگە لە هێمای $E= mc$ ئەنشتەین دا باس کراوە.

دەزانین کە خێرایی و گوڕم لە بەدست هێنانی بەرزترین دەرەنجام دا ئەرکی سەرەکی هەیە و لە بەدەست هێنانی وزەی زۆر لە لایەن وەرزشوانەوە. بەو واتایە کە هێمای ئەنشتەین دەتوانێ بەرزترین پلەی سەیر و سەمەر لە ساڵەکانی ٢٥٠٠ تاکوو ٣٠٠٠ بەدەست بێنێ. ئەوەی کە لەپێوەندی لە گەڵ وزەی شاراوە و خێرایی دا باس کرا دەیشتوانێ خەیاڵاتی پڕووپوچ بێت.

بەڵام داهاتووی سەرکەوتنە بەرزە سەر سوڕهێنەرەکان لەبوارە جۆراوجۆرەکانی وەرزشی دا پێوەندی بە خێرایی و گرتنی وزوە لەم راستایە دا هەیە.

بەهەرحاڵ بە بەکار هێنان و کەڵک وەرگرتن لە قورسایی ئەنشتەینی و لابردنی قورسایی نیۆتۆنی،» لە بەرامبەر قورسایی ئەنشتەینی دا وەک یەک نیە» ئەمە نابێتە کۆتایی سەرکەوتن و وەرزشەکانیش لێرەدا کۆتایی پێ نایێت..

فیزیکی نوێ بە پێویستی دەزانێ لە هەر کاتێک دا بنەما و بیرۆکەکانی زانایانی پێشووی زانستی بیرکاری و فیزیک تاوتوێ بکاو ئاڵوگۆری نوێی بەتێدا پێک بێنێ.

### سەرهەڵدانی زانستی بیومیکانیک ( مکانیک زیستی) لە وەرزش دا:

لەم ساڵانەی دوایی دا بیرمەندان پاش هەڵسەنگاندنێکی زۆر بۆ شرۆڤە کردنی جووڵەکانی لەشی گیان لە بەران بەتایبەت مرۆڤ « زیاتر لەهەمووشتێک جووڵەی وەرزشی» وشەی بیۆمیکانیکیان هێنایە بەر باس.

لە راستی دا بیومکانیک لقێکە لە زانستی دایک واتە فیزیکەو سەرجەم یاساکانی فیزیک لەم لقە دا دەبیندرێ.

پێناسەی زانستی بیۆمیکانیک

لە پێوەندی لە گەڵ تیکنیک و پسپۆڕە وەرزشیەکاندا بیۆمکانیک بەم شێوەیە پێناسە دەکرێ:

بیۆمیکانیک زانستێکە کە بە بەکارهێنانی یاساکانی فیزیک و میکانیک لە جووڵە وەرزشیەکان و چالاکیەکانی رۆژانەی مرۆڤ و شی کردنەوەی کردەوە و دژکردەوەی هێزە نێوخۆیی ودەرەکیەکان لە سەر جەستەی مرۆڤ و ئاکامەکانی دوایی ئەم هێزە باس دەکا.

### بیومیکانیک چ ئاڵوگۆڕێکی لە شێوازەکان و تیکنیکەکانی وەرزش دا پێک هێناوە؟

بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی یاساکانی زانستی بیۆمیکانیک بوونە هۆی ئاڵوگۆری سەیر و سەمەر لە وەرزش و فەننە پێوەندی دارەکانی دا.

بۆ وێنە، گۆڕانکاری لە جووڵە کلاسیکییەکانی قورسایی لە جووڵەکانی یاری هەڵگرتنی قورسایی (وزنە برداری) و راکێشانی کتوپڕ و خێرا و شێوەی هەڵتروشکان و سەرکەوتنەکانی سەرەوەی ( رکۆرد) ئەم وەرزشە قورسەی بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕیوە، هەروەها بۆتە هۆی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان.

### پێوەندی زانستی فیزیک لەگەڵ وەرزش:

فیزیک بنەڕەت و پایەی زۆربەی زانستە سروشتی یەکانە و کارایی لە زۆربەی زانستەکاندا هەیە.

وەرزش بێ بەش نیە لەم نەریتە، بێ بەکار هێنانی یاساکانی فیزیک هیچ کام لە پڕۆسە وەرزشییەکان بۆ شی کردنەوە نابن.

یەکێک لە لقە پڕ بایەخو گرینگەکانی فیزیک،میکانیکە کە لە هەموو بوارەکانی وەرزشی دا بە شێوەیەکی بنەڕەت و بەر بڵاو بەکار دێ و کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

بۆ پێوەندی زیاتر لە نێوان زانستی میکانیک و وەرزشی زانستی دا، هەر دووکیان بە شێوەی خوارەوە پێناسە دەکین.

هەڵسەنگاندنی ئەم دوو پێناسەیە ئەوەمان پی دەڵێ کە چەندە وەرزشی زانستی پێوەندی بە زانستەکانی فیزیکەوە هەیە.

### پێناسەی زانستی میکانیک:

زانستی میکانیک زانستێکە کە باس لە جووڵەو کاریگەری هێزەکان بەسەر جسمەکان دەکات.

### پێناسەی زانستی وەرزش:

زانستی وەرزش زانستێکە کە لە پێوەندی لە گەڵ بەکار هێنانی هێزی ماسوولکەکانی وەرزش وانان و گواستنەوەی بە هۆی تاندۆنی ماسولکەکان بە لۆسەکانی لەش کە دەبێتە هۆی بزواندن و جووڵەیان و بە ئاکام گەیاندنی جووڵە وەرزشیەکان.

یا هێزە راستەقینەکانی وەرزشوان کە هێزی ماسولکەکانی بەسەر جسمەکان « دەتوانێ کەرەسەی وەرزشی بێت» کارتێکەر بێ و جووڵەی لۆسەکانی بەدواوە بێ و دەبێتە هۆی کامڵ بوونی جووڵە وەرزشییەکان.

ئەم دوو پێناسەیە زۆر لێک نزیکن و ئەوە دەگەیەنێ کە تا چەندە یاساکانی فیزیک و لقە پێوەندی دارەکانی لە تکنیکە وەرزشیەکاندا دا کاریگەرن.

کاتێک کە خێرایی و توانایی و پشوو درێژی ( کەم نەهێنانی هەناسە هەڵکێشان) لە یاری زۆرانبازی ئازاد و فەرەنگی دا بە یاسا گەلێکی نوێوە هاتە گۆڕو، ئەم دوو وەرزشە لە شێوەیەکی ماندوو هیلاک و بێ جووڵەوە بوو بە وەرزشێکی پڕجووڵە چالاک، خاوەن ستایل، خاوەن فەنن و سەرنج راکێش.

یان کاتێک کە رێساکانی مەلەکردن لە گەڕانەوە دا ئاڵ وگۆری بەسەر دا هات، بە شێوەیەکی دیار کاریگەری هەبوو لە سەرکەوتنە بەرزەکانی ئەم رشتەیە.

ئەم بابەتە لە فرێدانی نەیزەی فایبێر گلاسی کە وشک و رەق نەبوو، سەر سووڕ هێنەر بوو.

ئەوە بوو کە راهێنەرانی وەرزشی ئەمەیان بە لاوە شتێکی سەیر بوو.

زانستی بیۆمیکانیک بوو بە یاریدەری مامۆستایان و راهێنەرانی وەرزش لە شی کردنەوەی زانستی جوڵە وەرزشیەکان و هەروەها یاریدەرە لە ئەنجام دانی تکنیک و فەننە زانستییەکانی جوڵەی وەرزشی،هەروەهائاسانکارییەک بوو بۆچۆن بیرکردنەوە لە بڕیار داندا.

بۆ وێنە لە یاری هەڵگرتنی قورسایی دا، بەکار هێنانی بەربڵاو لە یاساکانی بیۆمیکانیک و میکانیک لە جوڵە کلاسیکیەکان و راهێنانی لایەنە فەننی تکنیکیەکانی ئەم دوو جوڵەیە لە ئەستۆی راهێنەرە.

ئەم راهێنەرانە لە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوودا دەبێ زانستی بیومیکانیک و یاساکانی پێوەندیدار،بە وەرزشوانان بناسێنن و بەکاری بێنن. بێ گومان خاڵی دەستپێکی فێربوونی ئەم زانستانە، زانکۆ وەرزشیەکانن.

ئەم زانکۆیانە لە جیاتی وانەناگرینگەکان دەبێ زۆرتر وانەی فیزیک و بیومیکانیک و بیرکاری لەبەر چاو بگرن. سەرەڕای خوێندنی ئەم وانانە بە شێوەی تئۆری، دەبێ تاقیگەی جۆراوجۆر کە بە کردەیی چۆنیەتی بەکارهێنانی یاساکانی فیزیک و بیومیکانیک لەوەرزش دا نیشان دەدا، بە شێوەیەکی کردەیی دابندرێ و پۆشتەو پەرداخ بکرێ.

ئەو شتەی کە گرینگی زانستی بیومیکانیک بە شێوەیەکی بەربڵاو نیشان دەدا، باشتر کردنی تەکنیک و ریکۆردە وەرزشییەکانە کە لە ئاکام دا پێشکووتنی بەهرە شاراوە کانی قوتابیانی وەرزشوانە کە یەکێک لە ئەرکەکانی راهێنەرە .

سەرچاوە: www.
knowclub.com

# بنەما تئۆرییە ـ فەلسەفییەکانی دێموکراسی

**(بەشی یازدە)**

ن: زانیار ئەحمەدی
وەرگێران لە فارسییەوە: تەها رەحیمی

لە روانگەی ئەفلاتوون، دەروەستی زێدەڕۆیانە لە یەکسانی سیاسی و ئازادی، پێوەری دیموکراسی و روالەتی جێگەی داخی تایبەتمەندییەکانیەتی. (هلد۵۳:۱۳٦۹)ئەفلاتوون ئەوەی بە بەلگە دەهێناوە کە پەرەپێدانی بێ کۆت و بەندی بنەماکانی ئازادی و یەکسان دەبێتە هۆی لە نێوچوونی هەموو ئەو نۆرمانەی حالەتی فەرمان دانیان هەیە و رێز و حورمەتی کۆمەلایەتیی و حکومەتیش ناهێلێ.(بلوم۱۱٦:۱۳۷۲) پەرەگرتن و سەقامگیری دەسەلاتی جەماوەری بێ عاقل لە حکوومەت دا نەک هەر ناسەقامگیری و جۆرێک ئانۆمی سیایی لێدەکەوێتەە، بەلکوو جۆرێک گەوج هەلخەلەتێنیی(دیماگۆژی)شی بەدوا دا دێ. ئەندرۆ هیوور پێی وایە سەرەکیی ترین بەلگەی ئەفلاتوون دژی دیموکراسی ئەوەیە کە ئەندامە ئاساییەکانی کۆمەلگەی نازانن بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان فەرمانڕەوایی بکەن. (هیوور،۳٤۱:۱۳۸۳). بەم حالەشەوە ئەفلاتوون لە بەرهەمەکانی دوایی خۆی دا تا رادەیەک بیروبۆچوونەکانی هاوسەنگ دەکاتەوە و لە نێو خرابترین جۆری حکوومەتەکاندا(تیمارشی، ئۆلیگارشی و دیموکراسی) دیموکراسی بە باشترین جۆری حکوومەت دەزانێ. ناوبراو راشکاوانە دەلێ «ئەو شوێنەی قانوون حوکمی ناکا،(دیموکراس) باشترین جۆری حکوومەتە«( عبدالكريمی۲٤٦:۱۳۸۷) ئەرەستوو لە سەر روانگەی ئەفلاتوونەوە بەمجۆرە لە دیموکراسی دەدوێ: «دیموکراسی خراپترینی حکوومەتە باشەکان و باشترینی حکومەتە خراپەکانە» (ئەرەستوو،۲۰٦:۱۳۸٦)

ئەفلاتون لە بەرهەمەکانی دواتری دا رەخنە لە سەقامگیر نەبوونی قانوون لە سیستمی دیموکراسی دا دەگرێ، چونکی بە بڕوای دی کاکلی دیموکراسی ویستی بەرەللایی و کەلکی نادروست لە ئازادی وەرگرتنە و لە کتێبی «کۆمار» دا روونی دەکاتەوە کە تاکەکانی (کۆمەلگەی) خەلک سالاری هەرکات هەرچییان پێخۆش بێ دەیکەن و زیاتر حەزیان لە ئیشتیا و ئاواتی کاتی و خۆنەگرە. ( بووشە۱٤۹:۱۳۸۵) ئەرەستوو لەسەر جۆرەکانی دیموکراسی لە کتێبی «سیاسەت»دا وێڕای باس و شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی پێنج چەشنە دیموکراسی، دەلێ:

«...... وەختێک زۆربەی هەرە زۆری خەلکی ولاتێک لە پیاوی ئازاد(مەبەست کۆیلە نەبێ) و دەستەنگ پێک بێ، حکوومەتێک دادەمەزرێنن کە دیموکراسی پێ دەلێن»، کەواتە لەم روانگەیەوە ئەم حکوومەتانەی توندوتیژو سەرەڕۆن بە جۆری ئۆلیگارشی و ئەو حکوومەتانەی هەوسارپچڕاوو بێ کۆت و بەندن لەسەر سیستمی دیموکراسین. (ئەرەستوو،(۲۰۹۱۳۸٦-۲۱۱) ئەرەستوو ئەو دیموکراسییانەی پێڕەوی قانوون بی بە خەلک هەلخەلەتێن نازانێ. کەواتە لە دیموکراسی پێڕەوی قانوون دا هەلفریواندن بوونی نییە .. بەلام هەرکە قانوون لە کزی بدا،هەلخەلاتاندن و هەلفریواندن بازاری گەرمە. (ئەرەستو،۲۱٦:۱۳۸٦).

لەم روانگەیەوە ئەرەستوو پێی وایە ئەو دیموکراسییانەی تێیاندا قانوون بالادەست نییە «لە روانگەی مێژووە دوایین گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی حکوومەت دەردەخەن» و ئاوابوونیان مسۆگەرە. (ئەرستوو، ۱۳۸٦: ۲۲۱) سەرەڕای ئەوەش ئەرەستوو حکوومەتی دیموکراتیکی لە حکوومەتی ملهوڕی پێ باشترە، چونکی بە بڕوای وی حکوومەتی دیموکراتیک لە هەموو سیستمێکی دیکە کەمتر لە باشترین سیستمی سیاسی لادەدا. (لیدمان، ۱۳۸٦: ۳۸)

وێدەچێ ئەو شتەی لەبارەی دیموکراسییەوە فیلسوفەکانی سەردەمی کۆنی بە جۆرێک نیگەران کردبێ کە دژی بخوێنن ئەم سێ خالە بێ:

یەکەم ئەوەی کە، جەماوەر (دێمۆکان) توانایی لێکدانەوەی پێویست بۆ سیاسەت و تەنانەت بە بەرژەوەندیی خۆشیان نەبێ و رەنگە لە هەلبژاردنی تاکەکان دا بەتایبەت کەسی پێگە خۆشەویست و خەلک هەلخەلەتێن دا بە هەلە بچن، بە جۆرێک کە هەم ئەو کەسانەی هەلدەبژێردرێن و هەمیش ئەوانەی هەلدەبژێرن بە پێی پێویست لێوەشانەوە نەبن و حکوومەت بەرەو هەلدێر و بەرژەوەندی و ئامانجی کاتی و تێپەڕ بەرن، خالی دوویەم ئەوەی کە جەماوەری ناوشیار و دەستەنگ کەسێک هەلبژێرن کە بنەماکانی قانوون بخزێنێ و تاکی هەلبژاردراو ویستی خۆی و تەنانەت خەلک بەسەر قانوون دا فەرز بکا و لە ئاکام دا تووشی سەرەڕۆیی و دیماگۆژی بێ.

خالی سێیەم شرۆڤەیەکی ئەبستمۆلۆژییە کە تایبەتمەندی و نێوەڕۆکی ئەم فۆرمە لە حکوومەت دەگرێتەوە، بەو واتایەی کە، یەکەم حکوومەتی دیموکراسی لە فەزیلەتی هاوسەنگی و ناسینی پێویست بێ بەرییە و دوویەم ئەوەیکە یەکسان دانانی هەموو لەگەل یەکترلەگەل سروشتی مرۆڤ ناتەبایە. ماکیاڤێلی یەکێکی دیکە لە رەخنەگرانی دیموکراسی پێی وابوو دیموکراسی سیستمێکی ناسەقامگیرە و توانایی پاراستن و پارێزگاری لە دەولەت نییە. (بشیریە، ۱۳۸٤: ٤٤۳)

ژان ژاک رۆسۆ لە لایەکەوە داهێنەری مودێلێکی تایبەتی دیموکراسی (جەماوەری)یە و لەلایەکیشەوە هێرش دەکاتە سەر دیموکراسی سەردەمی کۆن و ئەو دیموکراسییە شیاوی خوداکان و پەرییەکانە. رۆسۆ پێی وایە: «حکوومەتی دیموکراسی لە جیهان دا قەت بە واتای راستەقینەی خۆی بوونی نەبووە و نابێ، چونکی حوکمی زۆرینە لەسەر کەمینە دژی نەزمی سروشتییە. هەروەها خەلک هەموو رۆژێ بۆیان ناکرێ بۆ رێکخستنی کاروباری ولات لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە و ئەگەر بیانەوێ بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن خۆیانەوە کۆمەلە کۆمیسیۆنێک دیاری بکەن شێوەی ئیداری کاروبارەکان دەگۆڕدرێ». (روسو، ۱۳۸۷: ۱۱٦) ئیدموند بێرک، بابی کۆنزەرڤایقی لە کتێبی «راوەستەیەک لەسەر شۆڕشی فەڕەنسە» (۱۷۹۰)دا دیموکراسی بە شەرمەزاراویترین جۆری حکوومەت پێناسە دەکا و بەلگەشی ئەوەیە کە دەنگی جەماوەر (تودەها) هیچ پێوەرو پێودانگێک هەلناگرێ. (بشیریە،٤٤۳:۱۳۸٤) بە پێی شرۆڤەی بووشە، بە چەندین جار لە بیروبۆچوون و وتەکانی هیرۆدۆت، ئەفلاتوون، ئەرەستوو دا وەک پالەوانی «دێموس» (تودە) باس لە حکوومەتی تیرانی کراوە. (بووشە.۱۷:۱۳۸۵) دێموکراسی دەکەوێتە بەر پەلارو تەشەری نیچەش؛ نیمچە دێموکراسی بە هێمای ژنانیلەیی و لاوازی دەناسێنێ: «دێموکراسی واتا کەمتەرخەمی، لێرەدایە هەموو وەک یەکیان لێدێ، ژنان جێی پیاوان دەگرنەوە و پیاوانیش دەبن بە ژنان». (ورانت،۳۷۹:۱۳۸۵)

پاش شۆڕشی فەرانسە گۆڕان لە پەسای رەخنەکان و خەبات بۆ دێموکراسی قۆناخێکی نوێ دەبڕێ. زۆربەی بیرمەندە سیاسییەکان، بنەماو پێودانگەکانی دێموکراسی بە ناشیرین ناتەواو دەزانن. ئەوە لە حالێکدایە کە پتری ئەو بیرمەندو فیلسوفە سیاسییانە سەرەڕای ئەوەی بە توندی رەخنە لە تایبەتمەندی و بنەما فەلسەفی_ سیاسی وکۆمەلایەتی_ ئابوورییەکانی دێموکراسی و ویست و داخوازییەکانی دەگرن، هەرکام هەولیش دەدەن خوێندنەوەی خۆیان لە دێموکراسی بێننە ئاراوە. خۆزە ئۆرتگای گاست، لە بەرهەمەکەی «راپەرینی دێموکان» (۱۹٦۱) دا ئاگادارمان دەکاتەوە کە دامەزرانی دێموکراسی دێمۆسی (تودەای) رووخانی کۆمەلگەی شارستانی و دیسیپلین و ئەخلاقی لێدەکەوێتەوەو، رێگە بۆ ئەو دەسەلاتخوازانە خۆشدەکا تا بە روو کردن لە نزمترین وارسکە و حەزەکانی دێموکان بە دەسەلات بکەن (هیوود،۳٤۳:۱۲۸۳)

ئیلیتەکانی وەک پارە تو (۱۸٤۸_۱۹۲۳)، گائتانۆمۆسکا (۱۸۷٦_۱۹۳٦) لە ریزی ئەم کەسانەن رەخنەیان لەسەر دێموکراسی هەبوو، ئەوان زیاتر پێیان وابوو حکوومەتی دێموکراسی هەر بووز ناخوا (ممکن نیست)، کەواتە لە خولیا و هەلفریواندن زیاتر نییە. ئەوان بەلگەیان ئەوە بوو کە دەسەلاتی سیاسی هەمیشە بەدەست کەمینەیەکی هەلکەوتەوە بووە. بۆ وێنە موسکا لە کتێبی «چینی فەرمانڕەوا» (۱۹۳۹) دا دەلێ لە هەموو کۆمەلگەکاندا بەردەوام « دوو چین و توێژ لە خەلک دەبینرێن، چینێکی {ئیلیت} کە دەسەلات بەدەستن و چینێکی {زۆرینەی رەشۆک} کە خوار دەستن». (هیوود،۳٤۲:۱۲۸۳)

تیئۆری فیلسوفەکانی یونانی کەون و کلاسیک لە پێوەندی دەگەل حکوومەتەکاندا زیاتر سەرنج دەداتە سەر ئەم چینەی دەسەلاتی بە دەستە و دەیسەپێنێ. ئەفلاتوون لایەنگری حکوومەت و فەرمانڕەوایی چینی فیلسوفەکان لە بەرانبەر»دێموس» داو بە لای ئەرەستووشەوە فەرمانڕەوایی چینی ماماناوەندی زیاتر لە چینی فیلسوف و یان توێژی دەستەنگ و هەژار «دێموس» گرینگە. لە لایەکی دیکەوە ئەفلاتوون و ئەرەستوو لەسەر بنەمای فەلسەفەی ئەبستمۆلۆژییانەی فەرمانڕەوایان و ئاراستەی کۆمەلەی هزری_ فەلسەفەی ئەوان لە چین یا ئەو کەسانەی دەبێ دەسەلات بگرنە دەست دەگەن. بە بێ شک بیرو بۆچوون و ئەندێشە سیاسییەکانی فیلسوفەکان لە سیستمێکی فەلسەفی بەرینترەوە ئاو دەخۆنەوە. تی بلوم لەمبارەوە دەنووسێ: «لەسەردەمی ئەرەستوو دا چەمکی دیموکراسی بە مانای حکوومەتی دێموسی هەژار و ئازادەوە لە دایک ببوو». (بلوم،۳۳٦:۱۳۷۲) . رێبازی مارکس و لایەنگرانی ئۆرتودۆکس، لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە ئەبستمۆلۆژییانەو خوێندنەوە چینایەتییە بوو کە بە جیدی هێرش دەکەنە سەر دێموکراسی و دەیدەنە بەر پەلاماری رەخنە.

بە پێی شرۆڤەی چینایەتی مارکس، دیکتاتۆری پرۆلتاریا جێی دیکتاتۆری سەرمایەداری دەگرێتەوە تا کۆمەلگە قۆناخی سەرمایەداری تێپەڕێنێ و بە قۆناخی سوسیالیستی بگا. کە مارکس بەم قۆناخە لە فەرمانڕەوایی پرۆلتری دەلێ دێموکراسی. لە سالی ۱۸٤۸ دا لە مانیفیست _ کۆمۆنیست دا ئەو تێگەیشتنە لە دێموکراسی دەخاتە بەر باس و دەلێ» «یەکەم هەنگاو لە شۆڕشی کرێکاری دا بەرز کردنەوەی پێگەی پرۆلتاریایە تا بە ئاستی چینی فەرمانڕەوا بگا بۆ ئەوەی لە خەباتی دێموکراسی دا سەرکەوین». کەواتە لە لای مارکس دێموکراسی حکوومەتی چینایەتییە، تەنیا بەم جیاوازییەوە کە ئەم حکوومەتە لە ئاکامدا، کۆمەلگەیەکی کۆمۆنیستی بێ چینی لێدەکەوێتەوە. (مک فرسون،۵۵،۵٦:۱۳۸۲).

بە بڕوای گیندز، مارکس لە دوو رەهەندی بنەڕەتییەوە رەخنەی لە دێموکراسی بۆرژوایی دەگرت ۱_ درۆیین بوونی دێموکراسی سەردەمی خۆی. ۲_ باشییەکانی دێموکراسی بۆرژوایی تەنانەت ئەگەر گشتگیریش بن، هێشتاش لە باشترین حالەت دا خاوەن تایبەتمەندیی پاژەکین. (گیندز،۱۰۵:۱۳۸۷) هەنووکە مارکسیستە ئۆرتۆدۆکسەکان

**رۆسۆ پێی وایە: «حکوومەتی دیموکراسی لە جیهان دا قەت بە واتای راستەقینەی خۆی بوونی نەبووە و نابێ، چونکی حوکمی زۆرینە لەسەر کەمینە دژی نەزمی سروشتییە**

رەخنە لە پارادۆکسی نێوخۆیی و جەوهەری نێوان سەرمایەداری و دێموکراسی دەگرن. ئەوان دەلێن لە نێوان یەکسانی سیاسی دا کە دێموکراسی بورژوایی بانگەشەی بۆ دەکا و نایەکسانی کۆمەلایەتیی کە ئابووری سەرمایەداری بە ناچار پێکی دێنێ پارادۆکسی جەوهەری بوونی هەیە. (هیوود،۳۳۷:۱۲۸۳)

لە نێوان رەخنەگران دا هێندێک فیلسوف و بیرمەند هەن کە رەخنەیان لەسەر هێندێک چەمک، بنەما و فێرکاری دێموکراسی هەیە، بەلام ئەوان ئیدی گشتییەتی دێموکراسی رەت ناکەنەوە، بەلکوو کۆمەلە توخم و بابەتێکیان لە دێموکراسی دا بەرجەستە و نۆژەنکاری کردۆتەوە. ئیمانۆئێل کانت دەگەل ئەوەی رەخنە لە حکوومەتە پادشایەتیی و خاندانییەکان دەگرێ، حکوومەتی دێموکراسیش دەداتە بەر رەخنە و بە بڕوای وی دێموکراسی پڕ گرێ و گۆل و دژوارترین جۆری حکوومەت دێتە ئەژمار. ناوبراو بە جەخت کردنەوە لەسەر ئازادی و سەربەستی تاک و (کەمینە) و پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان، رادەگەیەنێ کە دێموکراسییەک کە جیاکردنەوەی دەسەلات و ئازادی کەمینەی نەبێ، راست وەک دیکتاتۆرییەت وایە. (محمودی،۲۸٤:۱۳۸۳)

سەرەڕای ئەو هەموو رەخنەیەی لەسەر دێموکراسی هەن زۆربەی هەرەزۆری فیلسوف و بیرمەندانی چەپ و راست، دێموکراسی بە یۆتوپترین شێوازی حکوومەت دەزانن و نێوەرۆک و بنەماکانی دێموکراسییان لەگەل بیرو بۆچوونە بیاڤەکانی دیکە تێکەل کردووە لە دوورە دیمەنی جیاواز و بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی جیاواز هەولیان داوە بە ئاستێکی بەرزتری بگەیەنن.



# شەو نییە خەونت پێوە نەبینم



مۆسێن خالیدی

له ئاسمانەوە نەهاتووم و غەریبی سەر ئەم خاکە نیم. رێبوارێکی نامۆی ئەم هەردە نیم، قورساییم خستبێتە سەر شانی جیهان. خاکی هیچ نەتەوەیەکم داگیر نەکردووە تا تەنانەت منداڵانیش قیزم لێبکەنەوە، پەروەردەی هەزار ساڵەی ئەم شاخ و دەشت و بنارانەم، بۆیە ئاسکەکان سڵم لێناکەن و گیا لە ژێر پێمدا باڵا دەکا و گوڵاڵە بەدەم هەناسەمەوە دێتە سەما. من پەروەردەی ئەو کانیاوە زوڵاڵانەم کە سەرچاوەیان فرمێسکی ئەو دایک و منداڵانەن بە درێژایی مێژوو بێکەس و بێ پشت و پەنا کراون، من گۆشکراوی سەر هەرد و بن بەردی ئەم شاخە بەرزانەم کە هەزاران ساڵە سروودی ژیانەوە دەخەنە سەر باڵی شنە و بە گوێی کپی دنیای رادەگەیەنن، کەچی ئێستا گەر بمەوێ چەپکی چیلکەداری هێلانەی حاجیلەکانی هەولێر بەدیاری ببەم بۆ مراوییەکانی مەهاباد، دەبێ ئێزن وەرگرم.

ئێستا گەر بمەوێ باوەشێک ئاوی «وان» ببەم بۆ تاقەدارە تینووەکەی» ئاربەبا»ی بانە، دەبێ بێ پرس نەیکەم. ئێستا گەر بمەوێ نامەیەکی پیرۆزبایی لە پیرەمەگروونەوە بدەمە دەست (ئاویەر)ی سنە، دەبێ بیشارمەوە. ئێستا گەر بمەوێ چەپکێ گوڵ زامی (قامیشلی) بدەم لە بەرۆکی (پاوە)، دەبێ لە (هەڵەبجە)ش زامی شەهیدان کۆکەمەوە و بە پێ دزە بخزێمە لای. ئێستا گەر بمەوێ پەیامێک، نامەیەک و هەواڵێک بنێرم کە پڕاوپڕ سەوزایی و خۆشەویستی و ژیانی لێبتکێ، دەبێ دڵم بکەم بە کۆترێکی سپی نامەبەر و بیسپێرمە دەست خوا. رەنگە لەو رێیە سەختەدا قەڵەڕەشە هێرشی بۆ بکا یان لە ناکاو تیرێکی (مەغۆل)ی بیپێکێ، بەڵام دیسان هەر خۆشحاڵم، چۆن ئەو کاتەش هەر هەنیەی لە خاکی رەوای خۆم دادەنێ و هەر لەوێش دەفن دەکرێ.

هەموو شەوێ خەون دەبینم (شێخ سەعدی پیران)، شیعرەکانی (ئەحمەدی خانی) دەخاتە پریاسکەی هەورەوە و بۆ (شوان پەروەر)ی دەنێرێ، ئەویش لەسەر شاهۆ گۆرانییەکانی دەکاتە پۆلێ گوڵەگەنمی باڵدار و لە بێستوونی (کرماشان) دا دەیرِوێنێ، هەموو شەوێ خەون دەبینم (قازی محەمەد)، شیعرەکانی هێمن و هەژار دەخاتە پریاسکەی ئاڵا و دەیدا بە (بارزانی) تا زامی ئاسمانی (قامیشلی) پێ داپۆشێ، بەڵکو سارێژ ببێتەوە برینی. هەموو شەوێ خەون دەبینم (شێخ مەحمود) تەرمی شەهیدانی هەڵەبجە دەبا و لە ژێر تاڤگەی (شەڵماش)ی سەردەشت دەیانشوا. هەموو شەوێ خەون دەبینم (شێخ عەبدولسەلام)، شەهیدانی ئەنفال دەباتە سەر مەزاری (کۆسەی هەجیج) و رۆحیان دەکا بە هەزاران هەزار نەمام و کراسی سەوز دەکاتە بەر کوردستان. هەموو شەوێ خەون دەبینم لە پاپۆرێکی سپیدا لە پێشەوە (شێخ سەعید، شێخ مەحمود، قازی محەمەد و بارزانی) دانیشتوون و لە سەریانەوە، هەزاران هەڵۆ لە ئاسمانا ئاڵایەکیان پێیە، لە گۆلی (ورمێ)ەوە رێگەیان بریوە هەتا دەگەنە گۆلی (وان)، پاشان دێنە ناو (زێی گەورە) و دەست لە ملان بەرەو قەندیل هەڵدەکشێن. چاوێک لە هەر چوار لای کودستان دەکەن و بە بزەیەکی پڕ لە هیوا ئارام ئارام خەو دەیانباتەوە و هەڵۆکانیش ئاڵاکەیان پێدادەدەن.

ئێستا خوا خوامە شەو زوو بێت، بەڵکو دیسان خەون ببینم. چ بکەم شەو نییە خەونت پێوە نەبینم «سەربەخۆیی».

*ناوی بابەتەکەم لە دیوانە شیعرێکی مامۆستا و هاورێی هێژام کاک «عەبدوڵلا پەشێو» وەرگرتووە بو ناوی (شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم).

## * سکڵی ئەوین *

ئارەقی هەنیەت تەمەننای زامەکانی حەسرەتم
بەیرەقی هەودای ئەوینت رێنمای رێی غوربەتم
سکڵێ بابردووی مەراقی هەلهەلەی مەیخانەتم
من کوڕێ کوردی شەهیدی نیشتمانی رێگەتم

چاوەکەم خۆت و جووانیت ئاورێکم لێدەوە
بۆچی پێت وانیە کە لاسێ عاشقانە بێتەوە
گەر فیداکارت نەبم بۆچی بژیم تۆم بێژەوە
من کوڕێ کوردی شەهیدی نیشتمانی رێگەتم

یادی پیرۆزت هەوێنی هەر شەو و رۆژانمە
لەنگەری بوونم لە ئاڵقەی هەستی تۆی جێژوانمە
تۆ نەبی، ساتێ، مەرگ هەردەم بڤەی بارانمە
من کوڕێ کوردی شەهیدی نیشتمانی رێگەتم

کاتێ رادەبری بە بادا رایدەژێنی پەرچەمێ
لەحزەیەکی نازی چاوانتم دەیە ژینمت دەمێ
جارێ سەیری ژێری پێیانت بکە بۆ سەردەمێ
من کوڕێ کوردی شەهیدی نیشتمانی رێگەتم

« وریا »

# هەڵپەڕکێ نەریتێکی کوردەواری

عەبدوڵلا سادقی

### بەشی پێنجەم و کۆتایی

هەڵپەڕکێی مرۆڤ دەسکەوتی راگەیاندنی رۆژئاواو ماهوارەکان نییە و تەنانەت زۆر پێشتر کە لایەنی ئایینی هەبێت لە زات و دەرونی مرۆڤەوە سەری هەڵداوە.

پێوەندی جمگەکان، پێکهاتەی ریتمێکی ئێسکەکان و پێکهاتەی ماهیچەیی و سیستەمی رەوانی و دەرونی جەستەی مرۆڤ هەموو بە ئیحترامی «بوون» بە شێوەیەکی ئاهەنگی جووڵە و سوڕان نەزمیان گرتووە. هەڵپەڕکێ هونەری هاوبەشی مەنزوومەی شەمسی، زەوین، مرۆڤ، فلامینگۆ، باکتری و ئێلکترۆنە، هەڵپەڕکێ نیشاندان و خۆدەرخستنی شعووری ماددەیە. کاتێک لە مەودایەکی دورەوە چاو لە دیمەنێکی هەڵپەڕکێی کوردی دەکەین ئاڵقەیەکی نیودایرە (بازنەیی) بە پێکهاتەیەکی یەک لە نێوانی ژن و پیاو (رەشبەڵەک) دوو شێوە فۆرم و رەنگ دەبینین کە وەکوو یەک رەگی پێکەوە لکاو لە دوو جۆر نەمام لە کاتی جوڵەدان. ئەم دیمەنە وەکوو وێنایەکی شەپۆلانی وایە کە جیاوازی نواندنی ژن و پیاو و دیمەنی ریتمی ئەو هەڵپەڕکێیە دەنوێنێ. بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە چاوی لێ بکەین وزەی زیاتری جوڵەو هاوبەشی فۆرم و رەنگەکان دەبینین. کاتێک چاو لە جووڵەی شان و سەری هەڵپەڕکێکەران دەکەی جیاوازی باڵای ژنان و پیاوان زیگزاگێکی سەیر پێکدێنێ کە بە شوێن دەسماڵێکی بەدەم باوە (چۆپی) شەکاوە هەڵدەپەڕن فۆرمی شەپۆل و خشپەی پارچەی ناسکی کراسی ژنانە لەگەڵ جووڵەی نەرمی لەشیان لە هەوادا هەڵدەسورِێ لە دەوریان دەهاڵێ و لە نێوان جووڵەکانیان دا گوڵستانێک لە دەیان رەنگ و وێنەی پەپوولەیی بە دەوروبەر دا هەڵدەفرێنێ کە ملوانکەی چنراوی کچانی شۆخ و شەنگی کورد بە پێچەوانەی رەوتی هەڵپەڕکێ لە دەوری گەردن و روخساریان دەهاڵێ بە نەرمی و مێتۆدێکی پەرێشانەوە لەبەر چاویان تێدەپەڕێ. هەڵپەڕکێی کوردی نیشانەیە لە دەروونی خەڵکێک کە لە داوێنی دەشت و چیا بە ئازادی ڕاهاتوون کە رۆح و پێکهاتەی رەسەن و سروشتی پاکیان لە ناخ دایە.

هەڵپەڕکێی کوردی نیشاندانی ئاواتەکان، دەردەکان، و بەگشتی شانۆ و ئاماژەیەکی روونی چارەنووسی میللەتێکە کە لە چوارچێوەی هەرێمی دیاری کراوی خۆی دا بەردەوام دەست لە نێو دەستی دار و درەختەکان و کێودا ژیاوە و هێرشی داگیرکردنی ناوچەی پیرۆزی خۆیان قەبوڵ نەکردوە و لە بیری دەست پێراگەیشتن بە سەرزەوینێک بە بێ ئەو تایبەتمەندیانە بوون. هەڵپەڕکێی کوردی پەرستنی ئاشقانەی پەردە رەنگینەکانی ئاسمان، دۆڵ و شیوە پێچاوپێچەکانی پڕ لە دار و ئاوو گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و دیمەن و سرووشتی بەربڵاوو خاکی رەنگین و کێوگەلی سەرکەشە کە وەک زنجیرە پاڵیان بە یەکەوە داوە.

هەڵپەڕکێی کوردی شانۆیی نەخش و رەنگ و جەستە و لەشگەلێکە کە لە سینەیان دا داستانی گوڵ و باڵندە و کارمامز و سەوزە و بەفر و ئاوریان هەیە. هەڵپەڕکێی کوردی نەخشی گیانی خەڵکێکە کە مێژووی خۆیان لە ئاواز و گۆرانییەکانیان دا دەڵێنەوە ولەکاتی فەرش چنینەکانیاندا وێنای دەکەن. هەڵپەڕکێی کوردی نیشتمانێکی ئازادکراوە کە تێیدا ژن و پیاو بە بێ ئەوەی کە خزم و کەس و کاری یەکتر بن، دەست لەنێو دەستی یەک و گوڵبەرگی پاکی خۆیان لە نێو قامکەکان دا پێکەوە دەگووشن و تاکوو ئاخر دەیپارێزن.



هەڵپەڕکێی کوردی، ئایین و رەمزی مانەوە و قەبوڵ نەکردنی هێرشی داگیرکەران و نیشانەی مێژوو و فەرهەنگ و شوناسی نەتەوایەتی گەلی کوردە، کەرنەڤاڵێک کە تێیدا پیر و گەنج و هەرکەس بەهەر پێگە و مەقامێکەوە، ماڵک و رەعیەت، دەوڵەمەند و فەقیر، دەروێش و زاهید و بەگشتی هەرکەس بتوانێ بەسەر پێی خۆیەوە راوەستێ بەشداری دەکا. ئائینێک کە لەهەر کات و هەلومەرجێکدا بۆ هەر بوار و تەوەری سەرەکی ئازادی و جوامێری بە شێوەیەک بەرپا دەبێ. سۆز و سەمای دەروێشان، هەڵپەڕکێی مەلا ئائینیەکان (هەڵپەڕکێ سوارۆ) هەڵپەڕکێی تایبەت بە تازیەباری (چەمەرچۆپی) هەڵپەڕکێی شەلان و ئاوات و چەندەها هەڵپەڕکێی دیکە.

هەڵپەڕکێی سوارە (سوارۆ) بەرای زۆربەی کوردناسان سەبارەت بە رۆڵی ئەسب لە ژیانی کورد دا بە روونی رۆڵی ئەم ئاژەڵە لە رەوتی خەبات و هەروەها دەست بە یەخەبوونی کورد لەگەڵ سروشت دا نیشان دەدا. کەچی ئاماژە بەوە نەکراوە کە لە نێو کوردان لە بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە ئەسپ لە زۆربەی داب و نەریتەکان دا کەڵکی کارای لێ وەرگیراوە.

نەزمی سوارۆ بەهۆی ئەوەی وەرزشێکی باکەیە بە ناوی رەسمێکی فەرهەنگی، نمونەیەک لە بایەخی ئەسب نیشان دەدات.

ئەم هەڵپەڕکێیە لە گۆرەپانێکی پڕ لە بینەر دا بەرێوەدەچێ وبە لێدانی دەهۆڵ و زۆرنا دەست پێ دەکا. هەرکام لە لاوانی لادێ بە نۆبەی خۆیان سواری ئەو ئەسپە دەبن کە پێشتر رایان هێناوە و لەژێر چاوەدێری و داوەری رێش سپیان و بە پێی ئەو ئاهەنگانەی کە لێدەدرێ ئەسپەکان بە شێوەیەکی تایبەت تاو دەدەن کە لە ئەسڵ و بنەمای ریتمی هەڵپەڕکێی کوردی دەچێ. بینەران لەم حاڵەدا سوار تەشویق دەکەن و هانی دەدەن بەم شێوە هەڵپەڕکێیە (ئەم جۆرە هەڵپەڕکێیەش لە ئۆلەمپیکی جیهانی دا بە رێوە دەچێ)

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 545 21oct 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# سەید عەلی ساڵحی لە وەرگرتنی خەڵاتی شیعری نیما خۆی بوارد



سەید عەلی ساڵحی، شاعیر و وەرگێڕی بە توانای ئێرانی بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە بارودۆخی ئێستای ئێران،لە وەرگرتنی خەڵاتی داوەرانی شێعری نیما خۆی بوارد و رایگەیاند لە هەلومەرج و بارودۆخێک دا کە « خەڵکی بەئابڕووی وڵات برسین» ، ئەمن هیچ خەڵاتێک وەر ناگرم.

ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتی شێعری نیما کە لە شاری تاران بەڕیوە چوو، سەید عەلی ساڵحی سەرەڕای ئەوەی بەشداریی لەو ڕێوڕەسمەدا نەکرد و وێڕای قەبووڵ نەکردنی خەڵاتەکەی بە میدیاکانی راگەیاند ئێستا کە خەڵکی بە ئابڕوو و بە شەرەفی ئێران برسی و هەژارن و سەربەرزانە و بە رووسووری تاڵترین رۆژەکان تێپەڕ دەکەن، لەو جۆرە خەڵات بەخشینانە گەڕێن و عیزەتی خەڵکی ئیرانە دەبێ گرینگی پی بدرێ.

ئەو شاعیرە پایەبەرزە گوتوویەتی کە دەترسم فشارە لە رادەبەدەرە ئابوورییەکان و هەژاری و بێ ئەنوایی مەزنترین میراتی گەلانی ئێران، واتە فەرهەنگ و کلتووری ئەو گەلانە لە نێو ببەن. لەوەها بارودۆخیک دا خەڵات بەخشین و خەڵات وەرگرتن نیشانەی پێمل بوون بەو بارودۆخەیە و ئەوەش مایەی شەرمە کە مرۆڤ بتوانێ لێی بێدەنگ بێ.

# فیزیکدانێکی کورد شانازییەکی گەورەی تۆمار کرد



کامبیز فەتحی، فیزیکدانی کوردو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەمدواییانە لە وڵاتی سوئید توانیویەتی کۆمەڵێ دۆزینەوەی نوێ سەبارەت بە زانستی فیزیک تۆمار بکا و بەو دۆزینەوەیەی سەرنجی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگای زانستی جیهانی و گۆڤارە زانستییەکانی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشاوە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رادیۆ فەردا، فەتحی توانیویەتی بە لێکۆڵینەوەو کارکردن لەسەر ٣٠ هەزار کاکێشان نیشان بدات کە ئەو کاکێشانانەی کە هاوشێوەی رێگای شیرین ئاسانتر لەوەیکە بیری لێدەکراوەتەوە درووست بوون، ئەم جۆرە کاکێشانە لەچوار ملیارد سالی رابردوودا، گەورەترین جۆری کۆمەڵە ئەستێرەی مارپێچی گەردوون بوون.

لێکۆڵینەوەکانی ئەم زانا کوردە سەبارەت بە سەفەری کاکێشانەکان بۆ ناو سیاچاڵەکان لە ساڵی ٢٠٠٦یش دا سەرنجی زۆری میدیاکانی بۆ لای خۆی راکێشابوو و لە «سی ئێن ئێن» ەوە تا «ئێل مۆندۆ» راپۆرتی کاروچالاکییەکانیان بلاوکردۆتەوە.

کامبیز فەتحی ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی لە شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بوە و تا پۆلی دوەمی ناوەندی لە ئێران خوێندوە. ناوبراو لەشاری ئۆپسالای سوید فەوقی لیسانسی لە ریازیدا وەرگرتوە و پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن لە بواری فیزیکدا رووی کردۆتە بەریتانیا و دەرچووی زانکۆی کەمبریجی ئەو وڵاتەیە. ساڵی ٢٠٠٤ لە رێکخراوی ناسادا بۆتە سەرپەرشتیاری گرووپێکی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە لە کاکێشانەکان.

# قەڵای زێویە خەریکە تێک دەڕمێ



قەڵای سێ هەزار ساڵەی زێویە بە هۆی خزینی هۆڵی ئەسڵی و قورس بوونی بیناکەو بردنی خاک و گڵی دەوروو بەری لە لایەن شوێنەوارناسانەوە، مەترسیی رووخانی لەسەرەو بە وتەی کارناسانی کەونارناسی لە بارودۆخێکی زۆر هەستیار دایە.

شوێنەوارناس کامیار عەبدی، کە گەڵاڵەی نۆژەنکردنەوەی ئەم قەڵایەی وەئەستۆ گرتوە لە وتوویژ لەگەڵ هەواڵدەریی میراتی کلتووری رایگەیاندوە کە ئەگەر بە خێرایی بەم قەڵایە رانەگەن ، مەترسیی تێکرمین و لە ناوچوونی زۆرە.

ناوبراو روونی کردۆتەوە کە بە سەرنجدان بە خزینی ٢٥ سانتی میتریی کۆڵەکەکان و خزینی چەند میتری هۆڵەکە ئەم قەڵایە خەریکە تێک دەڕمێ.

بە وتەی ناوبراو بە هۆی هەڵکەندن و بردنی خاکی نهۆمی خوارەوە بۆ سەرێ، ئەو نهۆمە قورساییەکی زۆری لە سەرە. لەلایەکی دیکەوە نۆژەنکردنەوەی نازانستی، قورس بوونی خشتەکانی سێ هەزار ساڵ لەوە پێش و کەڵک وەرگرتن لە قوڕ لە هۆکارەکانی یارمەتیدەرە بۆ رووخاندنی ئەم قەڵایەیە.

# لیۆجیائۆبۆ و یوسا براوەی خەڵاتی ئاشتی و ئەدەبیاتی نوبێڵ






چالاکی سیاسی چینی لیۆ جیا ئۆبۆ کە هەنووکە لە زیندان دایە لە لایەن کۆمیتەی نۆبێڵەوە وەک براوەی «خەڵاتی ئاشتی نۆبێڵ» ناسێندرا.

لیۆ جیا ئۆبۆ لە بەر نارەزایەتیی بەردەوام بە دژی سیاسەتەکانی دەوڵەتی چین، ساڵی ٢٠٠٩ لە لایەن حکوومەتەوە بە تۆمەتی لاوازکردنی دەوڵەت حوکمی یازدە ساڵی بە سەر داسەپاوە.

بەڵام لە بواری ئەدەبیات دا، ئاکادیمیای سوئیدی نوبێڵ رێزی لە «چۆنییەتی پێشاندانی سترۆکتۆری دەسەڵات» و دەرخستنی راشکاوانەی بەرخۆدانەکان، سەرکێشی و سەرکەوتنە تاکە کەسییەکان لە بەرهەمەکانی ماریۆ وارگاس یوسا، نووسەری ناسراوی پیرۆیی - ئیسپانیایی گرت و خەڵاتی نوبێڵی ئەدەبیاتی ٢٠١٠ی بە ئەم کەسایەتییە ئەدەبییە بەخشی.

وارگاس یوسای ٧٤ ساڵە یەکێک لە مەزنترین نووسەرە ئیسپانیایی زەندەکانە کە تا ئێستا زیاتر لە ٣٠ رۆمان، شانۆ نامەو بابەتی بە چاپ گەیشتوە.

وارگاس یوسا دەیەی ١٩٦٠ بە بڵاوکردنەوەی رۆمانی» سەردەمی پاڵەوان» ناوبانگی دەرکرد. ساڵی ١٩٩٠ خۆی بۆ سەرکۆماری پرۆپاڵاوت بەڵام لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی نەهێناوەو ساڵی ١٩٩٣ هاتەوە ئیسپانیا.

هەروەها ناوبراو مەزنترین خەڵاتی ئەدەبیاتی ئیسپانی زمانی لە ساڵی ١٩٩٥ دا پێ بەخشرا.




## چاپکراوی نوێ

# قاسملوو، سوارچاکی خەبات بۆ ئاشتی و دێموکراسی




قاسملوو، سوار چاکی خەبات بۆ ئاشتی و دێموکراسی ناونیشانی کتێبێکە کە ئەحمەد هەمزەپوور(مەکڵاوەیی) لە توێی ٢٠٠ لاپەڕەدا لەسەر ژیان و کەسایەتی دوکتور قاسملوو نووسیویەتی و کۆی کردۆتەوە.

نووسەری ئە کتێبە بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوە باسی لە چەند لایەنێکی ژیان و خەباتی سیاسیی دکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوە و بۆ دەرخستنی کەسایەتی سیاسیی دوکتور قاسملوو، ڕاوسەرنج و بۆچوون و بیرەوەریی کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسیی کوردستان و ئێرانی و جیهانی بە نموونە هێناوەتەوە.

ئەحمەد مەکڵاوەیی، نووسەر و کۆکەرەوەی ئەو کتێبە خەڵکی گوندی ناوچەی رەبەتی سەردەشتە و زیاتر لە ٢٨ ساڵە لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا خەبات دەکا.

بەر لە ماڵاوایی

# دڵم بۆخۆمان دەسووتێ

ب.هیوا

ئەمە دووەم جارە ریم دەکەوێتە چەند وڵاتێکی ئورووپا . وەک جاری پێشوو زۆرشتی ئەم وڵاتانە سەرنجم بۆلای خۆیان رادەکێشن. ئەم جارەیان پتریان لێ ورد دەبمەوە وزۆرتر لە جاری پێشوو تێیان رادەمێنم.

ئەگەرچی هەر وڵاتێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام شتی هاوبەشیش لە نیوان وڵاتەکان دا زۆرن . بە تایبەتی لە بواری پێوەندیی مرۆڤەکان لە گەڵ یەکتر، دەرووەستیی دەسەڵات بەرانبەر بە خەلک ، یاسا و رێوشوێنەکانی جێگیر لە کۆمەڵدا وهتد.

دڵم بۆ پیر وپەککەوتەو بەساڵداچووانی لای خۆمان دەسووتێ کە دەبینم لێرە ، لە زۆروڵاتان هەرچی بۆ ئاسوودەیی ئەو توێژە پێویستە دابینیان کردوە و وەک داپێرە و باپیرە بە ساڵداچووەکانی لای ئیمە ، ناچار نین لە دوا ساڵانی تەمەن دا، بە دەستی لەرزۆک و لەشی شەکەت و چاوی کزەوە ، لەهەوڵی پەیدا کردنی پاروەە نانێک دابن . دڵم بە کەم ئەندامانی وڵاتی خۆمان دەسووتێ کە لە سەرەتاییترین دەزگا وئامرازی تایبەت بە خویان بێبەشن و نەک هەر هیچ کار هاسانییەکیان بۆ ناکرێ بەڵکوو بەو کەم ئەندامی و دەردە دارییەوە ناچارن وەک ساغەکان بەشداری هەمو کارو کوێرەوەرییەک بن بۆ ئەوەی بژیوی خۆیان و بنەماڵەکەیان پەیدا بکەن . بەڵام لێرە ، لە هەموو جێگایەک وە پێش خەلکی دیکەیان دەخەن، ،ماشین و ئامرازی تایبەتیان بۆ رایی کردنی کاروباری خۆیان پێ دەدەن و لە هەموو بارێکەوە رێزیان لێ دەگرن.

دڵم بە منداڵانی لای خۆمان دەسووتێ کە لە ماڵەوە ولە قوتابخانە ولە نێو کۆمەڵ دا دەچەوسێنەوە ، توندوتیژییان لە گەڵ دەکرێ و سەرەڕای بیبەشی لە زۆر خۆشی و ئاسوودەیی ، سووکایەتییان پێ دەکرێ و هەوڵ نادرێ بۆ ئەوەی چێژ لە ژیان و منداڵیتیی خۆیان وەربگرن . بەڵام لێرە منداڵ ، رێز لە مافەکانی دەگیرێ ، هەموو پێداویستییەکانی چێژ وەرگرتن لە ژیان و خۆ پێگەیاندنی بۆ دابین کراوە وە تەنانەت دایک وبابیش بۆیان نییە مافەکانی پێشێل بکەن.

کە دەبینم لێرە ، ئەم هەمووە یاساو رێو شوینە بۆ پاراستنی ژینگە و پاک و خاوین راگرتنی سروشت هەیە، گیانلەبەرانیش رێزیان لێ دەگیرێ و پەنا و پشتیوانیان هەیە ، دڵم بە سروشتی لای خۆمان دەسوتێ کە نەک هەر داگیرکەرانی کوردستان بەڵکو خەلکەکەی خۆشمان رەحمی پێ ناکەن و لە تێکدان وزیان پێ گەیاندنی دەست ناپارێزن.

لێرە سەر بە هەر ئیدارەو فرۆشگە و شوێنێکی گشتی دا دەکەی ، لە نێو قەتار ، لە نێو کەشتی ، لە نێو تەیارە ، ئوتوبوس ، لە لێواری دەریا و لە ناو شەقام و بازار ، هەست ناکەی ژنان لە پیاوان کەمترن ، تەنانەت لە پێشەوەی پیاوانن . وەک پیاوان و لەوانیش زیاتر بەشداری بە ڕێوە بردن و راپەراندنی کاروباری وڵاتی خۆیانن. بەڵام کە بارودوخی ژنانی کوردستانم دێتەوە بەرچاو و بیر لەو هەموو ستەم و سووکایەتی وبێبەشییە دەکەمەوە کە ئەوان لە گەڵی بەرەوڕوون ، لە ناخەوە بۆیان دەگریم.

دەرەوستی و ولامدەر بوونی دەسەڵات ودام و دەزگا دەوڵەتی و حکوومەتییەکان ، دامەزراو و کۆمپانیا جۆراوجۆرەکان لە ئاست خەلک و بەردەنگەکانیان وئینسانی و دیموکراتیک بوونی زۆر لە یاساکانیان شانبەشانی خێرایی و رێکوپێکی ومودێرن بوونی سیستەم و بە رێوە بەرێتییان ، بوارێکی دیکە یە بۆبەراوەرد کردنی وڵاتی خۆمان وئێرە . لە لای ئیمە دەسەڵات ، چاک بێ یا خراپ ، وەلامدەر و بەدەروەست بێ ، یا بێ خەیال و نالایەق ، بە دەنگی خەلک هەڵ بژێردرابێ ، یا بە زۆر خۆی سەپاندبێ ، هەمیشە هەر خۆی بە هەقدار دەزانێ و خەلک بە قەرزدار . دڵم بە خەلکی خۆمان دەسووتێ کە لە جیاتی ئەوەی دەسەڵات و حکوومەت و دەوڵەت خزمەتکاریان بێ ولە ئەمرونەهیی ئەوان دابێ، شتەکە پیچەوانە بۆتەوە و هەر کاتێکیش دژی ئەم وەزعە دەنگ هەڵبڕن ، لەگەڵ سەر کوت و زیندان و ئێعدام بەرەورووو دەبن.

ئیمە لە کوێ و ئەوان لە کوێ؟ بە راستی زۆر شتیان هەیە بۆ ئەوەی لێیان فێر بین . چار چییە ؟ وڵاتانی خۆمان بە جێ بێلین و لەم وڵاتانە بگیرسێینەوە بۆ ئەوەی لە دەست ستەم ونابەرامبەری و بێ مافی و نەهامەتییەکانی لای خۆمان ، خۆمان قوتار بکەین ؟ یان خەبات بکەین بۆ ئەوەی کوردستان و وڵاتی خۆمان بکەین بە وڵاتێک کە هەموو توێژ و هەموو کەس و هەموو شتێک لەوێدا جێگا و رێزی خۆیان هەیە؟!